تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

جەلال خەلەف ژالەیی

کەسێتی سەرکەوتوو

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

ئەمینداریتی گشتی ڕۆشنبیریو لاوان یارمەتی لە چاپدانی داوە

٢٠/١/١٩٨٨

الناجحة

کەسێتی سەرکەوتو

جەلال خەلەف ژالەیی

چاپخانەی الحوادث

بغداد - ١٩٨٧

به ناوی خوای گەورە

خوێنەری بەڕێز :

نووسین لـه خۆیدا کارێـکی سووك‌و ئاسان نیە ، بەتایبەتی نووسین لەبارەی بابەتێکەوە ، وەکو بابەتی (کەمیتی) نەخوازەلا بە زمـانی کوردی ، چونـکە ناکۆیەکی زۆر هـەیە لە نێوان دەروونزانەکـاندا ، بەتایبەتی لە نێوان : فرویدی‌یەکان‌و ئەدلەری‌یەکان‌و یۆنگی‌یەکـاندا ، لەبارەی چـۆنێتی دروست‌بوون‌و دۆزینەوەی جۆرەکـانی کەمیتیدا تا ئێستەش پشکیرەکانی ئەو زانایانە بەردەوام مشت‌و مڕیانەو ڕێناکەوون .

ئەمجا کە مرۆڤ کـەوتە هەڵوێستێکی ئاوهـای ترسناکەوەو لەرزی لێ نیشت‌و نەی وێرا بەرەو پێشەوە بڕوات‌و هەنـگاو هەڵهێنێت ، بێ‌گومان دەبێت پاڵنەرێك هەبێت وبالی پێـــوەنێت‌و زاتی بشـکێنێت ، بو ئەوەی ترسەکەی بەسـەر بچێت‌و لەو کارەی کە لێی تۆقیوە بچێتـە پێشـــەوەو پێی ڕێ داگرێت .

ئایە بڵێیت ئـەو هۆیانە چین کـە زاتی منیان شـکاند ، بۆ ئەوەی ئەم سەرەو ژوورەیە بیرم ، پاڵیان پێوە نام ؟

بە ڕاستی تەنها هۆیەك نەبوو ، کە ئەم کارەم بێ ئەنجـام بدات ، بەڵـکو چـەند هۆیەك بوو هەراسانیان کردم‌و ئەم بابەتەیان پێ نوسیم ، گرنگترینیان ئەمانەن :

یەکەم :

لە ژیانی ڕۆژانەدا ، کاتێك گوێم هەڵدەخست بەربای گوێم دەکەوت کە زۆر کەس باسی کەسێتی ئەمو ئەو دەکەن لێیان دەکۆڵنەوە بۆم دەرکەوت بابەتی (کەسێتی) لەم چەرخەدا بابەتی سەر زوبانە ، وەکو کۆمپیوتەرو کەشتی ئاسمانەوانیو جەنگی ئەستێرەگەریو نەشتەرگەری دڵو تیشکی لیزەر نەخوشی ئەیدز ، ناوی لە نێو نێوانە کەمکۆڕو کەم کۆمەڵ وێڕ هەن کاتێك کە دەگێرێن ، باسی ووشەی (کەسێتی)یان تێدا نەکرێت ، ئیتر بە زمانێکی ڕاست بێت یان بە زمانێکی هەڵە بێت ، لەم چەرخەدا کە ئێمە تێدا دەژین کە لە هەموو ڕوویەکەوە ، ڕۆشنبیری جۆربەجۆرو بابەتی هەموو زانیاری وزانستی یەك بە تازەترین ڕێگەی چاپەمەنی بێت ، یان بە ڕێگەی رادویۆو تەلەفزیۆن یان بە هەر ڕێگەیەك هەبێت پێمان دەکات ؟ کەم کەس هەن کە حەز نەکەنو هەول نەدەن کەسێتییان بگۆڕن ، خەباتو کۆششی ژیانیان بە شێوەیەکی گونجاوترو لەبارتر داڕێژن .

بێجگە لەمانەش کەسێتی خۆی لە خۆیدا بابەتێکی زۆر گرنگە ، چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە مرۆڤەکەوە هەیە ، چ لەبارەی کۆمەڵایەتییەوە ، چ لەبارەی پیشەکەیداو چ لەبارەی توخمییەوە ، هەر کەسێتی مرۆڤە لە پیشەکەیدا سەری دەخات ، یان دوای دەخات ، هەر کەسێتییە مرۆڤ لە چاوی کەسانی دیکەدا گەورە دەکاتەوە یان بچوکدەکاتەوە ، هەر کەسێتییە ژیانێکی هاوسەری بەختیارو گوزەرانێکی ئاسایيو پەوان بۆ مرۆڤ مسۆگەر دەکات بە هۆی کەسێتییە بە هێزەکەیەوە بوو (چەرچل – ١٨٧٤ – ١٩٦٥) لە گەشتە نهێنییەکەیدا بۆ مۆسکۆ توانی (ستالین ١٨٧٩ – ١٩٥٣) قایل بکاتو هاوکاری یەکبکەن لەگەل میرییە هاوپەیمانەکانی دیکەدا ، دژی ئەڵمان ڕاوەستن،

کە لە کۆمەی لێکەن بە سەریدا زاڵ بن بە هۆی کەسێتی یە بەهێزەکەیەوە بوو قەشە ڕاسپوتین توانی لە ڕێگەی قەیسەرو ژنەکەیەوە دەست بە سەر وولاتی ڕوسیادا بگرێت‌و بە هەوەسی خۆی جڵەوی ڕاکێشێت،واتای وایە کەسێتی ئاوێنەیەکە ، دەروون‌و توانستو لێوەشانەوەو لێهاتن‌و تەوانای مرۆف دەنوێنێت .

بەم گوێرەیە بێت مرۆڤ کەسێتی یەو کەسێتیش ئامانج‌و هیوایە ، ئامانج‌و هیواش ژیانەو مردن نی یە .

دووەم :

بە کوردی نەبوایە ئەم بابەتەم نەدەنووسی :

چونکە زمانی کوردی زۆر پێویستی بە نووسینی ئەم جۆرە پەرتووکانە یان بابەتانە هەیە لاوانی کوردیش زۆر پێویستیان بە خوێندنەوەو تێگەیشتنی ئەم جۆرە بابەتانە هەیە کەسێتی کوردی ئەم چەرخە زۆر پێویستی بە بشوو ئازایەتی‌و سەقامگرتن لە خۆبوردن بە خۆدا ڕاپەرمون هەیە .

بە داخەوە دەڵێم : زۆر شوودەیی یە بۆ ئەو کورد زوبانانەی کە بە کوردی ناخوێننەوە کە کاتێک لە یەکێکیان دەپرسیت ، ئەوە بۆ ئەو دێرە کوردی یە ناخوێنیتەوە ؟

خۆی ئاسك دەکاتەوەو دەڵێت : ئەمن (دراسە)م بە کوردی نەبووە ئەی باشە ئێمە (دراسە)مان بە کوردی بووە ؟!

خوێنەری بەڕێز :

ئەم پەڕتووکە بێجگە لەوەی کە جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی دەروونی‌و کومەلایەتی یە شێوەو شێوازێکی ئاسانی گرتووە لە پێشکەش کردنی

بابەتەکاندا ، ئەمیش بۆ ئەوەی زۆربەی زۆری خوێنەوارە ڕادە ماناوەندی‌یەکانیش کەڵکی لێ وەرگرن‌و بە ڕەوانی‌و ئاسانی‌تیی بگەن، لە پاڵ ئەوەشدا زۆر جار لای داوەتە لاوەو بە شێوەیەکی ڕاستەو خۆ هانی گەنج‌و لاوەکانی داوە ، بۆ خۆ جوان کردن ، بە ڕسکاندنی باشترین نیشانەو سیفاتەکانی کەسێتی‌و کومەڵایەتی باش‌و بەسوود لە خۆیاندا هەرچەند جارجاریش توانجی هاویشتوەو وەکو ڕەخنە گرتێکی کۆمەڵایەتی مەبەستی ئەو کەسانەیە کە بونەتە دڕك‌و جقڵ ، لە ڕێگەی پێشکەوتنی نەتەوەی کوردماندا ، ئەمەش لە ڕێگەی دەستنیشان کردن‌و باس کردنی سیفاتە ناشیرینە نامۆکانی کەسێتی مرۆڤی کورددا ، ئەمیش هەر لە بەر ئەوەیە کە هانی گەنجەکان بدەین بۆ خۆ جوان کردن‌و خۆ ڕازاندنەوە ، بە جوانترین سیفاتی کۆمەڵایەتی بەسوود و توڕدان‌و پێزاندن قێزاندن‌و تفانەوەی سیفاتە ناهەموارەکانی کەسێتی •

لەبەر ئەم هەموو گرنگی‌یەی کە کەسێتی هەیەتی • بێجگەلە ئامانجی نەتەوەیی مەبەستیشم ڕابەری کردن‌و ئاڕاستە کردنی منداڵانی کوردە تکام وایە ئەمیش کەلێنێکی زۆر بچووك پڕ بکاتەوە لە کتێبخانەی کوردیدا •

لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نیە ئەم (هەوڵە)م لە هەموو کەم‌و کوڕیەك بە دوور بێت چونکە تەواوی هەر بۆ یەزدانە (الكمال لله فقط) بەڵام خوا ئاگادارە کە هیچ کەمتەر خەمی‌یەکم نەکردووەو بێجگە لە خزمەتگوزاری نەتەوەکەمان‌و بەرز کردنەوەی مرۆڤ ، هیچ مەبەستێکی ترم نەبووە •

جەلال خەلەف زالەیی
١٥ـ٩ـ١٩٨٥

کەسێتی

ووشەی کەسێتی لـە زمـانی کوردیدا ، لە ووشـەی کەسەوە(1) وەرگیراوە ، کـە بە مانا (خزمە) یان (خاوەنە) ، یان (بەختیوکەر) هـەرچی جۆنێك هەبێت ، ئەم ووشەیە لە کوردیدا بەرامبەر ووشـــەی (الشخصیة)(2) بەکـار هێنراوەو ووشـەی (کەس) بە پیـاو ماقوڵو ڕەووشت ڕێكو فریاد ڕەسو بەناوبانگ ، بەکـــار هێنراوە ، هەر وەکو جۆن ووشـەی ناکەس بە واتای (عدیم الشخصیة)و هـەتیو مجـــەو چاوچنۆكو بۆدەڵە ، بەکـار هێنراوە ، وەکو شـــاعیری بەناوبانـگ (مەحوی) دەڵێت(3)

چیبکەم نە ئەو کەسەم ، کەسم بێ لە لا بە کەس
خۆشم نەگەیمە ئەو کەسە ئەو من بکا بە کەس

وە دەڵێت :

موحتاجی مەرحەمەتی‌یە ، چ ناکەس ، چ کەس ، بە گەل
ئەو تاقە یێکەسێکە کە گرتی خۆدا بە کەس

هەرچەند واتای هەردوو ووشەکە لە فەرهەنگی گەلی کوردیدا لە

---

(1) فەرهەنگی ئەستێرە گەشە ، لە باسی ووشەی (کەس) دا ۰
(2) کۆڤاری پەروەردەو زانست ژمارە (۷ ، ۸) سالی چوارەم ۱۹۸٤۰
(3) دیوانی (مەحوی) بیتی (س) چاپی دووەم ۱۹۸٤ ۰

فەرهەنگی زمانی عەرەبیدا ، یەك واتە ناگرێتەوە ، بەڵام هەندێك لە نوسەرەكان بە واتا خزمایەتیو كەڵك بەخشو بەرهەم دەرو بە هاوارەوە چوونو بە پیرەوە چوونیی كەوتووانو لێقەوماوانەوە ، بەكاریان هێناوە ، وەكو لە كوردیدا دەووترێت : بە خوا برا (چەتۆ كەسە نە گاڵتە) واتا : هەرگیز دوا ناكەوێت لە بەهاوارەوە چوونی خزمە لێقەوماوەكانیو ، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا (الشخصية) بە واتا دەرپەڕینی لەشو دەركەوتنو دیاربوونێتی •

هەردوو ووشەكە لەباتی ووشەی(٤) Personality بە كاردەهێنرێت ، كە ئەمیش لە ووشەیەكی لاتینییەوە وەرگیراوە كە پێی دەووترێت (برسونا ـ Persina) كە واتاكەی لە كوردیدا (ڕووپۆش كردنە ـ القناع) ، ئەمیش لە هەردوو ووشە (بیر ـ سوناری Per-sanare-) یەوە وەرگیراوە ، واتە لە ڕێگەی دەنگەوە ، ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەگریكی كۆن ، كاتێك كە ئەكتەرەكان لە سەر شانۆ دەیان نواند ، بۆ ئەوەی سامو نیشانە زەقەكانی ئەو پاڵەوانانە بەرچاو خەن ، كە ئەمان دەیان نواندنو لە سەر شانۆ لاساییان دەكردنەوە ، ڕووی خۆیان دەپۆشی هەندێ لە زانایان دەڵێن: كاتێك ، ئەو ئەكتەرانە (ڕووپۆش)یان دەكرد ، ئەگەر دەمو چاویان كونج كونجو شێواو بوایە •

ئەمیش بۆ ئەوەی كە ناشیرینو ناڕێكی دەمو چاویان لە بینەران بشاردایەتەوە بە كورتی دەڵێن ئەم ووشەیە وای لێهاتووە ، ئێستاكی

---

(٤) موسوعة علم النفس ـ اعداد أسعد رزوقي ـ مراجعة د٠ عبدالله عبدالدائم ط (١) ١٩٧٧ الناشر المؤسسة العربية للدراسة والنشر ـ بيروت ـ لبنان •

هەر وەکو دەروونزانی بەناوبانگ (کارڵ یونگ)(٥) دەڵێت : بە واتایەکی نوێ بەکـارد دەهێنرێت ، بە واتانەو ڕووپۆشە بەکاردەهێنرێت کە پێویستە هەموو کەس بیپۆشێت ، بۆ ئەوەی بتوانێت لە سەر شانۆی کومەڵ دەوری خۆی بە باشی بینێت •

بە هۆی ئەم ڕووپۆش کردنەوە ، دەتوانێت ، کـەمو کوڕی‌و بەسەرهاتە تایبەتی‌یەکانی خۆی لە پێش چاوی کەسانی دیکە ، بشارێتەوەو خۆی ڕێك‌و پێك بخات •

---

(٥) کارڵ یونگ (١٨٧٥ ــ ١٩٦١) زانایەکی سویسری‌یەو کوڕی کابرایەکی قەشەیە ، دوای ئەوەی وانەکانی نوشداری خوێندوە بۆ تە یارمەتی دەری برۆیەرو جانێ ، دوایی یە جۆرێکی وا خۆی بە فرویدا هەلواسیوە ، بەتەمابووە لە سەر تەختی پادشایەتی دەروون شیتەڵی دای بنێت دوای مردنی خۆی ، هەروەکی چۆن (یوشەع) دوای مردنی (موسا) پێغەمبەر لە جێگەکەی دانیشت ، بەلام ئـەو پەیوەندی‌یە خۆشەی کە هەیان‌بوو بە هۆی دەربڕینی ڕاتازەکانی فرویدەوە تێك‌چوو ، تاوای لێ هات (یونگ) پەیڕەوێکی تایبەتی بۆ خۆی دانا ، کە لە پەیڕەوەکەی فرۆیدو ئەدلەرەوە دوور بوو • گرنگترین نوسینەکانی ئەمانەن

١ ــ چەند بەشداری‌یەك لە دەروون زانی شیتەلیدا ١٩٢٨ بلاوی کردەوە

٢ ــ چەند شێوەیەکی دەروونزانی ١٩٣٣ بلاوی کردەوە

٣ ــ کەسێتی تەواو ١٩٣٩ بلاوی کردەوە •

٤ ــ خۆیەتی دەرنەخراو ١٩٥٩ بلاوی کردەوە •

پێناسەی کەسێتی

هەندێك لـە زاناكان وتوویانە : كەسێتی بریتی‌یە لە توانای مرۆڤ لە سەر كردەوەی كۆمەڵایەتی •

لە ڕاستیدا زۆر لـە زانایان هەوڵیان داوە كـە سنوورێكی تەواو بۆ نیشانەكانی واتای زاراوی (كەسێتی) دابنێن ، دوای چـەند هـەوڵو تەقەلایەكی زۆر چەند پێناسەیەكیان(٦) داناوە بۆ كـەسێتی ، ئـەو پێناسانەش كراوون بە چەند بەشێكەوە :

بەشێكیان گرنگی داوە بە نیشانەكانی دیوی دەرەوەی لەشـی مرۆڤ ، چاویان لە نیشانە شاراوە نادیارەكانی دیوی ناوەوەی لـەشی قوچاندووە ، ئەو پێناسانەش وەكوو ئەم پێناسانە :ـ

١ ـ دەروون زانێكی ئەمریكی دەڵێت : كەسێتی بریتی یە لە كۆی ئەو گوورجو گوڵانەی كە تێبینی‌یان دەكەن ، لە ڕەووشتە ئاشـكەراكانی مرۆڤدا بۆ ماوەیەكی دووروو درێژ •

٢ ـ زانایەك كـە ناوی شارمانە دەڵێت كەسێتی بریتی‌یە لە ڕەووشتە هەڵبژێراوەكانی مرۆڤێك •

---

(٦) الشخصية ـ تالیف د. نوری الحافظ ص١٦

٣ ـ زانایەکی دیـکە دەڵێت : کەسێتی بریتی‌یە لە توین تێـکردن‌و کارتێکردن لە کەسانی دیکە .

بەشی دووەمیان گرنـگی داوە بە نیشانەکانی دیوی ناوەوەی لەشی مرۆڤ ، مەبەستمان نیشانە نادیارەکانن لەبەر ئەوە ووتوویەتی : کەسێتی شێوەی سروشتی دیوی ناوەوەی لەشی مرۆڤە ، واتە : ئـەو مرۆڤـە کەسێتی دارە کــە گیانی پاکەو تێـکی سوکەو شێوەیەکی سـروشتی هـــەیە .

بەشی سێیەمیان گرنـگی داوە بە نرخی ئەو کەســە لە کۆمەڵدا ، لەبەر ئەوە پێناسـەی کەسێتی دەکاتو دەڵێت : مرۆڤی کەسێتی دار ئـەو کەسـەیە کـە نرخی کۆمەڵ دەزانێت ، مافەکانی ئەندامەکانی دەپارێزێت ، پێویستی‌یەکانی سەرشانی دەپارێزێتو جێبەجێیان دەکات ، بەشێوەیەکی ڕاستی خۆی لە کۆمەڵدا دەگونجێنێت .

بەشی چوارەم : گرنـگی دەدات بە هەموو نیشانەکانی کــەسێتی نیشانە ئاشکەراکانو نیشانە شاراوەکانیش .

باشترین پێناسە

لە کاتێـکدا کـە چـاو دەخشێنین بـەم پێناسانەدا ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کـە هیچیان مـەرجی باشترین پێناسـەی کەسێتی‌یان تێـدا نی‌یە چونـکە باشترین پێناسـەی کەسێتی پێویستە ، ئەم ناوەڕۆکانەی تێـدا هـــەبێت :ـ

١ ـ یەکـگرتن : واتە : کەسێتی مرۆڤ هەر بریتی نی‌یە ، لـــە هەبوونی نیشانە باشەکانی کەسێتی لە مرۆڤێکدا ، بەڵکو پێویستە ئــەو

نیشانانە ، هەر وەکو هەن دەبێت یەکگرتن و ڕێکەوتن و گونجاندنیان لە نێواندا هەبێت •

٢ ـ دینامیکی : واتە : پێویستە ئەو نیشانانەی کە لە مرۆڤـدا هەن ، لە کاتی گەشەکردنیاندا ، تێکەڵاو بن و شەڵەقاوین و تێکهەڵچووین و پەونەقدار بن •

٣ ـ بەردەوامی پێویستـە ئەو نیشانانـە تا ڕادەیەکی زۆر بەردەوامی یان تێدا هەبێت ، تا ڕادەیەك ڕۆشنایی و برتەوی یان تێـدا هەبێت ، وەکو : شێوەی لەش و زیرەکی گشتی ، لێهاتن و هەڵکەوتن و لێوەشاندنەوە •

٤ ـ هیوا : لەبەرئەوەی بارەکانی لەشی مرۆڤ بە تەنها بۆ کەسێتی بەس نی یە ، هیوا و مەبەست و ئامانج و ژیری ئەو مرۆڤەش بۆ باشترین کەسێتی بوونیان مەرجە •

٥ ـ گونجاندن لەگەڵ ژینگەدا : نابێت لێرە دا پێنەیین لە ڕادەی تینی هێزە ماددی یەکان و کومەلایەتی یەکانی ژینگە هەر وەکو چۆن نابێت باز دەین بە سـەر دروست بوون و دارشتنی کەسێتی لە چوارچێوەیەکی تایبەتیدا ، چونـکە هەر وەکو مرۆڤ کار دەکاتە ژینگە ، ئاوەهاش ژینگە کاردەکاتە سەر مرۆڤ،لەبەر ئەوەیە کە کەسێتی هەر ژینگەیەك قاڵێکی تایبەتی و چێوەیەکی تایبەتی خۆی هەیە ، هەر لەبەر ئەوەیە ، ڕۆژێـکیان لـە گوندێك بووم ، کابرایەکی ئەفەندی بە فەرمانی کۆ کردنەوەی باج هاتبووە ئەو گوندە،دووای یەکتر ناسین چووین بۆ بن سێبەری ئەوداروو درەختانەی کە نیزیك بوون لە گوندەکەوە،ڕێکەوت وابوو ، بەلای کانی ژناندا تێپەڕین ، هـەر ئەوەندەم زانی هـەرچی کیژۆڵەی سەر کانێـکە

هەبوون دەستیان کردە پێکەنین بە ئەفەندی و ووتیان ئای ئای ئەو پیاوە سەری ڕووتەو بە سەری ڕووتی دەسوڕێتەوە •

کاکەی ئەفەندیش ووتی خۆ من وام زانی هیچم نەهێشتۆتەوە ڕۆنم داوە لە سەرو قژەکەمو جوان جوان شانەم کردووە !

٦ ـ جیاوازی کەسێتی هەر کەسەو ، تامێکی تایبەتی هەیە تینێکی تایبەتی خۆی هەیە ، بە جۆرێك نابینین دوو کەس لە یەك بچن ، ئەم جیاوازی‌یە کە بنچینەیەکی ڕاستی‌یە لە دروست‌بوونی واتای کەسێتیدا •

ئەمجا ، ئەو پێناسەیەی کە ئەو شەش مەرجەی تێدا هەبێت ئەم پێناسەیەیە کە باسی دەکەین :

کەسێتی بریتی‌یە : لەو نیشانە لەشی‌و ژیری‌و کۆمەلآیەتی‌و سۆزی‌یە ، هەڵبژاردە ، پوختە ، باشە ، زۆر خایەنە دینامیکی‌یانەی ، بۆ مرۆڤ دروست دەبێت‌و یارمەتی دەدات لە سەر باشترین‌و ڕێك‌و پێکترین و هەڵبژاردەترین گونجاندن ، لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژی ، ئیتر ئەو ژینگەیەش ماددی بێت ، یان کۆمەلآیەتی بێت •

هۆکانی دروست بوونی ئەم نیشانانەش ، ژینگەی مرۆڤ ، و ئەو تواناو لێهاتنەیە کە لە بۆ ماوەوە بۆمان ماوەتەوە ، یان لە هەردوکیانەوە بۆمان دروست دەبێت :

لەم پێناسەیەدا دوو خاڵی زۆر گرنگمان بۆ دەردەکەوێت

١ ـ کەسێتی یەکەیەکە کە بتەوێت لێی بکۆڵیتەوە ، دەبێت •

وەکو ڕێکخراوێکی یەکپارچەی گشتی (گشتالت) تەماشای

بکەیت ، چونکە پارچەکانی لەیەکتابنەوە .

٢ ـ ئەگەر هـات و شیتەلی پارچەکانت کرد ، پێویستە مەبەست دانەنین و ریز کردنی بێت ، بۆ لێکۆلینەوەی ، بەس .

٣ ـ پێویستە ئەوەت لەپێش چاو بێت ، کە گەردیلەکانی کـەسێتی بەشێوەیەکی بەردەوام بە ناویەکدا تێکسمراوون و تێکهەلچوون

★ ★ ★

نیشانەکانی کەسێتی

لــە ڕاستیدا ئەو زانایەنەی کــە بە شوێن واتایەکی پڕ بە بالآی کەسێتیدا گــەڕاوون تووشی گێرمەو کێشـەیەکی زۆر بوون ، لەگــەڵ ئەوەشدا ، ئەنجاش بە ئامانجی خۆیان نەگەیشتوون ، بە هەناسە ساردی گــەڕاونەتەوە .

چونکە بۆیان دەرکەوتووە کە هەر وەکو چۆن کەسێتی لە کەسێکەوە دەگۆڕێت بۆ کەسێکی دیکەو جیاوازی لە نێوانیاندا هــەیە ، ئاوەهــاش خەڵکی جیاوازن ، یان هەر کۆمەڵەو کەسانی هەر ناوچەیەك ، جیاوازن لـە هەڵبژاردنی نیشانەکانی کەسێتیدا ، ئەمجا لەبەر ئەوە هەندێك کەس :ـ مرۆڤی ساماندارو وپۆشتەو پەرداخیان بە لاوە بە کەسێتی‌یە ، هەر وەکو پیرەمێرد دەڵێت :

هیچ کەس ماڵی خۆی بە کەسی نەداوە
کەچی ئامۆشۆی دەوڵەمەند باوە

هەر وەکو چۆن هێندە خەسویەك ، زاوای دەوڵەمەندی بە لاوە بە کەسێتی‌یە بەڵام کابرایەکی دیکە دەڵێت

مرۆڤی کەسێتی‌دار ئەو کەسـەیە کە ڕووخۆش‌و دڵخۆش‌و دەم بەپێکەنین‌و خەندەیە .

هەروەها ئەگەر بێتوو لەو کەسانە بپرسین کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا تووشیان دەبین ، واتای مرۆڤی بە کەسێتی کامەیە ؟ هەیانە .

دەڵێن مرۆڤی بە کەسێتی ئەو کەسەیە کە ئازاو بەجەرگوو جوامێرە ، هەیشیانە .

دەڵێن وانی‌یە بەڵکو مرۆڤی بە کەسێتی ، ئەو کەسەیە کە مرووموچەو بێ‌دەنگ‌و کەم قسەیە ، هەر وەها ئەگەر بێتوو بپرسین هەر یەکەو جۆرە وەلامێکمان دەدەنەوە ئەمە چەند نموونەیەکی دیکەیە لەو وەلامانە :

مرۆڤی بە کەسێتی ئەو کەسەیە کە ڕاستگۆو ڕاستکردەوەیەو هەست بە لێ پرسینەوە دەکات‌و دڵسوزە بۆ فەرمانەکانی خۆی .

مرۆڤی بە کەسێتی ئەو کەسەیە کە باوەڕی بەخۆی هەیەو مرۆڤێکی لێ‌هاتووی بەهرەدارە .

— مرۆڤی بە کەسێتی ئەوەیە ڕووی خۆشەو ئێسکی سووکەو،خوێنی گەرمەو بالآی بەرزە .
— مرۆڤی بە کەسێتی ئەو کەسەیە کە ڕەنگەکانی ئەو جلانەی کە لە بەری دەکات لەگەڵ یەکدا گونجاون‌و ڕێکن
— مرۆڤی بە کەسێتی ئەو کەسەیە جرت‌و فرتی‌زۆرەو لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانیدا پەلەی زۆر دەکات‌و هەڵەی زۆرە .
— مرۆڤی بە کەسێتی ئەو کەسەیە کە لەبلەبان‌و دەم هەراش‌و زۆر بلێی‌و زوبان لووس‌و چەنەبازە .
— مرۆڤی بە کەسێتی ئەو کەسەیە کە گاڵتەچی‌یەو ، نوکتەبازەو ، هەڵەخەنەو بەم‌و بەو ڕادەبوێرێت .

— مرۆڤی بە کەسێتی ئەو کەسەیە کوانوەو ڕەسەنەو لە بنەماڵەیەکی گەورەو بەناوبانگە ، یان بە ئاین پەروەری ، یان بە ئازایی ، یان زانایی ، ناوی دەرکردووە.

— مرۆڤی بە کەسێتی ئەو کەسەیە کە زۆر زیرەکو بلیمەتو وریایە .

— بە داخەوە دەڵێم زۆر کەس هەن ئەو کەسانە بە کەسێتیدار دادەنێن کە خۆپەرستو ڕیان بەخشیو خراپن ، ئەو کەسانەی کە لە ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجەکانیان ، نرخو بەهای خۆیان لە ناو کۆمەڵدا کەم دەکەنەوە پلەی کۆمەڵایەتی خۆیان نزم دەکەنەوە هیچ نەریتو ڕەووشتی کۆمەڵایەتی پەسند ، بە چاوێکی گرنگ تەماشا ناکەن ، بە سەر شانی ئەمو ئەودا تێدەپەڕن وا دەزانن بەرز دەبنەوە .

— هەروەها هەندێك کەس هەن چەندێك ڕۆشنبیری‌و خوێندەواریان زیاد دەکات ئەوەندە زیاتر ئاسۆی زیرییان تەنگو تەسك دەبێتەوە دەیان بینن دوای ئەو خوێندەواری‌و ڕۆشنبیرییەی کە دەیچەژن، ئەمجا دەکەونە تیرەگەریتی‌و تایەفەگەریتی‌و هۆزبازی ، بە جۆرێکی وا کە باووباپیرە نەخوێندەوارەکانیان نەیانکردووە
بەڵی ئەمان ئەگەر مەبەستیان خزمەت بێت وبڵێن ناتوانین گەلەکەمان بە شێوەیەکی گشتی خزمەت بکەین ، ئەوە قەیناکە ، بەڵام ئەو مەبەستەیان نییە،بەڵکو ئەو هۆزە گەرییە لە دەروونیانەوە هەڵدەقوڵێت ، کە وا هەست دەکات باووباپیریان بۆیان نەلواوەو پێیان نەکراوەو یان (ئەقڵ) یان پێنەشکاوە ئەم تایەفەگەرییە بکەن ، ئەمەش لەباتی ئەوەی کە ئەو مرۆڤە خوێندەوارانە لە

ئاسۆیەکی زیری فراواندا بژین ، بە چاوێکی فراوانو نەتەوەیی خزمەتی گەلی کوردمان بکەن ، نەك هەمیشە ووزەی بەهێزی خۆیان لە نەخشەکێشانو ڕێگەدۆزینەوەدا،بەپێی باوەڕێکی تەسكو تەنگەبەر خەرج کەن ، لەباتی ئەوەی کە بیر لە ئاانجو پێشخستنی گەلی کوردمان بکەنەوە ، بە شێوەیەکی تایبەتی لە کوردستانی عێراقـدا •

- دووبارە بە داخەوە دەڵێم هەندێك کەس وا دەزانن کەسێتی باش لای ئەو کەسانەیە کـە لە خووڕەووشتیاندا ، ڕاڕانو ، لە بیروباوەڕیاندا حولحولینو لە هەمـوو هەڵسانو دانیشتنێکیاندا ناڕێکن ، ئەو کەسانە نازانن کە هەموو مرۆڤێك بە ڕەووشتی ڕێكو جوان ، بەبەزەیىو دڵسۆزیو بە وێـژدان ، سەردەکەوێت ، و هەموو نەتەوەیەك ئەگەر ئەندامەکانی خوڕەووشتی جوان نەکەن سەرناکەوونو نەتەوەکەیان سەرناخەنو لەنێو نەتەوەکاندا ڕووی سپی ناکـەن •

★ ★ ★

نزمترین‌و بەرزترین نیشانەکانی کەسێتی :

لەبەر ئەوەی تەنها نیشانەیەك لە نیشانەکانی کەسێتی ، کەسێتی مرۆڤ ، لە نێو کۆمەڵدا بەناوبانگ ناکات‌و دەری ناخات ، بەڵکو چەند نیشانەو سیفەتێکی تێکڕایی ئەو کەسێتی‌یە بەرز دەکەنەوەو دەنگی پێ پەیدا دەکەن ، هەرچەند تەنها نیشانەیەکیان هەڵدەکەوێت‌و لەوانی دیکە ئاشکراترو دیاری تر دەبێت ، ئەمجا لەبەر ئەوە لێرەدا دێن بەرزترین‌و نزم‌ترین پلەی ئەو نیشانانە ، لە گەشەو دروست‌بوونی کەسێتیدا دیاری دەکەین‌و ڕونیان دەکەینەوە :

١ ــ لەش‌ولار :

ئێمە کاتێك لە دوورەوە ، چاومان بە کەسێکی لەش‌گەورەی ، باڵابەرزی ، بە سەروسیما ، دەکەوێت ، یەکسەر سرنجمان بۆلای خۆی ڕادەکێشێت ، بەڵام ئەم سەرنج ڕاکێشانە ، هەندێك جار ئەوەندە بڕ دەکات تا دەگەینە خزمەتی‌و قسەی لەگەڵ دەکەین ، ئەو کاتەیان بە زمانی شیرینی‌و ووتەی خۆشی سام‌و ڕێزەکەی خۆیمان بەسەردا دەسەپێنێت ، یان ئەم کەسە یەزدان ، زوبانێکی شیرین‌و دەمێکی لەبارو ، و تووێژێکی ڕەوانی پێ نەداوە ئەو کاتە وەکو مەنجەڵێك ئاوی ساردمان بکرێت بەسەردا لە شوێنی خۆمان سارد دەبینەوەو ڕای یەکەممان دەگۆڕێت ، هەر وەکو گۆرانی‌یە کوردی‌یەکە دەڵێت :

له گوێ بانێ هاته خوار   دوور کوژەی نیزیك خەسار

ئەمجا ئێمە دەتوانین بڵێین : لەشی گەورەو باڵای بەرزو سەرووسیمای مرۆڤیش بە نزمترین پلەی کەسێتی دادەنرێت ، ئەگەر نیشانەی هەڵکەوتوویی دیکە لەو مرۆڤەدا ، بەدی نەکرێت .

بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستی‌یە لەم جۆرە هەڵوێستانەدا ، بۆ پیاو ووتراوە :

(مێرد بە کێشانە نی‌یە) ، واتە کەسێتی پیاو بە لەش گەورەیی‌و باڵای بەرز نی‌یە ، وەبۆ ئافرەتیش ووتراوە (زێڕیش بچووکەو نرخی لە زیو گرانترە) ، هەروەها لە دەوروبەری جەنگی دووەمی جیهاندا ، کاتێك کە تفەنگی بڕنەو کەوتە کوردستانەوە ، برەوێکی زۆری پەیدا کرد ، پشتێکی ڕاستی هەبوو ، لە دوورەوە نیشانەی بە باشی دەپێکا ، بەندێکی تر داهات ، بۆ ئافرەتی کورتە باڵاو دەیانووت : (بڕنەویش کورتە) . وە ئەگەر بێنە سەر جوانو ڕوخسارو قەشەنگی ، ئەمانیش لە دروستبوونی کەسێتیدا بە سیفەتی بناغەیی دانانرێن . بۆ نموونە : زۆر ئافرەت دەبینین کە زۆر جوانیش نین ، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە پێشترنو بەکەسێتی ترن لەو ئافرەتانەی کە زۆر جوانن‌و بە جوانی یەکانیان دەنازن ، ئەمەش لە زۆر سەبارەتدا وەکوو پێشوازی کردنی میوانو ،اریفەت کردن ، یان لە مەیدانگەی (نواندن) دا لە سەر تەختەی شانۆ ، بە دەردەکەوێت .

٢ ـ جل‌و بەرگ

هەرچەند شاعیری بەناوبانگ پیرەمێرد دەڵێت :

ئیکرامی فەقیر بە نانو دۆیە   لە هەموو لایە (کەوا بخۆیە)

بەڵام دەتوانین بڵێین : جلو بەرگیش نزمترین نیشانەی پلەی کەسێتییە ، بەڵکو وەکو بڕوانامەی مەڵبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری وایە ، لە چاو نیشانەکانی دیکەدا ، هەر لەبەر ئەوەشە کاتێك دیمەنی مرۆڤە ناودارە کەسێتی دارەکان ، دێتەوە یادمان یان بە خەیاڵ دەیان هێنینەوە پێش چاومان هەرگیز ناپرسین ، ئایە تۆ بڵێی جلی چۆنیان لەبەر کردبێت ؟ شێوەی جلو بەرگەکانیان چۆن بووبێت ؟ بۆ نموونە : کەسێتییە ناودارەکەی سەلاحەددینی ئەیوبی بە جلو بەرگە پاشایانەکەیەوە وەنەبوو ، بەڵکو بە بەچالاکیو ئازایەتیو بەسە جەرگیو پڕ ژیریو دادپەروەرێکەیەوە بووە ، کاتێك کە پاشای کۆرو ناپلیۆنو هێتلەر باس دەکرێن کەس ناپرسێت چیان لەبەرکردووەو شێوەی جلەکانیان چۆن بووەو ڕەنگو بڕینەکانیان چۆن چۆنی بووە ، چونکە ئەوان ئەوپەڕی پلەی کەسێتییان بڕیوە ، بەڵام جلی جوانو ڕێكو پێك بەسە ڕاستی پێویستە بۆ کەسێتی ئافرەت ، زۆر پێویستە بۆ (کەنیشکێکی) بە کەسێتی چونکە جلی جوان بەشێکی سەرەکییە و نیشانەی ڕێكو پێکییە لە ئافرەتاندا ، بەتایبەتی جلی کوردی ڕەسەن کە دەبینین چ جۆرە کەسێتییەکی ڕەسەن دەداتە ئەو ئافرەتانەی لەبەری دەکەن ، لە کاتی گەشتو سەیرانا ، هەر لەبەر ئەوەیە کە (شکسپیر) ووتوویەتی :

جلوبەرگ مرۆڤ دروست دەکات ، واتا : تینو کار لە کەسێتییەکەی دەکات و بە رزی دەکاتەوەو باری دەروونیو هەڵچوونیشی دەگۆڕێت ، باشترین بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە ئەوەیە کە ئێمە بیر لە خۆمان دەکەینەوەو شەرم دەمان گرێت ، ئەگەر جلێکی شڕی پینەدراوی چڵکن لەبەرکەین ، بەڵام شانازی بە خۆمانەوە دەکەین کە جلێکی خاوێنو پاكو تەمیز لەبەر دەکەین •

هەروەها ئەگەر بێتو وورد بینەوە لەو قوتابیانەی کە لە ڕۆژانی سەیراندا لـە هێندە سەبارەتێکدا جلی کوردی لەبەر دەکەن ڕانکوچۆغەی مەرەز دەپۆشن و پشتوێنی ڕەش سادە یان ڕەشی گولگوڵی لـە سـەر دەبەستن ، چۆن کەسێتی ئەو لاوانە دەگۆڕێت ؟ هەر دەڵێت : ئـەو قوتابییانە نین کە لە ژووری خوێندندا گوێت لێ ڕادەگرن‌و لـەبارەی وانەکانەوە گفتوگۆت لەگەڵ دەکەن • هەروەها ئەو کیژۆلانەی کـە کاتێك جلی مۆدە دەگۆڕن بە جلی کوردی ڕەنگاو ڕەنگ بە دوگمـەو دولاب‌و کەمەرەو زنجیر دەیانڕازێننەوە ، چۆن تین دەکـاتە سـەر کەسێتی‌یان‌و دەیان گۆڕێت ؟ بەڵگەیەکی تریش بۆ ئەوەی کە جل‌وبەرگ باری دەروونی مرۆڤ دەگۆڕێت‌و کـار دەکاتە سـەر ڕەوشتی ، ئەو کەسانەیە کە جارجار بۆ بازرگانی یان بۆ گەشت ڕوو دەکەنە شـارە گەورەکان ، یان دەچنە دەرەوەی عیراق ، دەبینین جلەکانیان دەگۆڕن‌و جلی چاکەت‌و بانتۆل دەپۆشن ، ئەگـەر بێت‌و تووشی یەکێکیان بێت‌و بیتە هاوڕێیان لە گەڕێنێکدا یان لە فڕۆکەیەکدا ، دەبینیت ئەو جل‌وبەرگە چەندیك کاری کردۆتە سەر کردەوەو ڕەوشتیان‌هەڵسان‌و دانیشتنیان•

بەلام هەروەکو لە سەرەتاوە ووتمان جل‌وبەرگ تەنها خـۆی بەس نی‌یە ، بۆ دروست بوونی کەسێتی‌یەکی باش ، بەڵکو هەر لە خۆیدا سیفەتێکی بناغەیی نی‌یە ، چونکە زۆر کەس هەن گوێش بە جل‌و بەرگیش نادەن‌و لەگـەڵ ئەوەشدا کە دێنـە مەیدانی چالاکی‌و خۆدەرخستنەوە ، کەم کەس دەتوانێت تۆزی قولیان بشکێنێت •

٣ ـ زیرەکی

زیرەکی بە لای زۆر(٧) ترین کەسەوە هاوواتەی (ترادف) ووشەی

(٧) اصول علم النفس : دکتور : احمد عزت راجح ص٣٤١ •

(ووریایی)یە کـە بریتی‌یە لەوەی مرۆڤ ووریای ئەو کارانەو کارئاسانانە دەبێت لـە دەوروبەری ڕوو دەدەن ، هەروەها بە واتای (زرنگ)ش بەکار دەهێنرێت ، و بە واتای کارامەیی‌و کردەوە کردنی ڕێك‌و خـۆ قوتار کردن ، لە تەنـگوو چەڵەمەش بەکار دەهێنرێت .

بەڵام زیرەکی بە لای دەروون زانەکانەوە بە واتا : زوو تێگەیشتن‌و داهێنان‌و هەڵـەنگاندن‌و توانا لە سەر ئاراستە کردنی بیر کردنەوەیە بۆ ئاقارێکی دیاری کراو . بە ڕاستی زیرەکی بە چەندەها پێناسە ناسێنراوە، بەڵام لێرەدا مەبەستی ئیمە ئەوە نی‌یە ، بەڵـکو مەبەستی ئێمە ئەوەیە کـە بڵێین : ئیمـە وا دەزانین زیرەکی هـەبوو شتێکە لـە ژیانی مرۆڤـداو دەبێتـە هۆی سەرکەوتنی‌و دەیـکاتە خـاوەن کەسێتی‌یەکی ناودار بەڵام زانایان وا ناڵێن ، بەڵـکو دەڵێن : هەرچەند زیرەکی سیفەتێـکی بناغەیی‌یە بۆ دروستبوونی کەسێتی مرۆڤ بەڵام بە تەنها نا بێتـە هۆی سەرکـەوتنی ، بەڵـکو پێویستە ئەو کەسە زۆر لـە سیفاتەکانی کەی تێدا هـەبێت .

زۆر لە دەروون زانەکان(٨) دەڵێن : زۆربەی مرۆڤە ناودارەکان بە زیرەکی‌و زۆرزانی سەرنەکەوتوون ، بەڵـکو دەربەدەری‌و کەماسی‌و نەبوونی ، بەهرەی بێ پەیدا کردوون‌و بۆ سەرکەوتن باڵی پێوە ناوون ، بەڵـکو هەندێکیان وەکوو (مارگریت) ڕای وایە کە مرۆڤی بلیمـەت هەرگیز بە خاوەن کەسێتی‌یەکی بەناوبانگی کۆمەلایەتی نابێت .

وا دیارە ئەم زانایە لەبەر ئەوەیەتی ، کردەوەکانی مرۆڤی بلیمەت ئاسایی نین ، لەبەر ئەوە کەسانی دیـکە بە مرۆڤی لاگریان دادەنێن ،

---

(٨) علم النفس في الحياة العملية . تاليف د ـ برهانرت ـ ترجمـة الدكتور ابراهيم عبدالله محي ص١٣٦

وەکو کردەوەی ئەو بلیمەتانەی کە هەوڵی چاککردنی باری کۆمەڵایەتی ، یان ڕامیاری ، یان ئابوری ، دەدەن ، ئەمجا ئەو بلیمەتانە لە سەرەتای ژیانیانەوە خەڵکی بە شێت و وێت ناویان دەبەن ، بەڵکو زۆربەیان تا لە ژیاندا بوون بە پرسکی خۆیان نانیان نەخواردووەو بەردەباران کراوون بەردەباران کردنەکەی (ڕۆسۆ)و ئاشەوانێتی قانعو دەربەدەری هەندێك لە شاعیرو زانا کوردەکان ، بەڵگەیەکی ئاشکران بۆ ئەم ڕاستی‌یە ، هەرچەند ئەمە بۆنی تیۆرەکەی ئەدلەری لێوە دێت ، بەڵام کە کاتێك ئەو بلیمەتانە توانیویانە سەرکەوون بە سەر تەنگ‌وچەڵەمەکانی جێبەجێ کردنی بیروباوەڕەکانیاندا ، ئەوسا کە کەسێتی‌یان بەناوبانگ بووەو مێژوو بەپیتی زێرین ناوی تۆمار کردوون هەرچەند هەندێکی دیکە لەو بلیمەتانە دوای مردنیان پەیڕەوی بیروڕاکانیان کراوە •

هەرچی جۆنێك زیرەکی گەڕێتە هۆی دروست بوونی کەسێتی‌یەکی کۆمەڵایەتی ، بەڵام زیرەکی لە ڕاستیدا فەڕە بۆ مرۆڤ ، ڕووناکی‌یە بەهرەیە (بووم)و توانایە ، بۆ ئەو کۆمەڵەی کە تێیدا دەژی ، بەڵکو بۆ کۆمەڵانی دیکەش •

بەڵێ ڕاستە زۆر جار ئەو کەسەی کە پێی دەڵێن (کەسێتی یەکی لاوازی هەیە) زیرەکیشە چەند سیفاتێکی باشی تریشی تێدا هەیە ، (ئەو کەسێتی‌یە لاوازە)ی ، لەبەر ئەوەیە ، کە ناتوانێت ئەو کاروبارەی پێی سپێردراوە بە تەواوی هەڵیان سوڕێنێت ، چونکە توانای قایل کردنی نی‌یە ، یان ناتوانێت بیروباوەڕی خۆی بە خەڵکی بسەلمێنێت ، بەڵێ زیرەکە بەڵام ناتوانێت بەرەو ڕووی جەملوەر بوەستێت قسەبکات و بدوێت ڕاکانی خۆی بۆ ئەوان ڕوون بکاتەوە ، چونکە شەرمنە •

جاری وا هەیە ئەو مرۆڤە زیرەکی تێنکی فورسە ، چونکە سەرو ڕوخسارێکی ناڕێکی هەیە ، یان مرۆڤێکی ڕووشکێن و قسەڕەقە ، یان خۆش گلەیی و بە سکالایە یان. توڕەو دەمارگرەو خۆنەگۆڕە ، چونکە زیرەکی و کارامەیی (کەسیتی) بەرز ناکەنەوە ، ئەگەر جلەوێك نەبێت ڕایان کێشێت و ئاراستەیان بکات و لە شوێنی خۆیدا بیان گرێتەوە جلەویش بریتی یە لە چەپکێك یان کۆمەڵێك لە سۆزو پشوو خۆگرتن و سووربوون لە سەر بیروباوەڕ .

ئەگەر لە ٥٠٪ سەرکەوتنی مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ زیرەکی ، ئەوە لە ٥٠٪ کەی دیکەی دەگەڕێتەوە بۆ جۆری کەسیتی ئەو مرۆڤە ، یان دەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی خۆشەویستی ئەو مرۆڤە لە کۆمەڵدا ، مانای وایە لەپاڵ زیرەکیدا ، تێبك سووکی ئێبك فورسی ، بە زانی ، ترسنۆکی ، یان شەرمنی ، دڵنەرمی ، دڵڕەقی سووری و بەردەوامی و کۆڵنەدان لە سەر بیروباوەڕ ، لە ئەنجامدانی پێویستی یەکانی سەرشاندا ، یان بەرەڵایی و پشت گوێ خستن ، ئەمانە هەموویان دەور دەبینن لە سەرکەوتن و ژێر کەوتنی کەسیتی مرۆڤدا ، با ئەو مرۆڤەش زیرەك بێت ، لەمانە هەمووەوە بۆمان دەرکەوت کە تەنها زیرەکی بۆ سەرکەوتن بەس نی یە .

٤ ــ خۆش زمانی

یەکێکی دیکە لە مەرجەکانی کەسیتی ، خۆش زمانی یە بە ڕاستی زمان ڕەوانی بەهرەیەکی زۆر خۆشە بۆ مرۆڤ ئیتر ئەو مرۆڤە هەر کەسێك بێت و هەر پیشەیەکی هەبێت ، هەرچەندە زمان ڕەوانی بۆ هێندە پیشە دارێك بە مەرجێکی سەرەکی دا دەنرێت وەکو : پیاوانی ئاینی ، خوتبە خوێنەکان ، پارێزەرەکان ، پیشەی مامۆستایی ، پیاوانی

ڕامیاری ، سەرکردەکان ، یان نوێنەرانی گەل ، لە کۆنگرەکاندا ، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو گرنگی‌یەشدا هێشتا بۆ بەرەسەندنی کەسێتی مرۆڤ ، ناوبانگ پەیدا کردنی‌و خۆشەویست بوون و ڕێز پەیدا کردنی ، بە مەرجێکی سەرەکی دانانرێت ، بەڵکو پلەیەی نزمی هەیە بە گوێرەی نیشانە بالآکانی دیکەی کەسێتی •

لەم بارەیەوە دوو ڕاستی هەن پێویستە ئیمە چاویان لێ نەقوچێنین ، یەکەمیان : ئەوەیە هەر یەکێك لە ئێمە لە قسە کردندا لەوانی دیکە جایە ، چونکە هەمانە دەنگی ڕەوانە ، هەشمانە دەنگی زوڵاڵە ، هەشمانە دەنگی گڕە ، هەمانە دەنگی بەرزەو هەشمانە دەنگی نزمە ، هەمانە منگەو بەلووت قسە دەکات هەشمانە پیتە بزوینەکان زیاد لە پێویست درێژ دەکاتەوە ، هەروەکو چۆن هەندێکمان قسە دەنگلێنێت‌و هەندێك لە پیتەکان فووت دەدات ، یان کۆتایی هێندە ووشەیەکی ڕستەکان دەبڕێت •

هەندێکمان لە کاتی قسەکردندا لە شوێنی خۆیدا دەنگ بەرز ناکەینەوەو لە کاتی خۆیدا دەنگ نزم ناکەینەوە ، لە شوێنی پێویستدا تووڕە نابین‌و لە شوێنی پێکەنیندا پێناکەنین ، ئەم جیاوازی‌یە کە لە تێوانماندا هەیە ، تین دەکاتە سەر کەسێتیمان و کەسێتیمان جیاواز دەکات ، لەبەر ئەوە پێویستە تا دەتوانین خۆمان لە سەر ڕێك‌وپێك قسە کردن ڕابێنین ، پیتەکانی ووشەی ڕستەکان ، لە کاتی قسەکردندا بە باشی دەنگەکانیان ئاشکراو سایە بکەین ، بۆ ئەوەی سەرکەوتووبین لە ژیانی کۆمەڵایەتیماندا ، وەکو :ـ پێشینان ووتویانە (بە قسەی خۆش مار لە کون دێتە دەرەوە) بەڵام نابێت ئەوەش لە بیر بکەین کە شیرین گوفتاری‌و زوبان لەباری‌و ووتە ڕەوانیش ، پیویستیان بە هەڵبژاردنی

باشترین ووشەو ڕیکترین ڕیز کردن هەیە .

دووەمیان : ئەوەیە کە کەم قسە کردنیش وەکو (فەنەبێ دەنگە) هەرچەند زۆر ناتەواوی مرۆڤ دەشارێتەوە بەلام ئەگەر مرۆڤێك بیەوێت کەسێتی خۆی لە وتووێژدا دیاری بکات ، ئەوە پێویستی بە زمانێکی تەڕوو دەمو لێویکی پاراوو شارەزایی‌یەکی زۆر هەیە .

لە لایەکی دیکەوە پێویستە ئەوە بزانین کە زۆر بلێی‌و جەنەبازی‌و گاڵتەی زۆر کردن ، ئەمانە جێگەی زمان ڕەوانی ناگرنەوە ، چونکە کە لە سنوور دەرچوون کەسێتی ئەو مرۆڤە کەم دەکەنەوە ڕێزو سامی ناهێڵن ، لەبیرکردنەوەو داهێنانو چاوتێ بڕین دووڕی دەخەنەوەو دەی‌خەلاڤێنن .

٥ ـ دڵپاکی :

زۆر کەس هەن مرۆڤی دڵپاکو سینەساف بە کەسێتی دار دادەنەن ، هەرچەند سیفەتی کینە بەری‌و رق‌گرتن لە کەسانی دیکە ژارکێشانو حەز نەکردن بە بەرژەوەندی گشتی‌و تایبەتی کەسانی دیکە پێش‌خواردنەوەی زۆر ، چەند سیفاتو نیشانەیەکی زیان بەخشنو خراپن مرۆڤ سوکو ڕیسواو نابووت دەکەن ، لەپێش چاوی کەسانی دیکە نزمی دەکەنەوە تووشی چەندەها نەخۆشی‌ی لەشی‌و دەروونی دەکەن ، لەگەڵ ئەمانەشدا دەروونزانی ، سیفەتی (دڵپاکی) یش بە نیشانەیەکی بناغەیی دانەناوە بۆ دروست بوونی کەسێتی‌یەکی باش ، چونکە چەندەها مرۆڤی دڵپاك دەبینین کە چەندەها مرۆڤی پیس‌و چەپەڵو زیانبەخش لە سایەیاندا دەحەسێنەوە بەردەوامن لە سەر خراپە ، هەروەکو مارو دووپشك بە کەسانی ترەوە دەدەن ، یان بابڵێین وەکو سەگی

(نەێنگر) کــــەسانی پاك دەگــــەزن وەکو شاعیری بە ناوبانگی کورد پیرەمیرد دەڵێت :

ساف دەروون داری دەستی بەدکارە
بۆیە شەرمدار باوە لەم شارە
هەروەها لە شیعرێکی تردا دەڵێت :
ئەو پیاوە گەورەی کە خۆش باوەرە
بە دەست خەڵکەوە مێکوتی ساوەرە

بێجگە لەو نیشانانە چــەند نیشانەیەکی تریش هەن کە پلەی نزەیان بۆ دادەنرێت لــە دروست بوونی کــەسێتی مرۆڤدا ، ئەوانیش وەکو لەش‌ساغی یەکی باش‌و ڕۆشنبیری‌یەکی بەرز ، وا دەردەکەوێت لــەبەر ئەوەیە چەند زانایەك واتای ڕۆشنبیری‌یان بەکردەوەی جوان‌و ڕەووشتی ڕیك‌و خوی پەسند لێکداوەتەوە ، نە وەك بە واتا نووسین‌و خوێندنەوە .

★ ★ ★

نیشانە باڵاکانی کەسێتی مرۆڤ

لە لایەکی دیکەوە چەند نیشانەو سیفەتێکی بنچینەیی هەن بۆ دارشتن‌و هەڵچنین‌و دروستبوونی کەسێتی ، بونیان پێویستە ، جێگەیەکی گرنگ‌و پلەیەکی سەرەکی دەگرنەوە لە پەرەسەندن‌و گەشە کردنی کەسێتی مرۆڤدا ، ئەوانەش وەکو : ئەم نیشانانە : خۆنەپەرستی ، پڕ تەوی چالاکی ، زیرەکی ، وەفاداری ، دڵ فراوانی ، لێهاتوویی ، لێوەشاوەیی ، توانا‌داری ، جیهاندیدەیی ، کارامەیی ، شارەزایی ، بێ فیزی دڵسۆزی ، وورە بەرزی پاک‌و تەمیزی ، لە خۆو لە هاوڕێ‌و لە ناساو ڕازی ، هەوڵدان ، کۆڵنەدان خووڕەوشتی باش‌و جوان ، ئامانج‌و هیواداری ، دادپەروەری ، ڕاستبێژی ئەو کەسە پشت بە خۆبەست بێت ، هەست بەلێ پرسینەوە بکات ، بە ویژدانی ، باوەڕی هەبێت بەو هیواو ئامانجانەی کە بۆ خۆی هەڵی بژاردوون ، هەستی کۆمەلایەتی هەبێت ..

ئێستا تۆزێک بە درێژی باسی هەندێک لەم نیشانە باڵایانە دەکەین:

١ ــ هەستی کۆمەڵایەتی

نیشانەیەکی باڵای کەسێتی بەهێزە ، هەر مرۆڤێک هەستی کۆمەڵایەتی هەبێت ، دەبێتە کەسێتی‌یەکی ئاشکراو دیارە

ئەو کەسانەی کـە هەستی کۆمەڵایەتیان تێدا بەهێزە ، دەیان بینین زۆر سەرکەوتوون ، گەیشتونەتە بەرزترین پلەی کۆمەڵایەتی لەگـەڵ ئەوەشدا زۆر لەم کەسانە پلەی زانیاری‌یان‌و پلەی زیرەکیشیان نزمـەو بەرز نی‌یە • واتای هـەستی کۆمەڵایەتی لـە مرۆڤدا ئەوەیە کـە ئەو مرۆڤە ، داناو لێزانە ، ڕەووشت‌و کردەوەی ڕێک‌و جـوانە ، وتەی شیرین‌و قسەزانە ، ئەم جۆرە کەسانە یەزدانی گەورە ، تواناو بوەنێـکی وای داوە پێیان ، کـە دەچنـە ناو کۆمەڵێکەوە ، یان دانشتێکەوە دەزانن چۆن قسە دەکەن • کـەی قسە دەکەن ، کەی گوێ دەگرن ، کـەی بەڕوی خەڵکەوە پێدەکنن ، کـەی پیایاندا هەڵدەکاڵن ، کـەی قسەی ڕەق دەکـەن ، کەی تووڕە دەبن و کـەی ڕویان خۆش دەکەن ، کـەی بە بەزەیی دەبن‌و ، کەی بێ بەزەیی دەبن •

هەروەها دەتوانن کە چۆن دەچنە قووڵایی دەروونی ئەو کەسانەوە کـە وتووێژیان لـە گەڵ دەکەن ، بۆ ئەوەی کـە بەیەکدا نەتەقنەوە ، لـە قسەی یەکتر هەڵنەبەزنەوە • ئەمجا بۆمان هەیە کە لێرەدا بپرسین ئەو کەسانە ، ئەم توانا بەهێزەیان چۆن پەیدا کردووە ؟

لە وەلامدا دەڵێن هەستی کۆمەلایەتیش بریتی‌یە لەوەی کـە ئەو کەسە لە ناو جەرگەی کۆمەڵەوە پەروەردە بووەو گـەشەی کردووەو هەڵقولاوەو دروست‌بووەو پێ‌گەیشتووەو گونجـاوەو ناسیاوی دۆست‌و پیانەی پەیدا کردووە •

بە کوردی دەڵێن : لە گەلەو ڕۆڵەی گەلە •

ئەو کەسانەی کـە هەستی کۆمەڵایەتیان تێدا بەهێزە ، دەتوانن بە ئاسانترین ڕێـگەو ، بە ئاسایی ترین شێوە ، بە بێ شـەرم‌و شکۆ ، بەبێ ئەوەی کـە هەست بە ئاوارەیی‌و نامۆیی بکەن ، لەگەڵ کەسانی دیـکەدا

بکونجێن ، بیان ناسن و بیان ناسن ، یەکتریان خۆش بوێت ، هۆگری یەکتر بن ، ڕوو لـە یەککەن و یارمەتی یەك بدەن •

بە ڕاستی ئەم دەستکەوتەو ئەم بەهرەیە خوا بـــە هێندە کەسێکی نەداوە ، بۆ نموونـە :

لەو کەسانەدا نابینیتەوە کـە تووشی نەخۆشی (گرێی کەمـەری) بوون ، یان لـەو کەسانەدا نابینیتەوە کە خۆیان لە هەموو کـــەس بـە گەورەترو ڕەسەنترو خانەداترو نەژادترو هەلکەوتووتر دادەنێن •

هەروەها لەو ڕۆشنبیرانەدا بەدی ناکرێت کـە تازە دەگەڕێنەوە بۆ هۆزەگەری و ، تیرەگەری ، لەباتی نیشتمانپەروەری و نەتەوەپەروەری ، یان ئەم بەهرەیە لای ئەو کەسانە ناگیرسێتەوە کە خۆیان لە هەموو کەسێ بە زیرەکترو بلیمەترو لێزانترو وریا ترو چوست و چالاکتردا دەنێن ، بەدەوری خۆیاندا دەسوڕێنەوەو ڕەو دەرناکەن بۆ ناو جەماوەر ، بەلکو لە چوارچێوەیەکی تەسك و تاریکدا دەژین ، هـــەر وەکو قوتـەی بن دارەکە ، هەمیشە قوژبن و کەنار دەگرن •

٢ ــ خۆ نەپەرستی

کارێـکی ڕوون و ئاشکرایە ، کە خۆپەرستی بە سیفەتێکی بێزراوی مرۆڤ دادەنرێت ، بەلام خۆنەپەرستی بە نیشانەیەکی بالای کــەسێتی مرۆڤ دادەنرێت ، چونـکە ئەم نیشانەیە لـە هەر کەسێکدا هـــەبێت ، ئەوە واتای وایە هەست بەلێپرسینەوە دەکات ، دەست گیرۆدەیی و گیانی یارمەتی و گیانی هەرەوەزی تێدا هەیە ، مرۆڤێکی بەویژدانە •

بە ڕاستی خۆ نەپەرستی یەکێکە لەو نیشانە بالایانەی کە کەسێتی مرۆڤ بەرز دەکەنەوەو ناوبانگی پێ پەیدا دەکەن و خوشەویستی دەکەن،

چونکه ئەم نیشانەیە دژی خۆپەرستی‌و چرووکی‌و پوولەکێتی‌یە ، دژی گۆشەگری‌و دوورە پەرێزی‌و کەنار گرتە .

با بزانین بنچینەی بەرزی ئەم سیفەتە لە سەر چی بنچی داکوتاوە ؟

بنچینەی خۆنەپەرستی لە سەر بەهێزترین‌و پاکترین‌و شیرینترین بنچینە ڕەگی داکوتاوە ئەویش سۆزی خۆشەویستی‌و گیانی چاکەکردن‌و بەخشینە ، بەلاّم کام خۆشەویستی ؟ خۆشەویستی منداڵ ، خۆشەویستی هاوسەرو خێزان ، خۆشەویستی هاوڕێ‌و دەروو دراوسێ ؟

ئێمە دەزانین کە خۆپەرستی سیفەتێکی منداڵانەیە ، واتە ئەم سیفەتە لە تەمەنی منداڵیدا زۆر بەهێزە ، کاتێك کە منداڵ چاو دەبڕێتە ئەو شتانەی تەنها پێویستی‌یەکانی جێبەجێ دەکات‌و بەس ، بەلاّم منداڵ کە بەرەبەرە گەورە بوو ، بەرەبەرە خۆپەرستی‌یەکەی کەم دەبێتەوەو لاواز دەبێت‌و دەگۆڕێت بە خۆنەپەرستی .

با بزانین لە چ قۆناغێك لە قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ ، نیشانەی خۆنەپەرستن دەست بەگەشە کردن دەکات ؟

بە ڕاستی سەرەتای گەشە کردنی خۆنەپەرستن لە نزیك سەرەتای تەمەنی لاوی یەوە لە قۆناغی هەرزەکاری‌یەوە دەست پێ دەکات‌و بناغەی ئەم گەشە کردنەش ، سەرەتای خۆشەویستی توخمی‌یە ، چونکە منداڵ لە سەرەتای ژیانێوە خۆپەرستە ، بەلاّم کە وردە وردە گەورە بوو تێکەلاّوی کۆمەلی کرد بیری لە هاوسەر بوون کردەوە ، واتە بیری لە ژنهێنان کردەوە ، ئەگەر کوڕ بوو ، بیری لە شووکردن کردەوە ، ئەگەر کچ بوو ، ئەو کاتە لە خۆپەرستی یەوە باز ئەدات دەگۆڕێت بۆ خونەپەرستی .

هەندێك لـە زاناكان دەڵێن مرۆڤ كە تەمەنی گەیشتە نزیكە (٢٠)بیست ساڵان ، خۆی دەڕازێنێت‌و گرنگی بە خۆی دەدات‌و ڕوخسارو قەڵافەتی خۆی جوان دەكـات ، كردەوەو ڕەفتاری ڕێك‌و پێك دەكـات ، بۆ ئەوەی كـە سەرنجی توخمی دیـكە بۆ لای خۆی ڕاكێشێت ، لەمەوە بەرەبەرە خۆبەرستی‌یەكەی نامێنێت ، و كـە ژنی هێناو ، یان شـــووی كردو منداڵی بوو ئەو كاتە نیشانەی خۆنەبەرستی زیاتر پەرە دەسێنێت‌و دەگۆڕێت ، تا وای لێدێت كە گەورە بوو نامێنێت •

ئەمـە ئەوە ناگەیەنێت كە تەنها خوشەویستی دڵداری یان پەیوەندی توخمی ئەم نیشانەیە بجوڵێنێت‌و پەرەی پێبدات ، بەڵـكوو هــەموو خوشەویستی‌یەك ، ئەم ئەركە دەبینێت ، وەكوو خۆشەویستی‌و پەیوەندی منـداڵ بە دایكیوە •

ئا بەم شێوەیە ئەو گەنجانە كـە خۆبەرستی‌یەكەیان نەما ، كەسـانی تریشیان خۆش دەوێت ، سۆزی نەتەوایەتی‌و نیشتمان پەروەریشیان تێدا دروست دەبێت ، گیانی قوربانی‌و خۆبەختكردنیان تێدا پەرە دەسێنێت‌و گەشە دەكات ، ئامادە دەبن كە خۆیان‌و سامانیان بەخت بكەن ، لە ڕێگەی بیرو باوەڕی پیرۆزداو زیاتر گوژم دەدەن‌و خۆیان ماندوو دەكـەن ، بۆ گەلاڵە كراوی چاك‌و ئاترازاجی گشتی نەتەوایەتی •

لێرەدا بۆمان هەیە پرسیارێك بكەین‌و بڵێین : ئایە هەموو لاوێك لە سیفەتی خۆبەرستی رزگاری دەبێت ؟

لـە وەڵامدا دەڵێن نەخەیر ، زۆر لە منداڵان كە گەورەش دەبن خۆبەرستی منـــداڵیان تێدا هــەر دەمێنێتەوە ، لـەبەر ئەوە دەیان بینین بێبەزەیین ، هەست بەلێپرسینەوە ناكـەن ، هەرچی كارێك بەرژەوەندی

خۆیانو قانزاجو دەستکەوتی خۆیانی تێدا نەبێت ، پەسندی ناکەنو بەلاماری نادەن ، نیشتمانپەروەریو نەتەوایەتیو چاکەو پیاوەتی ، بەلای ئەوانەوە لەو کارانەدایە ، کە قانزاجو بەرژەوەندی ، خۆیانی تێدا هەیە ، ئەگینا ، نەء .

هەندێکیان هیچ پرۆگرامو نەخشەیەکی ڕامیاریو داراییو ڕۆشنیریو کۆمەلایەتییەکیان ، لە مێشکدا نییە ، ئەوە خوێندنەوەی پەرتووكو گۆڤارو ڕۆژنامە بەلای ئەوانەوە نرخی نییە لەبەر ئەوە ئەو ڕۆشنیرییەی کە هەیانە ، پەرە ناسێنێتو ، لە دۆخی خۆیدا دەمێنێتەوە ، لە کاروانی ڕۆشنیری ، ڕەوتی زانیاری ، دوا دەکەوون ، کاتێك دەزانن لە هاومالی پێشەو زانستی بەجێماوون .

هەندێکیان ئەگەر بۆی ڕێ بکەوێتو فەرمانێکی میری باشی بێ بسپێرێت ، بەرژەوەندی یەکی گشتی بدرێتە دەست ، پێش هەموو شتێك ، بیرد دەکاتەوەو نەخشەیەك دەکێشێت کە چۆن زوو پێ بگاتو پارەو سامانێکی باش پێکەوە بنێتو بێتە پیاو ئەو کاتە هەوڵ دەدات ئەو فەرمانبەرانە لە خۆی کۆ بکاتەوە ، کە نهێنیو کارە نامەوارەکانی پارێزنو بلاویان نەکەنەوە ، ئەمانەش یان خزمین ، یان هەر وەکو ئەو خۆپەرستو جەوتن ، لە سەر سکی چین ،و زۆربەی جەماوەر ، پێدەگەن .

هێندێك لەو گەنجانە هەر بە یەکجاری نیشانەی خۆپەرستییان تێدا دەچەسپێت دەیان بینین ژن ناهێننو بەڕەبەتی دەمێننەوە ، یان دەگەڕێن بە شوێن ئافرەتێکی ساماندارا یان مەرجیان ئەوەیە کە دەبێت ئەو ئافرەتە سامانێکی زۆرو مووچەخۆریش بێت . با هیچ سفاتێکی دیکەی

تیـدا نەبێت ، زۆر لەم جـــۆرە کەسانە زیانی هاوسـەریبان لە ئاژاوەو شتو مڕدا بەسـەر دەبەن تاکۆچی دوایی دەکەن •

٣ ـ خزمەت گوزاری

بە ڕاستی خزمەتگوزاری ، پلەیەکی لەپلە باڵاکانی کەسێتی باشی گرتووە بەڵکو زۆر لـــە زاناکان دەڵێن مـەبەستی ڕاستیو ئامانجی کەسێتی باش ، تەنها خزمەتکردنو هەڵسوراندنو بـــە ڕێوە بردنـی کاروبارو یارمەتی دانی کەسانی دیکەیە ، بەڵکو کۆمەڵی جەماوەریش بە لایانەوە وایە کە مرۆڤی بە کەسێتی تەواو ، ئەو کەسـەیە کـــە بتوانێت خزمەتی خۆیو خزمەتی کەسانی دیـکەشو کەسانی دڵسوزی نەتەوەو وولاتەکەی بـکات •

بە ڕاستی توانا لەســـەر خزمەتی تایبەتیش هەر بە پلەیەکی بەرزی کەسێتی دادەنرێت ، چونکە هەر کەسێك نەتوانێت خزمەتی خۆی بکاتو کەڵكو بەرهەمی نەبێت ، ئەوە واتای وایە ناتوانێت خزمەتی گـــەلو نەتەوەکەشی بـکات وکەڵـکی بۆ نیشـتمانەکەشی هەبێت ، لەبەر ئەوەیە کـە کاتێك ئێمـە یارمەتی هاوڕێیەکمان دەدەینو گیروگرفتی ناسیاوێك یان نەناسێك لا دەبەین ئەوە واتای وایە زیاتر تێکەڵاوی بـە کومـەڵەوە دەکەین شارەزایی پەیدا دەکەین ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئێمـە چەندێك یارمەتی کەسانی دیکە دەین ئەوەندەش یارمەتی خۆمان دەدەین •

ئێمـە لە ڕێـگەی کەسانی دیکەوە هەست بە بوونو تواناو لێهـاتنی خۆمان دەکەین و تێکەڵاوی زۆر تر دەکەینو ڕێزو نرخی خۆمانیش لـە چاو کۆمەڵدا بەرز دەکەینەوە وەکو ووتمان خزمەتی گشتیش بە ئەوبەڕی بەرزی پلەی کەسێتی دادەنرێت بەتایبەتی ئەگەر لە خۆوە بێتو دەست

پێشکەری تێدا هەبێت ، بە بێ ئەوەی داوا لەو کەسە بکرێت ، چونکە مرۆڤ خۆی تەرخان ناکات بۆ خزمەتی گشتیو قوربانی بەخۆیو ماڵی نادات ، ئەگەر شۆڕشێکی دەروونی لە ناخیدا دژی خۆپەرستی ، بەرپا نەبێت هەڵنەگیرسێت ، بۆیە نیشانەی خزمەتگوزاری بە بەرزترین لوتکەی کەسێتی دادەنرێت ، ئەوەندە بەرزە نیشانە نرمەکانی کەسێتی وەکو جای باشو زمانی تەڕو پاراوو لەشولار ، هەموو دەشارێتەوەو دەیانخاتە پێچە کەنووەوە •

چەند نموونەیەك بۆ مرۆڤی خزمەتگوزار

١-٣- ئەو کەسەی کە ،زگەوتێك دروست دەکات یان نەخۆشخانەیەك یان قوتابخانەیەك ، یان گەلاڵە کراوێکی بە کەڵك ، یان ئەو کەسانەی دەبنە هۆی دروستکردنی ئەم جۆرە بەرهەمە بە کەڵکانە، ئەمانە بێجگە لەوەی کە لای یەزدان پاداشتی باشیان هەیە ، بەڵام لای ئەندامانی کۆمەڵ کەسێتییان بەرزەو هەتا هەتایە ناویان دەمێنێتەوە ، تۆ بەراووردی کەسێتییە بەناوبانگەکان بکە لەگەڵ کەسێتی ئەو خاوەن سامانانەی کە دوای خۆیان سامانەکانیان بەفیڕۆ دراوەو دوای خۆیان کەس ناویان بە باشی بە چاکی نابات •

٢-٣- نموونەیەکی دیکە بۆ خزمەتگوازی هەڵگرتنی لێپرسینەوەیە ، نمونەی ئەمەش ئەوفەرمانبەرا نەیەکە حەز بەهەڵگرتنی لێپرسینەوە یان حەز بە کاربێ سپاردنی زۆر دەکەنو فەرمانی زیاتر دەخەنە ئەستۆی خۆیانو دەیش توانن بیانبەن بە ڕێوەو ئەنجامیشیان بدەنو بەم جۆرە ، خزمەتی دانیشتوانی وولاتەکەیان بکەن •

٣-٣- زۆر هۆی دیکە هەن لە ژیاندا ، بە خزمەتگوزاری

دادەنرێن و نرخی مرۆڤ لە کۆمەڵدا بەرز دەکەنەوە ، بۆ نموونە : مرۆڤی هاوسەردار کەسێتی بەهێزترە لەو مرۆڤانەی بەرەبەتی دەبینەوە ، لەبەر ئەوە ئەو گەنجانەی کە زووتر ژن دەهێنن و هەوڵی پێکهێنانی خێزان و منداڵ دەدەن ، بە کەسێتی تردا دەنرێن •

٤-٣- هەروەها ئەو مرۆڤانەی کە کار دەکەن و هەوڵ دەدەن ماڵ و منداڵیان بە ڕێک و پێکی بەڕێوەبەرن منداڵەکانیان بە جوانی و بە باشی بەخێو بکەن و بیان گەیەننە باشترین ئامانج و فێری باشترین پیشەو کاریان بکەن ، چونکە کار کردن جۆرێکە لە خزمەتگوزاری ، بەڵام ئەو کەسانەی کە کارێک ناکەن و هەوڵ نادەن تەمەڵ و بێ کار دادەنیشن و بە سەرسکی کەس و کاریانەوە ، یان بە سەر سکی ئەم ئەوەوە دەلەوەڕێن بێ گومان ئەمانە لەپێش چاوی کەسانی دیکە سوک و نزمن و کەسێتیان لاوازە •

٥-٣- گۆڕینی باری ژیان یەکێکی دیکە لە جۆری کەسێتی بەهێز کردن و خزمەتگوزاری گۆڕینی باری ژیانە و گەشەپێ کردنێتی ، بە پێی پێویست و قایل نابن بەکەم و بە دەستەو وسانی و تەمەڵی ، بەڵکو هەمیشە هەوڵ دەدەن باری ژیانی خۆیان بگۆڕن لە خراپەوە بۆ باش ، لە باشەوە بۆ باشتر ، بۆ ئەوەی ژیانێکی باشتر بگوزەرێنن و بەپێی چەرخ و زەمانە خۆیان دەگۆڕن ، ئەگەر زانیان کارەکانیان و پیشەکانیان باری نەماوە دەی گۆڕن بە کارو پیشەیەکی باش و بە ڕەواج ، ئەگەر زانیان کە ئەو زانیاری و ڕۆشنبیری یەی هەیانە بەرەو کۆن بوون و کزبوون دەچێت بە گوێرەی زانیاری و ڕۆشنبیری نوێ داماتوو ئەوە دەخوێننەوەو دوای کاروانی ڕۆشنبیری نوێ دەکەوون ، بەداخەوە دەڵێم زۆر کەس لە تەمەن دوای ئەوەی کە قوتابخانە و زانستگەکانیان تەواو کردووە

هیچ جۆرە پەرتووك‌و گۆڤارێکیان نەخوێندۆتەوە بە دوای هیچ جۆرە رێگەو ئامرازێکی نوێدا نەگەڕاوون بۆ پێش‌خستنی پیشەکانیان و پەرەپێدانی شێوەی ئەنجامدانی فەرمانەکانیان .

٤ ـ ئامانج‌و هیواداری :

یەکێکی دیکە لەو نیشانانەی کە کەسێتی مرۆڤ بەهێز دەکەن‌و ناوبانگی پێ پەیدا دەکەن ، ئەوەیە کە پێویستە مرۆڤ لە ژیانیدا ئامانج‌و هیوایەك بۆ خۆی دیاری بکات‌و نەخشەو پلانێکیان بۆ بکێشێت ، چونکە مرۆڤی بێ هیواو ئامانج وەکو دارێك وایە کە گیانی تێدا نەبێت‌و ووشك بێت ، باشترین رێگە بۆ مرۆڤێکی ئاسایی کە بیەوێت پەیدا بدنی ئەم خاڵە بکات ، ئەوەیە کە چاو لە کەسێتی یە ناودارەکان بکات ، سیفەت‌و کردەوەی مرۆڤە هەلکەوتووەکان لەخۆیدا بڕسکێنێت‌و پەیرەوی رێرەوی مرۆڤە سەرکەوتووەکان بکات خۆی بە خاوەن پەیامێك دابنێت چەند ئامانج‌و هیوایەکی بەسوود لەپێش چاوی خۆی ڕەچاو بکات، هەوڵ‌و تەقەلا بدات کە بەدییان بهێنێت ، بۆ ئەوەی کۆمەڵ‌و نەتەوەکەی کەڵکی لێ وەرگرن .

وەکو : بەرهەڵستی کردن لە بیرو باوەڕی کۆمەلایەتی‌و ڕامیاری‌و ئابوری بێفەڕ ، بەرهەڵستی کردن لە جۆرەکانی بەندایەتی‌و ژێردەستەیی بەرهەڵستی کردن لەو بیروباوەڕانەی کە دەبنە هۆی دواکەوتنی بیری ڕوونی نەتەوایەتی‌و نیشتمان پەروەری کوردەوارییمان ، ئەو بیروباوەڕانەش وەکو : تیرە گەری نەسلك و هۆز پەروەری تەنگ ، دواکەوتن‌و تۆکەری بیانە چونکە ئەمانە دەبنە هۆی پچڕپچڕبوون‌و پەرت‌و بڵاوی باری نیشتمانی‌و نەتەوەییمان ، ولاواز بوونی باری کۆمەڵایەتیمان ، وەکو : پەندە کوردییەکە دەڵێت :

ماڵ لە خۆی نەبوو میوانیش ڕووی تێ دەکرد .

ئێستا ئێمە بە چاوی خۆمان دەبینین ، چەند کەس لە لاوەکانمان لە مەیدانی جەنگدا شەهید دەبن لەڕێگەی مافەکانی گەلەکەمان و نیشتمانەکەماندا دەکوژرێن و خوێنی گەشیان دەڕژێت لە لایەکی دیکەوە دەئەوەندە زیاتر لە ڕێگەی هۆزەگەری و دوژمنایەتی تیرەگەریدا دەکوژرێن و لە خوێنی خۆیاندا دەگەوزێن بە بێ گوناه هەتا وای لێهاتووە ئەم بیروباوەڕە دواکەوتووە ڕێڕەوو ئەنجامی پارتە ڕامیارییەکانیشی تێکداوە ، زۆر لە ئێمە هەرچەند پێش کەوین لەبارەی خوێندەواری و ڕۆشنبیرییەوە ، ناتوانین خۆمان ڕزگار کەین لەو بیروباوەڕە تەسکانە بچینە نێو گۆڕەپانی نەتەوایەتی ، نیشتمانپەروەرییەوە . زۆر کەس هەن ، هێندێ لایەن هەن هانی مانەوەو بوژانەوەی ئەو تیرەگەری و هۆزەگەرییانە زیاتر دەدەن لەبەر پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ، بەش بەش کردنی نەتەوەکەمان ، پێویستە لە سەرمان ڕووپۆشی ناپاکی لە سەر بڕواو نیازی ئەو جۆرە کەسانە هەڵماڵین ، بە هۆی بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و بیروباوەڕی نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەری ، بڕ خێرو بڕ فەڕو بەرەکەت .

★ ★ ★

نیشانەکانی کەسێتی باش لە کۆمەڵی کوردەواریدا

بەڕاستی ڕادەی بەرەویو بەرەواجی زۆر لە نیشانەکانی کەسێتی مرۆڤ لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە جیاوازی یان هەیە ئەم گۆڕانو جیاوازیەش لای هەر کۆمەڵێك ، وابەیوەستە بە چەند هۆیەکی مێژوویی کۆمەلایەتیو ژینگەی تایبەتیەوە ، بۆ نموونە:نیشانەی ئازاییو جەنگاوەری ، کە لای مرۆڤێکی کورد بە نیشانەیەکی بالا دادەنرێت ، ئەو پلە بالایەی نادرێتێ لە وولانەکانی ئەوروپادا یان بابلێین شێوەو جۆری ڕەنگەی ئازایی دەربڕینێکە کە دەگۆڕێت ، هەروەها نیشانەی بەخشندەیی بە نیشانەیەکی بەرز دادەنرێت ، لە کوردستانی ئێمەدا بەلام لە زۆر وولاتی دیکەدا ئەو پلە بەرزەی نادرێتێ ، هەر لەبەر ئەوەیە گەلی کوردمان بە شێوەیەکی گشتی چەند نیشانەو سیفاتێکی کەسێتی تایبەتی هەیە جیای دەکەنە وە لە گەلەکانی دیکە .

ئێمە لە کاتێکدا کە مێژووی گەلی کورد(٩) دەخوێنینەوە ، دەبینین زۆربەی زۆری ڕۆژ هەلاتناسو گەڕیدەکان ، دانیان بەوەدا ناوە کە کوردەکان وەکو گەلێك بە شێوەیەکی گشتی ، باشترین نیشانەی کەسێتی دەپەسنێنن ، وەکو سوارچاکی ، ئازایی ، جەنگاوەری ، بەویژدانی ، بەتەوانایی ، لەسەرخۆیی هتد ....

---

(٩) باسیل نیکیتین ـ الاکراد ـ ط (١) دار الروائع ١٩٦٧ في بیروت ص٥٠ .

مێجەرسون دەڵێت(١) کورد هەمیشە بەجەرگە ، قارەمانە .

مامۆستا هادی رشید چاوشلی دەڵێت: کەسێتی کوردی گیانی یارمەتی‌دان‌و هاوکاری زۆرە ، بەتایبەتی لەگەڵ خزم‌و کەس‌و کاریدا ، هەروەهـــا دەڵێت(٢) : کەسێتی کوردی رێزی پیرو بەساڵاچووان زۆر دەگرێت هەروەها دەڵێت کەسێتی کوردی هەمیشە بەستراوە بە خوو رەووشتە کوردی‌یە پەسندەکانەوە و وازیان لێ ناهێنێت،بالەدەرەوەی کوردستانیشدا بژی ، ئەم نیشانەیەش یەکێکە لەو نیشانانەی کە نایەڵێت بتوێتەوە .

دروست بوونی ئەم نیشانە کەسێتی‌یە باشانەش ، کارێکی کت‌وپڕی نەبووە لــە ماوەی شەوو ڕۆژێکدا دروست نەبوون ، وادیارە لـــەبەر ئەوەیە کــە جۆری ژیانی باووباپیرمان لــە ژینگەیەکی سەخت‌و گیروو گرفتاویدا بووە ، تا ئێستـــەش ژینـــگەیەکی ڕەهێلاوی‌و سەهۆلاوی‌و تووش‌و تـەوژم دارو چڕو دارستانی پڕپیشـە وگیـــاو لەبەرو چڕو جـانەوەرانمان هـەیە ئەمـە لـە بارەی سروشتەوە لە لایەکی دیکەوە فەڕوبەرەکەت‌و بەرهەمداری‌و سامانداری‌و دیمەن‌و جوانی شاخەکـانی کوردستان ، وایان کردووە ، کــە بەرچـاو بـکەون‌و سەرنجی گەلان‌و نەتەوەکانی دەوروبەریان ڕابکێشن ، داگیرکەران چاو ببرنە وولاتەکەیان‌و تەماعی تێ بــــکەن و هـەول بدەن داگیری بکەن ، ئەمانیش زۆریان بۆ هاتووە کــە بەربەرەکانی لێ بـکەن هەوڵ بدەن کــــە داگیرکەرەکان دەرکـەن ، ئەمجا بۆیە ئەم سیفاتە باشانەیان تێـــدا چەسپیوەو پەرەیان سەندووەو ناوبانگی بێ پەیدا کردوون ، بە جۆرێکی ئاوەها کــە زۆر لە

---

(١) رحلة متنكر الى بلاد ما بين النهرين وكردستان ــ تاليف ميجرسون ترجمة فؤاد جميل ــ مطابع الجمهورية ــ بغداد ١٩٧٠

(٢) الحياة الاجتماعية في كردستان ــ تاليف هادى رشيد الجاوشلى مطبعة الجاحظ ــ بغداد ١٩٧٠ ص٦ ، ٨٤ ، ٨٥ ، ٨٦ .

میژوو نووسەکان ڕایان وایە کە ووشەی (کورد) لە گوردەوە هاتووە ، واتا چوست و چالاك و ئازا . هەر ئەم نیشانانە بوون ، کەسیتی کوردیان ئەوەندە بەهیز کردووە ، بتوانیت خوی لە چەقی لافاوی داگیرکەراندا ڕاگریت و نەتاویتەوە و بیان تویننیتەوە لە گەروی خویدا ، یان ڕاکەن و بگەڕینەوە .

بەلام سەرسوڕمان لەوەدایە(١٠) کە هەندیك لەو نووسەرانە ڕایان وایە کە گەلی کورد بویە ناتوانیت بگاتە ڕیزی گەلانی دیکە ، چونکە ناتوانیت کەسیتی خوی بگوڕیت و بەرگی هوزەگەری و تیرەگەری تەسك و ترووسك ، لە بالای خوی داماڵیت .

گەورەترین هوی ئەمەش ناحەزەکانیتی ، کە تەگەرە دەهیننە ڕیگەی ، لەم کارەدا هەرچی جوریك هەبیت ڕوژگار دەیزانیت .

هەرچی جوریك هەبیت زوربەی زوری نیشانەکانی کەسیتی مروڤی کورد جیگەی ستایش و بەگەن کردنی ئەو گەریدە و ڕوژهەلات ناسانە بووە ، بەلی ئەوە واتای وا نی یە کە هیچ کەسیکی کورد ئەو نیشانانەی تیدا نی یە کە کەسیتی لاواز دەکەن ، بەشکو کومەلی کوردەواری ئەو نیشانانەی بەدی کردووە لە زور ئەندامەکانیدا بەلام بە شیوەیەکی گشتی لییان ناڕازی بووە .

ئەمجا گرنگترین ئەو سیفاتانەی کە مروڤ ناشیرین دەکەن و کەسیتی یەکەی لاواز دەکەن ئەمانەن

---

(١٠) المصدر السابق ص٦٣ .

ترسنۆکی ، پووڵەکێتی ، ناپاکی ، لوتبەرزی (فیزڵی) ، دەست چەپەڵی ، زوبانپیسی ، خۆپەرستی ، زووتوڕەبوون ، ڕووشکێنی داوێنپیسی ، .. هتد ..

خراپترین ئەو سیفاتانەی کەسێتی مرۆڤ لاواز دەکەن ، ئەوانەن کە زیان بەخش ترن یان زیان بە کەسەکەو بە کۆمەڵیش دەگەیەنن وەکو :

پووڵەکێتی ، ناپاکی داوێنپیسی .. هتد ..

★ ★ ★

پەسندترین نیشانەی کەسێتی لە کۆمەڵی کوردیدا

پەسندترین نیشانەی کەسێتی لە کۆمەڵی کوردیدا ئەمانەن :

ئازایی ، بەزاتی ، جوامێری ، ڕێزگیری ، لێبوردوویی ، وەفاداری، سەرڕاستی ، ڕاستگۆیی ، حەقویژی ، ئازادی خوازی ، دادپەروەری ، بەبەزەیی ، نیشتمانپەروەری ، کوردپەروەری ، خۆبەختکاری ، خـــۆ نەپەرستی ، دڵسوزی ، بە ئابڕوویی ، بەشوورەیی ، داوێنپاکی ، دەست پاکی ، زمانپاکی ، میوانپەروەری ، بێفیزی ، بەوەژدانی ، لەســـەر خۆیی ، ڕووخۆشی ، بەتەبایی ، هاوتایی ، گیانیپارمەتی ، قسەخۆشی ، نوکتەبازی ، ڕەووشتجوانی ، ڕۆشنبیری ، جیهاندیدەیی ، شارەزایی کارامەیی ، سنگفراوانی ، بەپشوویی ، دووربینی .

یەکێك لـە نیشانەکـانی کەسێتی سەرکەوتوو ، لە کوردەوارییدا ، ڕێزگرتنی ئافرەتە ، واتا ئەو کەسەی کـــە ڕێزی ئافرەت ، دەگرێت ، سەربەستی لە سنورێکی تایبەتیدا ، دەداتێ ، لە چاوی کەسانی دیـــکەدا گەورە ، و خۆشە ویست ، و بە کەسێتی دەبێت .

خوێنەری هێژا ، ئەگـەر لـە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤە کەسێتیدارەکان وورد ببنەوە ، و لەبارەی ژیانی بیاوە بەناوبانگەکانی کورد بخوێننەوە ، دەبینین سەربەستییەکی زۆریان بـــە ئافرەت داوە ، پلەو پایەیەکی کۆمەڵایەتییان بـــە هاوسەرەکانیان داوە ، لەم بارەیەوە ئەو نوســـەرە

بیانانەی کە لە بارەی کوردەوە ، نوسیویانە ، ئیتر مەبەستیان باش بوبێت ، یان مەبەستیان خراپ بوبێت لـە زۆربەی نوسینەکانیان ، پەنجەیان ، بۆ ئەم راستی‌یە راکیشاوە ، و ووتویانە ئافرەتی کورد بەچـــەو روپۆش ، ناپۆشێت ، مێردەکـــەی پشتی پێدەبەستێت ، باوەری پێـــدەبێت ، سەربەستی دەداتێ ، لەبەر ئەوە کـە لە ماڵ نەبوو پێشوازی میـــوان دەکات ، و خواردن و خۆراکی بۆئامادە دەکات لە دیوەخاندا لەگەڵی دادەنیشێت ، هەروەها ، هاوکاری پیاو دەکـــات ، لەئەنجـــامدان و جێبەجێ کردنی کارەکانیدا ، چەندەها ئافرەتی کورد هەبون ، وەکو پیاو ووڵات ، یان شار ، یان گوندیان بەرێوە بردووە ، بە بێ ئـــەوەی هیچ ئەندامێك لـەو کۆمەڵەدا ، لـە دانشتوان بەر هەڵستیان بکەن ، یان ئەم کارەیان بە لاوە ناخـۆش بێت ، نموونە بۆ ئـــەم ئافرەتانە زۆرە ، ئەدمۆندز(۳) دەڵێت دانشتوانی چەند گوندێك لای رەواندوز (فاطمة خانم) یان هەڵبژاردو دایانا بە نوێنەری خۆیان کە لەباتی ئەوان دەنگیان بۆ بدات ، لە هەڵبژاردندا ، لـە کاتێکدا کە یاسای هەڵبژاردنی کـــاتی پاشایی دانی بە دەنگدانی ئافرەتدا نەنابوو ، ئەم ئافرەتە دوای کۆچـــی دوایی کردنی مێردەکەی ، ئـەم گوندانەی بەرێوە دەبرد . ئەمـە ئەوە دەگەیەنێت کە هەڵکەوتنی ئەم جۆرە کەسێتی‌یانە لە ئافرەتی کورددا ئازایەتی‌یەکـــەی دەگەرێتەوە ، بۆ پیاو ، بۆ ئەو نەریت ، و خـــوو رەووشتانەی پەروەردەی کردوون ، چونکە ئەگەر مێژووی ژیانی ئـەم جـــۆرە ئافرەتە ناودەرکردوانە بخوێنینەوە ، دەبینین یان خێـــزانی کەسێتی‌یەکی بەهێز و سەرکەوتوون یان کچین ، یان خوشکین ، فەت نەبووە هاوسەری پیاوێکی کەسێتی نـــزم ، یان خوشـــکی ، یان کچی

---

(۳) کورد ، تورك ، وعرب ـ تاليف ـ سی جي ادموندز ـ ترجمة جرجيس فتح الله بغداد ـ مطبعة تايمس ۱۹۷۱ ص۱۸

هەڵکەو نێت ، ناوبانگی ژنێتی دەرکات ، لە دیوەخاندا ، شان بە شانی پیاوان دانیشێت ، لە سوارچاکیدا ملەملەیان لەگەڵ بکات ، چونکە پیاوی بودەڵەو کەسێتی نزم ، یان بێ کەسێتی ، دڵی پیس بووە ، ماوەی ئافرەتی نەداوە ، لە کۆمەڵدا ڕەو بکات و هەڵکەوێت و سەرکەوێت بەڵکو هەمیشە چەوساێتیوە ، خنیویتیە پێچو ، پەناوە ، لەبەر ئەوە لە جۆروباری ژیانی کوردەواری سروشتیدا ، ئازایەتی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ پیاو ، ئەو پیاوەی کە نەریت و خووڕەووشتی کۆمەڵایەتی پەروەردەی کردووە و ئاوی داوە ، کاتێك کە هیچ یاسایەکی دەستکرد یان ئاسمانی دانەهاتووە و ئافرەت و مافی ڕەوای پارێزێت .

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ، کە ئافرەتی بەکەسێتی لە کومەڵی کوردەواریدا ، ئەو ئافرەتەیە کە لە بەردەم میواندا ڕووی خۆشەو دەم بە پێکەنین ، و خزمە تکوزارە .

بەشداری پیاو دەکات لە خۆشیو ناخۆشیداو لە کار ئەنجامداندا . هەر وەکو ڕۆژ هەلات ناسەکان دەڵێن : پیاوی کورد دوژنەو سێژنەو چوارژنەیان نەهێناوە ، هێندە ئاغاو دەرەبەگ نەبێت . چەند ڕاستییەك هەن پێویستە بەم سەبارەتەوە ڕوونیان بکەینەوە :

١ ـ ئەم نیشانانە لە مرۆڤدا ، هەموویان لەیەك ریزدانین ، بەڵکو هەندێکیان وەکو : ئازایی ، بەخشندەیی ، نیشتمانپەروەری ، کوردایەتی، بەبەزەیی ، لێبوردن .. هتد .. ئەمانە لە پێشترن و پلەکانیان بالاترن .

ئەگەر چاوێك بگێڕین بە کۆمەڵی کوردەواریدا ، دەبینین نیشانەی میوان پەروەریو نانبدەیی ، دەست گیرۆدەیی ، بەو نیشانانە دەژمێردرێن

کە مرۆڤ خۆشەویستو بەناوبانگ دەکەن ، هەروەها جەنگاوەریو کەڵە مێردی وەك تۆبەکەل ، دەنگ بە پیاو دەدەنەوەو ناوبانگی پێ پەیدا دەکەن ، بە ڕاستی ئازایی‌و کەڵەمێردی ، لە زۆر سیفەتی دیکەی مرۆڤ خۆش دەبن ، واتا ئەگەر مرۆڤێك چاو نەترس‌و ئازا بێت مەرج نی‌یە بەخشندە بێت ئەمەش لەبەر ئەوەیە باری تێستەی گەلەکەمان پێویستی بە ئازایەتی هەیە ، هەر وەکو چۆن ئەو کەسەی میوانپەروەرو بەخشندە بێت مەرج نی‌یە ئازاو چاونەترس بێت ، چونکە بەخشندەیی کەلێنێکی گەورەی باری ژیانمان پڕ دەکاتەوە بەڵام هەندێك لە نیشانەکانی کەسێتی هەرچەند بوونیان مەرجە لە مرۆڤی کەسێتی بەهێزدا ، وەکو زمان پاکی لە سەرخۆیی ، بە ئابڕوویی ، پلەکانیان نزمن بە گوێرەی ئەوان ، وادیارە لەبەر ئەوەیە کۆمەڵ ئەگەر پێی بکرێت سزای ناپاکی‌و داوێن‌پیسی دەدات ، بەڵام سزای کەسێك نادات کە بەخشندە نەبێت ، هەروەها پەلە کردن لەژیاندا ، زیان لەو کەسە دەدات کە هەڵەشەیەو بەس ، وەکو پەندە کوردی‌یەکە دەڵێت : شەیتان پەلەی کرد،چاوی خۆی کوێر کرد .

هەروەها ئەگەر بێینە سەر سیفەتی کوردپەروەری ، پێویستە ئازایی‌و دەست پاکی‌و نیشتمان پەروەری‌و دڵسۆزی‌و خۆنەپەرستی‌و لەسەرخۆیی‌و تەبایی‌و گیانی یارمەتی‌و ئازادی‌خوازی‌و دادپەروەری لەگەڵدا هەبێت نابێت سیفەتی دۆفینێتی‌و ڕەگەزپەرستی‌و هوزەگەری‌و تیرەگەریشی لەگەڵدا بێت چونکە دژی یەکن‌و لە مرۆڤێکدا ، پێکەوە کۆنابنەوە ئەو کەسەی کە ئەم نیشانەی تێدا هەبێت ، پێویستە خۆهەڵکێش‌و سنگ‌هەڵکێش‌و بێیار نەبێت دزوو درۆزن‌و ناپاك نەبێت ، ڕێزی هەموو کەس‌و (کەسی‌باش) هەموو نەتەوەیەکی لا هەبێت شاعری کورد فائق

بێ‌کەس[11] چەند شعیرێکی و تووە ، تا ڕادەیەك بۆ ئەم باسەمان دەس دەدات‌و دەڵێت :

لە کوردا ئەو کەسەی بە ویژدانە کەوا مەردە
کە سەربەست بێ لە ئالەم ، ڕۆژێا ئەویش بێ‌مسل هەم فەردە
نەزیری ئەو لە دونیادا نیەو نابێ هەتا مەحشەر
دڵێ دەرحەق بەهاو چینی بلوری سافی بێ گەردە
بۆ ڕەحم‌و شەفقەتە دائیم لە بۆ شەخصی کە بێ دەست بێ
ئەوی حەز بەو نەکا بێ‌شك لە لای خوا ڕو ڕەش‌و زەردە
تەبیعەت حاتەمی تائی ، لە فیکرا چەشنی لوقمانە
لە حیلم‌و حەوسەلەو ئیشدا دڵی ڕەق‌ڕەق وەکو بەردە
نیشانەی فەخرە بۆ ئێمە کە زاتێکی وەها مان بێ
ئیلاهی بەر قەراری کەی چراغی میللەتی کوردە

٢ ـ زۆرترین کەس لە کۆمەڵدا لە هەموو سیفاتەکانیان ئاساین واتە دەکەوونە ناوەڕاستەوە ، بەڵام لە سیفەتێکدا یان زیاتر هەڵدەکەوون و وەدیاردەکەوون ، بەم جۆرە سیفاتانە دەووترێت (سمە) واتە نیشانە ، چونکە سەردەکەوێت‌و سیفاتەکانی دیکەی هەموو دادەپۆشێت‌و دەشارێتەوە ، بەڵام ئەو کەسانەی کە دەکەوونە ئەم پەڕو ئەوپەڕی سیفاتەکانیانەوە پێیان دەووترێت ناوێزە ، واتە پەرگرو لاگر ، مەرج نی‌یە ئەو کەسانەی سیفاتەکانیان ئاسایی نەبێت تووشی نەخۆشی دەروونی بووبێتن .

★ ★ ★

---

(١١) ـ دیوانی بێ‌کەس ـ چاپخانەی (الادیب) بەغدا ١٩٨٠ ص٢٢٧ .

جۆرەکانی کەسێتی

ئەگەر بوایەو بتوانرایە ، پێوانەیەکی ڕاستەقینەی وورد پێوی تەواو بۆ پێوانەی کەسێتی مرۆڤ دابهێنرایە ، کەسێتی هەموو مروڤی سەر ڕووی زەمینی پێ بپێورایە ئەو کاتە دەری دەخست کە جۆرەکانی کەسێتی مرۆڤ ئەوەندە زۆرن ، بە ئەندازەی ژمارەی دانیشتوانی ڕووی سەر زەمینن • بەڵام بەختی زاناو لێکۆڵەرەکان ئەوەندە گەورەیە ئەو تەقەلاو مانووبوونە یان بۆ گەڕاوەتەوە ، چونکە تا ئێستە کەس لە زاناکان هەوڵیان نەداوە کە ئەو (کەسێتی پێوە) دروست کەن و دای هێنن • ئەمیش لە بەر ئەوە نەبووە کە کارێکی نەکردو (محال یا مستحیل) بێت ، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە نیشانە بناغەیەکانی کەسێتی ئەوەندە لەیەکەوە نزیکن پێویست بە داهێنانی ئەو کەسێتی پێوە ووردە ناکات •

چەند زانایەك(١٢) هەوڵیان داوە کە کەسێتی مرۆڤ و لاگرییەکانی بکەن بە چەند بەشێکەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دابەشکردنانە ڕەخنەیەکی زۆریان لێ گیراوە چونکە لەگەڵ ئەو هەوڵەدا سنورێکی تەواوی لە نێوان ئەو بەشانەدا ، دانەناوە ئەویش لەبەر ئەوە بووە ، دابەش کردنی کەسێتی بە شێوەیەکی زۆر وورد لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا

---

(١٢) الصحـة النفسية والعلاج • د ـ حامد عبدالسلام زهران ط٢ ١٩٧٨ الناشر مكتبة عالم الكتب •

ناگونجێت ، ودەبێت ئەوە بزانین لەم دوایەدا ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیان ناو ناوە (علم الانماط Typology)

یەکەم : یەکەم کەس کە هەوڵی ئەم دابەش کردنەی داوە زانایەکی یۆنانی کۆن بووە ، بە ناوی هیپۆکرات(١٣) ، ئەم زانایە مرۆڤی کردووە بە چوار جۆرەوە ، هەر جۆرەو نیشانەو سیفاتی تایبەتی بۆ داناوون :

١ ـ کەسی میزاج خوێناوی(١٤) :

ئـەم جـۆرە کەســانە شێوەی لەشیان گرتك لە گۆشتە ، تووڕەو حول‌حولێن ، زوو زوو هەڵدەچن ، ئەمە لە لایەکەوە ، لـــە لایـەکی دیـکەوە ، خۆش‌ڕواو گەش‌بین‌و ڕووخۆشن ، چالاك‌و گورج‌و گۆڵن ، وورەبەرزو بۆ کــار کردن زۆر بە پەرۆشن ، بە ئاسانیش بــە دەم دەستەوە دێن •

٢ ـ کەسی میزاج زراوی : یان زەرداوی (الصفراوی)

ئەم جۆرەیان توندو تیژو توڕەو بەهێزن •

---

(١٣) هیبوکرات (٤٦٠ ـ ؟) بەمز ، لە دورگەی (کوس) لـە یۆنان زەمین ژیاوە یەکێك بوزە لەنوشدارە کۆنە بەناوبانگەکانی جیهان ، لە (لارسا) کۆچی دوایی کردووە • ئەگێڕنەوە دەڵێن : جارێـکیان یەکێك لە پادشاکانی ئێران زەمین دیاری یەکی زۆری بۆناردووە ، بۆ ئەوەی دلی نەرم کات‌و هەڵی فریوێنێت ، بۆ ئەوەی بێبات بۆ ئەوێ ، چارەی ئەو نەخۆشی‌یانەی پێ بکات ، کە ئەو ســەردەمە بلاوبوبوونەوە ، بەڵام زوو دەرکی بەمە کردوو ، دیاری‌یەکــانی بۆ ناردەوەو نەچوو ، چونکە بە ناحەزی وولاتەکەی دەزانین

(١٤) میزاژ : بریتی‌یە لە (تەبیعەت ـ سروشتی)ی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی بەتایبەتی لەبارەی سۆزی‌و ئارەزو هەوەسی توخمی‌یەوە لە کۆندا میزاجیان کردووە بە چوار بەشەوە •

٣ ـ کەسی میزاژ ڕەشایی :

ئەم جۆرەیان ، هـەڵچوون بەهێزن ، دڵتەنـگ‌و وورەبزمن ، مڕومۆچ‌و خەماوین •

٤ ـ کەسی فلیگماتی :

ئەم جۆرەیان خاوو خلیچکن‌و هەڵچوون قوڕاوین ، ساردو سڕن ، دەبەنگ‌و سکەڕۆو زۆر خۆرن لەوە خۆشتر ئـەوەیە کـە ئەم زانایە مرۆڤی ڕەووشتڕێکی بەو کەسە داناوە کە ڕەووشتەکانی لە هەر چوار جۆرەکە تێکەلاو بێت وەکو یەك بە بێ‌زیادبۆ کەم ، وە ئەگـەر هـاتو یەکێکیان لەوانی دیـکە زیاتر بێت لە یەك کاتدا ، ئەوە ئەو ساکـە ئـەو مرۆڤە بە مرۆڤێکی دەروون نەخۆش دادەنرێت • ئەم دابەش کردنەش هەرچـەند (دەروون زانی) نوێ دانی پێـدا نانێت ، بەتایبەتی جۆری ڕەشاییەکان ، بەڵام بە دابەش کردینێکی بە کەڵکی دادەنێت •

لە لایەکی دیکەشەوە ئـەم دابەش‌کردنەو دابەش کردنەکەی کەسێتی بە لای زانای ڕووسی باڤلۆڤەوە ، کە لەم سەدەیەدا کردوویەتی زۆر لـە یەکدەچن •

ئێمـە دەزانین باڤلوف‌و ئەو زانایانەی کـە تاقی‌کردنەوەیان لـە سەر ئاژەڵ کردووە لەو تاقی‌کردنەوانە کەڵك‌و بەرژوەندی مرۆڤـان مەبەست بووە •

ئەمجا لـە کاتێکدا کـە باڤلوف تاقی‌کردنەوەی لـە سەر سەگ دەکرد لـە سەرەتاوە ، وای زانی کە سەگ دوو تەرزی هەیە ، یەکەمیان زوو وەڵامی مەرجە تێکەرەکان دەداتەوە واتا کاتێك کە گوێی‌لەو زەنگە بوایە ، یان چاوی بە ڕووناکی ئەو گڵوپە سوورە بکەوتایە کـە لـە کاتی

خواردندا بۆیان هەڵدەگیرساند دەست بەجێ لیك بەدەمیـــدا دەهـــاتە خوارەوە ، باخواردنیشی لەگـەڵ نەبوایە ، بەڵام تەرزی دووەم دەرەنگتر وەڵامی مەرجـە تێکەرەکان دەداتەوە ، کـە گوێی لە دەنـگی زەنگۆڵە کە دەبوو ، یان چـاوی بە تیشکی چرا سوورەکە دەکەوت ، بە درەنگ لیك بەدەمیا دەهاتە خوارەوە •

ئەمجا تەرزی یەکەمی ناو نا (تەرزی هەڵچوو - Exitatory)

وەتەرزی دووەمیـــانی ناو نا تـــەرزی (درژ - inbitory)

پاڤلۆف دوای چەند تاقی کردنەوەیەکی دیـکە تەرزێکی دیـــکەی بۆ دەرکـەوت کە زۆر زووترو چالاکانەتر ، وەڵامی تێکەرە مەرجیەکانی دەدایەوە •

ئەم جۆرە یانی کردە دوو بەشەوە تەرزی پرتەوی چالاك‌و تەرزی شێنەیی نەجوڵ •

پاڤلوف باوەڕی وابوو کـە هۆی ئەم جیاوازیانە ، دەگەڕێتـەوە بۆ باری (بۆماوە) و بۆ پێکهاتنی مێشك‌و کۆئەندامەکانی دەمار •

دووەم : کەسێکی دیکە لەو ، زانایانەی هەوڵی دابەش کـــردنی کەسێتی‌یان داوە ، زانایەکی ئەڵمانی بووە ناوی (کریشمار)ە(١٦)

---

(١٥) علم النفس اسسه وتطبيقـــاته التربوية والاجتماعيـة ـ تأليف الدكتور عبد علي الجسماني طبعـــة منقحة بسنة ١٩٨٤ بمطبعة الخلود في بغداد ص٢٢٦

(١٦) ئارنیست کریشمار (١٨٨٨ ـ ١٩٦٤) جولەکەیەکی ئەڵمانی‌یە بە دامەزرێنەری دەروونزانی (الجبلي) نوێدا دەنرێت ، کـــە لـــە کاتێکدا لە ئەڵمانیا هەڵهاتووە)پەنای بردووە بەر ئەمریکا ، لەوێ مایەوە خۆی بە چارەسەرکردنی نەخۆشە شێتەکانەوە خەریك کرد•

ئەم(١٧) زانایە کەسیتی مرۆڤی بە پێی شێوەی لەشولار ، یان با بلێین : بە گوێرەی بنیاتی جەستەو پەلووپۆی ، کردووە بە چوار بەشەوە ، یان بە چوار کۆمەڵەوە :

کومەڵەی یەکەم :

مرۆڤە گرتك لە گوشنەکان

ئەم کۆمەڵەیە ، مرۆڤەکانی کورتە باڵاو بانۆڵەو خڕو مل کورتەو شان خڕن ، تا ڕادەیەك باسك کۆڵو دەستو قاچ بچوکن •

ئەم جۆرە کەسانە دەم دەمین ، دەمێك ڕوخۆشن‌و دەمێك ڕوو گرژن ، یان با بلێین :

دەمێك دڵشادن ، دەمێك دڵ تەنگن ، لەگەل ئەوشدا زۆر بلێی‌و بزێوون ، گاڵتە چی‌و نەوسن‌و چلێسن ، لە لایەکی دیکەوە ئیش کەرو گورج‌و گۆلن •

ڕێژەی زۆری ئەو کەسانەی کە تووشی نەخۆشی (شادو دڵتەنگی) دەبن لەم جۆرە کەسانەن •

کومەڵەی دووەم :

کۆمەڵی لەش‌وەرزشی‌یەکان :

ئەم کۆمەڵەیە مرۆڤەکانی شان تێك‌سمراوو دەستو قاچ گەورەن ئەندامەکانی لەشیان گونجاوو چون یەکن •

---

(١٧) علم النفس وتطبيقاته التربوية والاجتماعية ـ د ـ عبد علي الجسماني طبعة منقحة ١٩٨٤ طبع بمطبعة الخلود في بغداد ص٢٢٣ •

کۆمەڵەی سێیەم :

کۆمەڵەی لاوازەکان •

مرۆڤەکانی ئەم کۆمەڵەیە ، قەد باریك و لەش بووچەڵن ، قەبارەی لەشیان بە گوێرەی بەرزیی باڵایان نی یە ، سنگ تەسك و شان داتەکاو و دەست و قاچ درێژن •

کۆمەڵەی چوارەم :

کۆمەڵەی لەش گەجەرەکان •

مرۆڤەکانی ئەم کۆمەڵەیە ، لەشیان نالەبار و ناوێزەو نەگونجاو هەڵکەوتووە • رژێنەکانی لەشیان بە ڕێکی نارژێنە ناو لەشەوە ئەمجا کریشمەر ڕای وایە کە پەیوەندی لە نێوان کەسێتی مرۆڤ و جۆری هەڵکەوتنی لەش و لاریدا هەیە بە مەشەوە نەوەستاوە و زیاتر ڕۆیشتووە، جارێکی تریش هاتووە کەسێتی مرۆڤی بە پێی میزاج دابەش کردووە و کردویەتی بە دوو بەشی سەرەکی یەوە •

بەشی یەکەمیان

کۆمەڵەی میزاج دەمەدەمین •

ئەم کۆمەڵەشی کردووە بە سێ کۆمەڵەی بچوکترەوە •

١ ـ جۆرە مرۆڤێکی دڵ پاك و خێر و بێر کەر و ڕووخۆش و کۆمەلایەتین •

٢ ـ جۆرە مرۆڤێکی (حولحولین) میزاجیان هەردەمی بە جۆرێك دەگۆڕێت دەمێك توڕەن و دەمێك ڕووخۆشن ، هەردەمی لە سەر بەزمێکن و هەردەمی لە سەر پەتێك یاری دەکەن •

٣ـ جۆرە کەسێکن کە دەمێك زۆر دڵشادن ، دەمێك زۆر دڵتەنگن ، واتە ئەم بەرەو ئەوبەڕی سیفەتەکە دەگرنەوە ئەم زانایە دەڵێت لە ٩٥٪ی ئەو کەسانەی کورتو قەڵەوو بانۆڵەن ، بە شێوەیەکی گشتی میزازیان دەمەدەمی یە •

دووای ئەوە هاتووە سێ پلەی داناوە لە نێوان زۆر دڵشادیو زۆر دڵتەنـــگیدا •

١ـ٣ـ جۆرە کەسێکن زۆر دڵشادو ڕووخۆشو بزێوون •
٢ـ٣ـ جۆرە کەسێکی ماماوەندین ، زۆر ڕاستو ئیش کەرن •
٣ـ٣ـ جۆرە کەسێکن زۆر دڵتەنگو خەمۆکین •

بەشی دووەمیان :

مرۆڤە خـاوەن شیزی یە کەسێتی یەکان جۆرە کەسێکن ، بەمرکو شەرمنو لابەڕوو دوورەپەرێزن ، لە شوێنو کاتی خۆیدا بەـــەڵاچنو تووڕە نابن •

ئەمانە زۆر نیزیکن لەوەوە کە تووشی نەخۆشی شیزوفرینیا بین *

ئەم زانایە دەڵێت : لە ٧٠٪ی مرۆڤی باڵا بەرزی ڕەقەکاری لـەش پووچەڵ ، ناودەبرێن بە شیزەکەسێتی ، واتا : نیزیکن کە تووشی نەخۆشی شیزۆفرینیا بین •

هەروەهـــا هاتووە کـەسێتی میزاژ شیزی کردووە بە سێ پلەوە (جۆر)ەوە :

١ ـ جۆرە کەسێکن زۆر هەستیارن •
٢ ـ جۆرە کەسێکن زۆر ساردو سڕن •
٣ ـ جۆرە کەسێکن زۆر ووشكو کەم هەستن •

رەخنە گرتن لە دابەشکردنەکەی کریتیشمار

چەند زانایەکی دەروونی ڕەخنەیان لە دابەشکردنەکەی ئارنیست کریتشمار گرتووەو ووتویانە : تا ئێستە چەندەها لێکۆڵینەوە بۆ دەرخستنی ڕاستو درۆی ئەم دابەشکردنە ، کراوە ، هیچیان نەیان توانیوە بە تەواوی ڕاستی‌یەکەی بسەلمێنن •

بێجگە لەوەش ئەو پەیوەندی‌یەی ئەم دەیڵێت : لە نێوان کەسێتی مرۆڤو جۆری ڕسکاندنی لەشدا هەیە ؛ بە سەر هەموو کەسێکدا جێ‌بەجێ نابێت ، یان با بڵێین هەموو کەسێك ناگرێتەوە • لەگەڵ ئەوەشدا شێوەی لەشو لاری مرۆڤ لەو تەمەنە درێژەی کە بەسەری دەبات ، لە سەر بارێك نامێنێتەوە ، بەڵکو دەگۆڕێت چونکە چەندێك ئەو مرۆڤە بچێتە ناو ساڵەوەو تەمەنی گەورە تربێت ، ئەوەندەش داروباری لەشی دەگۆڕێتو تێك دەچێت ، بێجگە لەوەش هیچ پێوانەیەك نی‌یە شێوەی لەشێك لە لەشێکی دیکەوە بە ووردی جیا بکاتەوەو بی‌پێوێت •

لێرەدا وا چاکە ئەوە بزانین کە کریشمەرو هاوڕێکانی هەوڵێکی زۆریان داوە کە پێوانەیەك بدۆزنەوە ، بتوانن داروباری لەشی مرۆڤی پێ بپێوون ، لە دوایدا ئەم هاوکێشەیان بۆ دیاری کردنی ئەو پەیوەندی‌یانەی کە لە نێوان شێوەی لەشی مرۆڤو جۆری کەسێتیدا هەیە ، داناوە •

درێژی لاق × ٣١٠

—————————— × ١٠٠

چێوەی پانی سنگ × چێوەی درێژی سنك × بەرزی لەش(*)

تێبینی : ئەگەر ئەو کەسە لاواز بێت ، یان پانۆڵە بێت ، نرخی ئەنجامی هاوکێشەکە بەرز دەبێتەوە ، یان نزم دەبێتەوە بەرەوەیل (علی التوالی) •

سێیەم :
کە کاتێك دەروون زانی نوێ هاتە کایەوە زانایەکی دیکە بە ناوی• (یۆنگ(١٨) Jung مرۆڤی کردە دوو تەرزەوە (جۆر) •

١ ـ تەرزی : (گۆشەگر ـ Introvert)

٢ ـ تەرزی : (کراوە ، یان پەیوەندی گر Extravert)
پەیوەندیگر

تەرزی گۆشە گر :

ئەو کەسەیە کە حەز بە تێکلاویی و ناسیاوی و هەلسوکەوتی ناو کۆمەڵ ناکات ، حەز بە نووکتەو پێکەنینی زۆر ناکات ، چونکە شەرمن و دوورەپەروو کەمدووە ، خەیالاویە ، کاتێك تووڕە دەبێت ، نازانێت قسە بکات ، هەندێك جار کردەوەی سەیرو ناشیرین دەکات و ئەگەر پەیوەندی لەگەل کەسێکدا ببرێت ئەوەزۆر بە درەنگ لەگەلیدا ئاشت دەبێتەوەو ئەگەر گەلاڵە کراوێکی کومەلایەتی پێ بسپێرێت ، ئەوە بەدەگمەن تیداسەرکەوتوو دەبێت •

(*) لەش ـ الجـذع مەبەست بە درێژی لە پێنجکەلە سەرو دەستو قاچ دەتوانین بلێین : قەد

(١٨) کارل یۆنگ : لە پێشەوە بە کورتی باسی ژیانەکەیمان کرد

ئەم جۆرە کەسانە زۆر بەکەمی ئافرەت خۆشیانی دەوێت ، ئافرەتێك نەبێت وەکو خۆیان گۆشەگر بێت •

لە لایەکی دیکەوە ئەم جۆرە کەسانە زۆر بەباشی کاروباری خۆیان دەبەنە ڕێوەو زۆر ووردوو بەڕاوو تەگبیرن •

نیشانە لەشی‌یەکانی مرۆڤی گۆشەگر ، ئەوەیە لەڕوولاوازن‌و جەندیش خواردن بخۆن پێی قەڵەونابن •

تەرزی کراوە :

ئەم تەرزە مرۆڤە ئەو کەسەیە کە لە ژیانی تەنهای‌و گوشەگری ڕادەکات‌و هەڵدێت،لەبەر ئەوەی حەز بە تێکلاّی‌و ناساوی‌و هاوریکرتن‌و ڕووخۆشی‌و دەم بە پێکەنین دەکات ، گوڵی ناومەجلیس‌و کۆڕە ، هاودەم‌و هاوڕی‌یەکی کەم گلەیی‌یە ، چونکە مرۆڤێکی کراوەو بێ‌شەرمـــە نیشانە لەشی‌یەکانی ئەم جۆرە کەسانە قەڵەوو وورگنن • بەڵام لـەبارەی زەین ڕۆشنی‌و زەین‌کوێری‌یەوە هەردوو تەرزەکە هیچ جیاوازی‌یەکیان نی‌یـە •

یۆنـگ :

لـە دوایـدا هەریەکە لەم دوو تەرزە مرۆڤەی(١٩) کردووە بە (٤) چـوار جـۆرەوە :

١ـ١ـ جۆری گۆشەگری بیرەگەری : وەکو ئـەو زاناو فەلسەفە زانانەی کە بە پێی تاقی کردنەوە لە ماناو واتەی ڕووت زیاتر بیر دەکەنەوە•

---

(١٩) المدخل الى علم النفس الحديث ـ تاليف ريكس نايت ، ومرگريت نايت•تعريب/ د ـ عبد علي الجسماني/ط٣ ١٩٨٤ ص٢٨٣ •

٢-١- جۆری گوشەگری سۆزەگەری : بریتی یە لەو مرۆڤانەی کە زۆر هەستیان و سۆزیان بەهێزە ، بەڵام دەیشارنەوەو نایدرکێنن و دەری نابڕن •

٣-١- جۆری گۆشەگری هەستەگەری : ئەو جۆرە کەسانەن کە کاتێك یانەوێت شارەزاییەکی هەستیاری لەشت وەرگرن مەبەستیان تەنها باری جوانی ئەو شتەیە •

٤-١- جۆری گۆشەگری سروشتەگەری (ساکار) جۆرە کەسێکن کە کاتێك کارێك دەگرنە دەس ، دەیانەوێت زوو بگەنە کورتەو ئەنجامی ئەو کارە ، بەڵام بە کردەوە ناتوانن جێبەجێی بکەن •

ئەمجا دێینە سەر چوار بەشەکەی تریان :

١-٢- جۆری کراوەی بیرەگەری : وەکو ئەو زانایانەی بە بێ تاقیکردنەوە لە ڕاستی بابەتێ بیردەکەنەوە ودەکۆڵنەوە •

٢-٢- جۆری کراوەی سۆزەگەری : وەکو ئەو کەسانەی کە بە ئاسانی بە گەرمی دەڕۆن بە دەم خەلکەوەو بەپەرۆشی تێکلاوییان لەگەڵ دەکەن •

٣-٢- جۆری کراوەی هەستەگەری لە تاقیکردنەوەی ڕاستەوخۆ زۆر لەزەت ئەبینێ ، وهەموو کاتێك ، بۆ ئەوەی شارەزایی لە شت وەرگرێت ، حەز لە پەیوەندی ڕاستەو خۆ دەکات لەگەڵ ئەو شتانەی لە دەوروبەریدا هەن ، زوو بێزاریش دەبێت لەو پەیوەندییانە ئەگەر پێکەرێك زووزوو ووریای نەکاتەوە •

٤-٢- جۆری کراوەی سروشتەگەری : جۆرە کەسێکن ئاسایی و ساکارن ، دەست پێشکەری دەکەن لەکاروباردا ، زۆر جاریش تیدا

سەردەکەوون ، بەڵام بەردەوام نین لە سەر ئەم دەستپێشکەری یانە .

چـوارەم :

چوارەم دابەش کردن دابەش کردنەکەی (سپرانجەرە Spranger) ئەم زانایە بە پێی (زاڵی) مرۆڤی دابەش کردووە ، بۆ تەرزی تیۆری تەرزی ئابوری ، تەرزی جوان پەروەری ، تەرزی کۆمەڵایەتی ، تەرزی رامیـــــاری .

پێنجـەم :

بێجگە لەم دابەش کردنانەی کـە باسمان کردن ، چەند دابـەش کردنێکی دیکەش هەن ، گرنگترینیان ئەو دابەش کردنەیە کە زاناکانی دەروونزانی نەخۆشان کردویانە .

ئەم دابەش کردنە گرنگی یەکی زۆری هەیەو کەڵکێکی زۆری بۆ خوێنەری بەڕێز هەیە هەرچەند ئەم دابەش کردنەش و دابەش کردنەکانی دیکەش ، تێکڕا ڕەخنەیان لێ گیراوە ، وەکو : دوای چـەند لاپەڕەیەك باسیان دەکـــەین .

١ ــ کەسێتی ئاسایی (سروشتی) :

مەبەست لە کەسێتی سروشتی کەسێتی یەکی ئاسایی و مامناوەندی یە لـە ڕاستیدا دەروون زانەکان تا ئێستە نەیان توانیوە ، ئـەم کـەسێتی یە دەست نیشان بکەن لەبەر ئەوەی تا ئێستە ، لە سەر واتایەکی تەواو بۆ ئەم وشـەیە ڕێ نەکەوتوون یان نەیان توانیوە بیدۆزنەوە ، ئەمجا هـەر لەبەر ئەوە ، بە چەند پێناسەیەك ئەم کەسێتی یەیان پێناسە کردووە ، ئێمە لێرەدا تەنها سێ پێناسـەیان ، بۆ خوێنەری بەڕێز باس دەکەین :

١ـ١ـ کەسێتی سروشتی ئەو کەسەیە ، کە تواناو لێهاتنێکی کەسێتی باشی تیدا هەیە ، دەیش توانێت کە چۆن ئاراستە یان بکات ، ڕووەو ئەو ئامانجەی کە دەیەوێت یان هێنێتە دی ، دەیانڕەوێنێت •

زانایان ئەم پێناسەیە ، بە پێناسەیەکی (سارد) دادەنێن ، دەڵێن : زۆر کەسێتی پەشێویش هەن ، توانای تەواویان هەیەو دەتوانن بگەنە ئامانج یا ئامانجەکانیشیان جەوت‌وجێڵیش‌بێت ، لەبەر ئەوە ئەم پێناسەیە بە پێناسەیەکی تەواودا نانێن •

٢ـ١ـ دووەم پێناسە دەڵێت : مرۆڤی سروشتی ئەو کەسەیە کە هیچ جۆرە نەخۆشی‌یەکی لەشی و دەروونی تێدا نەبێت •

دووبارە ڕەخنەش لەم پێناسەیەش گیراوەو ووتراوە : ئەم پێناسەیەو پێناسەی مرۆڤی دەروون دروست ، یەك دەگرنەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت وابێت ، چونکە مرۆڤی دەروون دروست مەرجە نەخۆشی دەروونی تیادا نەبێت بەڵام سروشتی مەرج نی‌یە هیچ جۆرە نەخۆشی‌یەکی تێدا نەبێت ، بەڵکو جاری وا هەیە نەخۆشیشەو بەڵام بەرگری دەکات‌و نایەڵێت سەرکەوێت بە سەریدا و دەستەڵاتی بە سەردا درێژ بکات •

٣ـ١ـ سێیەم پێناسە دەڵێت مرۆڤی سروشتی ئەو کەسەیە کە خاوەن ژیری‌یەکی لەبارەو بەختیارو چالاکە ، لەگەڵ ئەمانەشدا دەتوانێت ، تواناو بەهرەکانی خۆی بەکار بهێنێت ، بۆ ڕزگاربوون لەو بەربەرەکانیانەی ، کە تووشی دەبن ، هەروەها دەتوانێت لەنگەری گونجاندنی خۆی لەگەڵ دەوروبەردا ڕابگرێت •

ئەم پێناسەیە پەسند کراوە ، لەبەر ئەوەی گرەوەو هەمە لایی‌یە

واتا : هەموو ئەو مرۆڤانە دەگرێتەوە ، کە بەختیارنو ئەوپەڕی هەوڵ دەدەن ، بۆ ئەوەی نەجەنگن ، یان سەرکەوون لەوبەر بەرەکانیانەی کە لەگەڵ ژینگەی خۆیانداو ناوەوەی خۆیاندا تووشیان دەبێت •

ئەنجامی ئەم سێ پێناسەیە :

دووای خوێندنەوەی ئەم سێ پێناسەیە دەتوانین بڵێین کەسێتی سروشتی بریتی‌یە لە کەسێتی‌یەکی پتەوو لە نیگەردار ، خاوەن ڕەووشتو سۆزو بیرکردنەوەیەك بێت کە بتوانێت لەگەڵ ژیانی ناوخۆیی‌و دەرەوەی لەشیدا ، بگونجێت ، بۆیە ئەمەش دەتوانێت چونکە سۆزو هەڵچوونێکی مامناوەندی هەیە ، توانایەکی خۆگری هەیەو باوەڕی بە خۆیی‌و بە کەسانی دیکەش هەیە •

٢ ـ کەسێتی گۆشەگر

ئەمە یەکێکە لەو دوو بەشەی کە هەردوو زانا (یونگ) و (ڕوشاخ) دایان ناوە ، یان با بڵێین : سەرێکە لەو دووسەرەی کە (یونگ) بۆ کەسێتی دایناوە ، واتا گۆشەگری‌و کراوەیی :

مانای وایە زۆرترین کەس لە کۆمەڵدا بە شێوەیەکی مامناوەندی لە هەردوو جۆرە سیفانەکانیان تێدا هەیە ، بەشێکی زۆر کەم لە ئەندامانی کۆمەل زۆر بە لای گۆشە گریدا لایان داوە ، هەر وەکو چۆن بەشێکی زۆر کەم لەو ئەندامانەی بە لای کراوەیی‌و ڕوحەڵماڵراوی تەواودا لایان داوە ، چونکە ئەگەر بێت‌و ئەم دوو جۆرە کەسێتی‌یە ، زیاتر پەرپکرن،واتا : زۆر گوشەگربن ، یان زۆر زۆر کراوە بن واتای وایە : ئەوە تووشی نەخۆشی دەروونی بوونو پێویستە چارەسەر بکرێن •

نیشانەکانی کەسێتی گۆشەگر :

١ ـ کەسێتی گۆشەگر زۆر بیر دەکاتەوەو دەکەوێتە خەیاڵەوە .

٢ ـ تا پێی بکرێت خۆی دوور دەگرێت و تێکەڵاوی کەسانی دیکە ناکات ، کاتێك نەبێت پێویستی‌یەکی هەبێت چونکە تێکەڵاوی کردن بە لای ئەوەوە تەگەرەو کۆسپە لەڕێگەی ژیاندا ، ئەمجا لەبەر ئەوە هیچ گرنگی‌یەکی ئەوتۆ بە دراوو پارە نادات ، گوێ بە لایەنی (مـــاددە) نادات و خۆی بەرز گرێت ، بەڵکو زیاتر گرنگی بە ڕەووشتی نموونەیی و بیرکردنەوەی ڕووت دەدات .

ئەمجا هەر لەبەر ئەمەیە هیچ جۆرە سەرکەوتنێکی (مـــاددی) و کۆمەلایەتی بەدەست ناهێنێت .

٣ ـ کەسێتی گۆشە گر زۆرهە ستیارەو زووش هەڵدەچێت بۆ نموونە : زۆر زوو توڕە دەبێت ، زۆر زویش دەتوانێت رقی خـــۆی بخواتەوەو خەفەی بکات .

٤ ـ کەسێتی گۆشەگرو کەسێتی نەخوش بە نەخوشی شیزۆفرینیا زۆریان بەین نی‌یە هەر ئەوەندەیان بەینە نەخوشەکە گوشەگری‌یەکەی زیاترە ، و بەهێزترە . ئەمجا هەر لەبـــەر ئەوەیە ووتراوە (دەروون دروستی و دەروون نەخۆشی موویەکیان بەینە) .

٣ ـ کەسێتی کراوە :

کەسێتی کراوە بەپێچەوانەی کەسێتی گۆشەگر ، ئەو کەسەیە کـە هەمیشە ڕووخوش و دڵخوشەو بە ڕاستی بیر دەکاتەوە ، ڕوو دەکـــاتە کەسانی دیکەو لە کاتی لێقەومان و کارەساتدا وتووشبوونی گیروگرفتدا

به ده‌نگی که‌سانی دیکه‌وه ده‌چێت ، وه‌کو فیشه‌که شێته هه‌ر له‌خۆیه‌وه هه‌لناچێت‌و ئالۆز نابێت ، ئه‌گه‌ر هه‌لیش چوو زۆر زوو داده‌مرێته‌وه‌و هیچ له‌دلیدا نامێنێت

زانایان ده‌لێن : مرۆڤی کراوه‌و ڕووخوش به‌رهه‌می کۆمه‌لایه‌تی‌و ماددی زۆر به ده‌ست ده‌هێنێت •

ڕوشاخی[20] زانا ده‌لێت : (مرۆڤی کراوه زیره‌کتره) به‌لام وه‌کو له‌پێشه‌وه له باسی دابه‌ش کردنه‌که‌ی (یونگ) دا باسمان کرد له‌باره‌ی زیره‌کی‌یه‌وه هیچ جیاوازی‌یان نی‌یه به‌لام گوشه‌گرێکه‌ی باری زیره‌کی‌یه‌که‌ی ده‌شارێته‌وه •

٤ ـ شێزه که‌سێتی

شێزه‌که‌سێتی‌و که‌سێتی گوشه‌گر زۆر له‌یه‌کده‌چن ، جیاوازی‌یان ته‌نها له‌وه‌دا هه‌یه که شێزه‌که‌سێتی ، چه‌ند رواله‌تێکی دیکه‌ی تێدا هه‌ن ، که له که‌سێتی گۆشه‌گردا ، نین ئه‌و ڕواله‌تانه‌ش وه‌کو

مانگرتن ، گومانکردن ، زیاد له پێویست نهێنی‌پۆشین ، هه‌لچوون‌و سۆزه‌که‌ی‌یان زۆر به‌هێزه ، یان زۆر بێ‌هێزه ، له هه‌ردوو کاته‌که‌دا ، یان اله هه‌ردوو باره‌که‌دا به پێی ئه‌و[21] بێدارکه‌ره‌وه نی‌یه ، یان به گوێره‌ی ئه‌و هه‌لوێسته نی‌یه که ده‌یان وورژێنێت ، مرۆڤی شێزه‌که‌سێتی بێ‌یارو هاورێ‌یه‌باشترین هاورێی‌به‌رتووک‌و گۆڤاره •

---

(٢٠) علم النفس اسسه وتطبيقاته التربوية والاجتماعية ص٢٢٨

(٢١) فصام الشخصية ـ اعداد مكتبة الهلال في بيروت ـ عرض وتقديم الدكتور/مصطفى غالب ص٩١ •

ئەگەر منداڵ بێت کردەوەکانی زۆر سەیرە ، چارەسەری ئاسانترە بەڵام گەورە بێت چارەسەری زۆر گرانە .

دەبێت ئەوەش بزانین مرۆڤی شێزە کەسێتی زۆر نزیکە کە تووشی نەخۆشی (شیزوفرینیا) بێت‌و شێت بێت .

٥ ـ دڵتەنگە کەسێتی

ئەم جۆرە کەسێتی‌یانە وورەیان نزمە دوورە پەرێزن ژیانیان لا تاڵەو هیچ سووسەیەکی ڕووناکی لە گەڵی ژیانیاندا ڕەچاو ناکەن دووا ڕۆژیان لا تاریکەو باوەڕیان بە خۆیان نی‌یە ، وا دەزانن بێ تواناو بێ دەسەلاتن‌و لێنەهاتوون ، هەست بە هیچ پێکەرو پالنەرێك ناکەن کەبیان بزوێنێت بۆ هەوڵدان ، لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە لێپرسینەوەو ژانی ویژدان دەکەن ، هەندێك لەم نەخۆشانە زۆر هەستیارن‌و هەڵچوونیان بەهێزە .

دوور نی‌یە ئـەم جۆرە کەسێتی‌یانە توشی نەخۆشی دڵتەنگی بن . هەروەها زۆر ترینی ئەو کەسانەی کە خۆیان دەکوژن لەم جۆرەن .

٦ ـ حۆلحولی‌یە کەسێتی

ئەو کەسانەی کـە ئەم جۆرە کەسێتی‌یانەیان هـەیە بێـارن و حولحولین ، چونکە لە سەر بارێکی سۆزی‌و میزاژی خۆیان ڕاناوەستن‌و خۆیان ڕاناگرن ، بۆیە ئەم پەڕو ئەوپەڕ دەکەن لە نێوان هێمنی‌و توڕەییدا لە نێوان ڕووخۆشی‌و ڕووگرژیدا . وەکـو لــە پێشەوە باسمان کرد ، کریتشمەر دەڵێت : پەیوەندی لە نێوان لەشی کەتەداو میزاژی بێباردا هەیە ، هەر وەکو چۆن پەیوەندی لە نێوان شێزەکەسێتی‌و لە نێوان لـەشی ڕەقەڵەو لاوازدا هەیە .

هەروەها دەرکەوتووە کە کەسێتی میزاژ بێبار ، دوور نییە کە تووشی نەخۆشی دڵتەنگی بێت •

هەروەها ئەم جۆرە کەسانەش زۆریان خۆیان دەکوژن •

٧ ــ دڵەراوکێ کەسێتی

دڵەراوکێ کەسێتی ئەو کەسەیە کە دەکەوێتە دڵەراو کێوە ، لەبەر ئەوە هەمیشە دڵی تەنگ‌و داماوە لەشتێك دەترسێت کە خۆیشی نازانێت چییە • یان دەزانێت چییە ، بەڵام زیاد لە پێویست دەترسێت •

لەڕاستیدا دڵەڕاوکێ ترسێکی پێویستە بۆ ژیانی مرۆڤ چونکە باڵی پێوە دەنێت بۆ گونجاندن‌و گوزەران کردن ، زۆر کارەساتی سروشتی هەن ، مرۆڤ دەخەنە دڵەڕاوکێوە ، وەکو گەیشتنی منداڵ بە تەمەنی هەرزەکاری ، یان گەیشتنی ئافرەت بە تەمەنی لەسك (زاوزێ) چوونەوە هتد ••• بەڵام پێویستە لەسەریان دڵەراوکێ نەکەنە نان‌و ئاویان هەر دابیشتن‌و هەناسەی ساردی بۆ هەڵکێشن ، ئەگینا لەشیان دەهانجێت‌و جگەریشیان پارەپارە دەکات بەڵێ ڕاستە ئەو کۆمەڵەی کە ئێمە تێیدا دەژین پێویستی بە وە هەیە کە تێدا سرك‌و ووریا بین ، چونکە پڕە لە بەربەرەکانی دەروونی‌و ڕامیاری‌و ئابوری وجەنگ‌و داماوی‌و لێقەوماوی بەڵام نابێت بە ترس‌و دڵەراوکی‌و ڕاڕایی خۆمان لەم جۆرە بەربەرەکانیانە ڕزگار کەین ، بەڵکو دەبێت هەوڵ دەین پەلامار دەین بچێنین‌و سەوز کەین‌و پەروەردەی ڕاست‌و بەرهەمدار کەین لەگەڵ ئەمانەشدا ، ئەوەش هەیە کە هەندێك دڵەراوکێ هەن ، چارەسەر کردنیان ئاسانترە •

بۆ نموونـــە :

ئەو کەسانەی کە تووشی دڵەراوکی دەبن لە بەرێ ئیشی‌و بێکاری

یان ئەو قوتابییانەی کـە تووشی دڵەراوکێ دەبن ، لەبەر ئەوەی لـە قوتابخانە دەر (فصل) دەکرێن ، بەڵام دەبێت مرۆڤ وەکو : بەرد وودار بێت لەم جۆرە کۆمەڵانەدا ، چونکە کۆمەڵێك کـە گیانی هەرەوەزیو هاوکاری تێدا کەم بێت ، واتای وایە لەوەڕێـکی مشەی تێـدا دروست دەبێت ، بۆ ترسو دڵەراوکێ •

نیشانەکانی دڵەراوکێ کەسێتی

١ ـ هەمیشە خۆی ئامادە کردووە ، و چاوەڕێی ڕووداوێك دەکات ، دەیەوێت ڕێگە بدۆزێتەوە کە چۆن خۆی ڕزگار بکات •

٢ ـ ناوێرێت جۆرە کـارێك بگرێتە دەست ، لەبەر ئەوەی وا دەزانێت لە دوا ڕۆژدا تووشی لێپرسینەوەو تەنگو چەڵەمەدەبێت •

٣ ـ لـەبەر ئەوەی زۆر لە دوا ڕۆژ دەترسێت ، دەیەوێت زیانی پاشە ڕۆژی خۆیو ماڵو منداڵی مسۆگەر بـکات •

٤ ـ بۆ ئەوەی ڕێـگەی هیچ تیرو توانجێك نەدات ، کە لە تواناو دەستەڵاتی بدرێت ، بۆ ئەوەی ڕێـگەی هیچ گومانێك نەدات لە پەروەرشی بکرێت ، بەو پەڕی دڵسوزیو ئەمینیەوە ، پێویستییەکانی سـەر شـانی جێبەجێ دەکات کارەکانیشی بە تەواوی ئەنجام دەدات ئەگەر بێتو بـە باشی لەم چوار نیشانەیە وورد بینەوە دەبینین : هیچ خراپیەکیان تێـدا نییە ، ئەوە نەبێت ، کە کابرا بەهۆی دڵەراوکێوە ، یان با بڵێین ترسێکی نادیارەوە ئەنجامیان دەدات ، دڵەڕاوکێش بۆیە خراپە ، چونـکە زیانی دروستی مرۆڤی هـەیە ، بەڵێ ڕاستە هەڵچوونی دڵەڕاوکێ ، لـە زۆر کەسدا ، بەدی دەکرێتو بوونیشی لە مرۆڤدا کارێـکی پێویـستە ، بۆ ئەوەی بتوانێت ، خـۆی بگونجێنێت ، بەڵام ئەگەر هات و لـە ڕادەی

ئاسایی خۆی دەرچوو ، ئەوە زیانی لە قازانجی زۆرترە ، چونکە لەوانەیە ئەو کەسە دڵەڕاوکێ‌دارە ، تووشی نەخۆشی دەروونی بکات •

چەند کردەوەیەك هەیەن لە ترسی مرۆڤ کەم دەکەنەوە ، ئەو کردەوانەش وەکو ئەوەی کە ئەو مرۆڤە بچێت بۆ کەسێکی دیکە باسی دڵەڕاوکێکەی بکیڕێتەوە بۆ ئەوەی یارمەتی بدات‌و چارەسەری بۆ بکات ، یان دەبێت مرۆڤ لەو پلانەی کە داینا‌وە‌و دەیەوێت بیگەیەنێت بە ئامانجێکی بەرزتر ، یا چەند هەنگاوێك دابەزێت‌و بێتەخوارەوە ، یان ئەو نەخشەیەی کە کێشاویتی ، بۆ ئامانجەکانی ، نایگەیەنێت بە ئاوات ، دەتوانێت بیگۆڕیت بە نەخشەیەك ، یان بە چەند نەخشەیەکی دیکە •

٨ ـ کەسێتی زۆرەسەپێنراو

کەسێتی زۆرەسەپێنراو دەکرێت بە دوو بەشەوە ، کەسێتی بیرەسەپێنراو کەسێتی کردەسەپێنراو •

نیشانەی ئەم جۆرە کەسێتی‌یانە دوو پلەی هەیە ، پلەیەکیان لە پێشترەو پلەکەی دیکەیان لەدوواترە ، بە واتایەکی دیکە چەند نیشانەیەکیان زوتر دەردەکەوون‌و دیاری دەدەن ، چەند نیشانەیەکی دیکەشیان درەنگ‌تر دەردەکەوون‌و دیاری دەدەن •

نیشانەکانی پلەی یەکەم

١ ـ بە پێی بەرنامەیەکی تایبەتی کارەکانی ناومـاڵ‌و دەرەوە ڕیك دەخـیـات •

٢ ـ زیاد لە پێویست گرنگی بە پاك‌و تەمیزی دەدات •

٣ ـ هەمیشە بەگومانە لە ڕادەی ڕاستی کردەوەکانی ، لەبەر ئەوە

پێیاندا دەچێتەوەو هەوڵی ئەوە دەدات کە باشترو تەواوتر ئەنجامیان بدات، لەگەڵ ئەوەشدا بە هیچ جۆرێك ناگاتە بارێکی کۆتاییو دڵی ئاو ناخواتەوەو گومانەکانی لا ناچێت •

٤ ـ ئەم جۆرە کەسێتییانە زۆر ووردکاوییو مانگرن ، هەرگیز لەو ڕایانەی کە هەیانە دانابەزن ، هەروەکو هێزێکی نهێنی ئەمری بێ کردبێتن وایە ، یان هێزێکی ناوخۆیی لەشیان ئامۆژگاری کردبێتن وایە ، بۆیە لە کوردەواریدا وتوویانە : ئەم جۆرە کەسانە جنۆکەیان هەیە ، ئەگەر بێتو کارێك بەخەیاڵیاندا بێت ، کێچدەکەوێتە کەوڵیان هەوڵ دەدەن ئەنجامی دەن ئەگینا واز ناهێنن •

نیشانەکانی پلەی دووەم

١ ـ زۆر هەستیارنو دڵناسکن •

٢ ـ شەرمنن •

٣ ـ گۆشەگرن •

٤ ـ وورەیان نزمە •

٥ ـ کردەوەکانیان نموونەیییە (ئایدیال)ە م

٦ ـ خۆشکێنو خونزمکرن ، واتا بێ فیزن •

٧ ـ بەرامبەر خۆشیانو خەڵکی کەیش زیاد لە پێویست ڕەقن •

چەند نموونەیەك :ـ

١ ـ ئافرەتێك هەبوو ڕۆژێکیان بەرێکەوت ، سەگێك چووبووە حەوشەکەیانە وە ، ئەبینم خەریکە حەوشەکەقوڕاو دەکات لێم پرسی ئەوە خوشکە چی دەکەیت ؟

وتی : گلاوی‌ی حەوشەکە دەردەکەم .
وتم : ئەو قوڕاوە چی‌یە گردوتەتەوە ؟
وتی : ئەی نازانیت گلاوی سەگ بە قوڕاو دەردەچێت ؟
وتم : بـــا
وتی : ئەی بۆچی ؟
وتم : ئاخر حەوشەکەتان خۆی گلە .
وتی : خۆ (والله) ڕاست دەکەیت .
دوایی وتی : تۆ بڵێیت گڵی گلێنجانەکەی لای گەچۆڕەکە پاکتر نەبێت ؟

٢ ـ مام . ش ـ ع ـ ق ـ یێك هـــەبوو ، پێش چـــەند ساڵێك لەمەوپێش کۆچی دوایی کرد .

ئەم کابرایە پیاوێـکی زۆر موسڵمان بوو دەنـگیشی زۆر خۆش بوو ، قورئانیشی ڕەوان بوو ، لەبەر ئەوە کەسانی دیـــکە زور ڕێزیان دەگرت ، بەتایبـــەتی هەندێك کردەوەشی ســەیر بوو ، دانیشتوان پێـــان دەووت : کابرایەکی (عملی)یە ئەمجـا هەموو ساڵێك دووجار ، سێ‌جار دەهـــاتە دیدەنی دڵی‌ژاڵـــە ئـــەم کابرایە خـــاوەن (کەسێتی‌یەکی کردەسەپێنراو) بوو ، یان با بڵێین :

(کەسێتی‌یەکی کردە سەپێنراوی)ی هەبوو ، چونکە کە دەستنوێژی دەشووت ، لە لێواری ئاوی چەمەکەوە ، دەستنوێژی هـەڵنەدەگرت ، بەڵـکو ، تا وەکو ناوقەدی خۆی هەڵدەکردو دەچووە ناوەڕاستی ئـــاوە خوڕەکەوە ، کەسێ ئاشکێر ئاوی پیادا دەڕۆیشت ، هەر بەوەش قـایل‌نە دەبوو ، بەشکو دووجار سێ‌جار دەرەچووە دەرەوەو دەگەڕایەوە نـــاو ئاوەکە دەستنوێژی دەشوشتەوە ، بێجگە لەوەی لە قۆڵ شتن‌و قـــاچ

شتدا بەئانیشك‌و قولەقاپ‌و ، بە ئەندازەی (سوننەت)ەوە ، نەدووەستا ، هەر یەکە چوار جارو پێنج جار دەی‌شوتەوە .

هێشتان ئەگەر بیتوانیایە لە مزگەوتەکەشەوە دەگەڕایەوە کەرەتێکی دیکە دەست‌نوێژەکەی دەشوتەوە .

بە ڕاستی گۆڕینی ئەم جۆرە کەسێتی‌یانە ، بۆ کەسێتی‌یەکی ئاسایی زۆر زەحمەتە چونکە بۆماوە دەوری هەیە لە دروست‌بوونی ئەم جۆرە کەسێتیانەدا .

٩ ـ بارانۆدە کەسێتی

بارانۆ دە کەسێتی ، یان کەسێتی گومانبەر بە چەند نیشانەیەکی تایبەتی‌یەوە دەناسرێتەوە .

کردەوەو بیرو باوەڕی خۆی نەبێت ، هیچ کەسی دیکە بە ڕاست نازانێت ، لەبەر ئەوە دەبینین بەرامبەر پاکانی ڕەقەو سوورە لە سەر ، سەرخستنی پاکانی خۆی‌و داتابەزێت ، لە لایەکی دیکەوە دڵی زۆر ناسکەو زۆر هەستیارە لەبەر ئەوە زوو زوو هەڵدەچێت‌و زیاتر گومان پەیدا دەکات ، بەرامبەر کەسانی دیکەو بیرو باوەڕیان ، ئەمانە هەموویان دەبنە هۆی ئەوەی کە یارو هاوڕێی کەم بێت‌و پەیوەندی بە کەسانی دیکەوە بێ‌هێز بێت .

ئەگەر ئەم نیشانانە زیاتر پە ڕیگرن‌و بەهێز تر بن دوور نی‌یە کابرای نیشانەدار تووشی نەخۆشی شیتی (شیزۆفرینیا) نەبێت .

١٠ ـ کەسێتی سایکۆباسی

دەتوانین بەم کەسێتی‌یە بڵێین : کەسێتی (سەرسەری) : ئەم جۆرە

کەسانە ناتوانن زاڵ بن بە سەر ڕێکەرە ڕەووشتی یەکانیاندا ، کـە گوناه دەکەن و کردەوەی دژ بە کومەڵ دەکەن ، بە هیچ جۆرێك هەست بـە پەشیمانی و زانی ویژدان ناکەن ، چونکە ویژدانیان ناجوڵێت •

بە ڕاستی کەسێتی سایکوباسی تا تەمەنی نەگاتە (١١ ـ ١٥) ساڵ دیاردەکانی دەرناکەوێت ، لە سەرەتایی تەمەنی هەراشیدا ئەم نیشانانەی لێ بە دەردەکەوێت :

نیشانەکانی کەسێتی سایکوباسی

١ ـ زۆر تووڕە دەبێت و هەڵدەچێت •

٢ ـ دەست درێژی دەکات و وورژم دەباتە سەر کەسانی دیکە ، بەبێ هیچ جۆرە بیر کردنەوەیەك •

٣ ـ بێ بەزەیی یانە ئازاری کەسانی دیکەو گیانلەبەران دەدات •

٤ ـ بەبێ هیچ هۆیەکی بەسندراو ، شتومەك دەشکێنێت ، ئـەوەی بکەوێتە بەر دەستی وێرانی دەکات و دەیڕووخێنێت •

٥ ـ بە هـەر ڕێگەیەك بێت ، چ راست چ چەوت ، بـە زۆر ئارەزووەکانی خۆی تێر دەکات •

لە کۆتایی تەمەنی هەراشیشدا ئەم نیشانانەی لێ بە دەردەکەوێت •

١ ـ درۆی گەورە گەورە دەکات •

٢ ـ خۆی پێ ناگیرێت ، لەبەر ئەوە هەرچی چۆنێك بۆی بلوێت باڵەری توخمی تێر دەکات •

٣ ـ لە مـەی نۆشی ، جگەرەکێشان و قومارکردندا ، چـاو

مرۆڤی گەورە دەکات •

٤ ـ هەمیشە دەسوڕێتەوەو شەڕ دەنێتەوەو ڕێگە بە کەسانی دیکە دەگرێت •

٥ ـ کە گەیشتە تەمەنی هەرزەکاری ئەم نیشانانە باشتر ئاشکرا دەبن‌و زیاتر بە دەردەکەوون ، بە تایبەتی ئەگەر لەشی بە خۆوە بێت چونکە قۆڵ‌و بازووی بەهێز دەبن‌و دەتوانێت بە ئاسانتر سەرکەوێت بە سەر کەسانی دیکەدا •

هۆی دروست بوونی کەسێتی سەرسەری ، هەندێك لە زاناکان دەڵێن :

بۆ ماوەیە بەڵگەشیان ئەوەیە کە هەر لە منداڵی‌یەوە دیاردەکانی وە دەردەکەوێت ، ئەوەشمان لە بیر نەچێت لە سەرەتای قۆناغی هەراشی‌یەوە بە باشی دەردەکەوون •

١١ ـ کەسێتی هیستیری

کەسێتی هیستیری ، کەسێتی‌یەکە کە ئەم نیشانانەی خوارەوەی بە باشی تێدا دەردەکەوێت

یەکەم :
گرنگی‌یەکی زۆر بە خۆی دەدات‌و خۆیشی زۆر خۆش دەوێت •

دووەم :
بە هەر جۆرێك‌و ڕێگەیەك بێت ، دەیەوێت خۆی دەرخات خۆی بنوێنێت ، سەرنجی کەسانی دیکە بۆ لای خۆی رابکێشێت •

سێیەم(٢٢) :

زۆر حەز بە چاولێکەری‌و لاسایی کردنەوە دەکات .

چوارەم :

توانایەکی زۆری تێدا هەیە ، بۆ درۆ کردن‌و فیشاڵ‌و دەورینین و خۆگۆڕین .

پێنجەم :

لە لێپرسینەوەو بە دایەخ کەوتن ڕادەکات‌و خۆی دەشارێتەوە یان پشت بە کەسانی دیکە دەبەستێت ، لەم ڕووەوە .

شەشەم :

زوو زوو توڕە دەبێت‌و هەڵدەچێت ، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵچوون و سۆزەکانیشی کاڵ‌و نابەکام‌و منداڵانەن .

حەوتەم :

هەندێك لەم جۆرە کەسانە ، لە ژیانی هاوسەریاندا سەرناکەوون و دەخزێن ، چونکە ژیانی توخمیان کاڵ‌و تاڵە .

هەشتەم :

نیشانەکانی کەسێتی هیستیری ، لە ئافرەتدا ئاشکراترو دیارترن وەك لە پیاواندا .

هۆی دروست بوونی کەسێتی هیستری

زاناکان دەڵێن : هۆی دروستبوونی ئەم کەسێتی‌یە بۆ ئەوەیە ،

---

(٢٢) ـ فصام الشخصية ـ اعداد مكتبة الهلال في بيروت ـ عرض الدكتور مصطفى غالب ط٤ ١٩٨٢ ص٩٥ .

لەبەر ئەوەی کە ئەگەر بێت‌و بگەڕێین لە نێو خزم‌و کەس‌و کاری ، ئەم کەسێتی‌یانەدا دەبینین نیشانەکانی ئەم کەسێتی‌یە لە هەندێکیاندا بە دەردەکەوێت •

بەڵگەیەکی دیکەی ، ئەو زانایانە ئەوەیە ، کە دەڵێن : نیشانەکانی ئەم کەسێتی‌یە ، هەر لە تەمەنی هەرزەکاری‌یەوە بەدەردەکەوون ، بەڵکو جاری وا هەیە لە تەمەنی هەراشیدا ، بەدەردەکەوون ، واتای وایە گەشەکردنی داروباری لەش ، کارکەرێکی یارمەتی دەرە ، بۆ ئەم کەسێتی‌یە •

زۆر کەس لەم جۆرە کەسێتی‌یانە ، هەر لە خۆیانەوە چاك دەبنەوەو بەرەو کەسێتی‌یەکی لەنگەردار دەڕۆن ، ئەگینا لێیان دەکات بە نەخۆشی دەروونی (هیستیریا) •

١٢ ـ کەسێتی نالەبار

کەسێتی نالەبار ، یان کەسێتی بێ‌لەنگەر ، بەرامبەر کەسێتی ڕێك‌و بەلەنگەر دادەنرێت ، چونکە ڕاست وایە ، کە کەسێتی لەنگەردار بیر کردنەوەی‌و ڕەووشت کردنی‌و سۆزی بگونجێن وەکو یەك ڕێك بن، هەروەها ئەو کەسە بگونجێت لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی کە تیادا دەژی ، هەر وەکو : چۆن ژیانی ناو خۆیی لەشی بە شێوەیەکی ڕێك‌وڕێك دەڕوات ، گرنگترین نیشانەی کەسێتی‌یەکانی ئەم جۆرە مرۆڤانە ئەوەیە کە باوەڕیان بە خۆیان ویە کەسانی دیکەیش هەیە ، لە هەڵچوونو توڕەبوون‌و کردارکردندا تەرازوون ، بە پێچەوانەی کەسێتی نالەبار ، کە بیر پچڕاوو خەیاڵ‌پلاوو سۆز نەگەیو،هەڵچوون بەشێو دڵ پیسوو خانە گومانە ، کردەوە قەڵب‌و نارێك‌و بێ ئەنجامە ، کەسێتی نالەبار ئەگەر

زیرەکیش بێت ، بە هیچ ناچێت ، چونکە دوای ئارەزووی چەوت و چێل دەکەوێت •

١٣ ــ کەسێتی بە ئاستەم بەند Vulnerable

بۆیە ناومان نا بەئاستەم بەند ، چونکە بە کەمترین هەوڵ ، یان بە کەمترین پەشێوی ، وورەیان نزم دەبێتەوەو دەروخێن •

ئەم جۆرە کەسێتی یە ، دەمێك ساغن ، و دەمێك نەخۆشن ، هەروەها لەم دوو ئاوانەدا دەژین ، یان با بڵێین : لەم دوو نێوانەدا دەژین، زۆزترین دەروون نەخۆشەکان ، لەم جۆرە کەسانەن،هۆی دروستبوونی ئەم جۆرە کەسێتی یەش ، ئەوەیە کە هەر لە منداڵی یەوە بەنازکراوون زیاد لە پێویست پارێزراوون ، ئەمجا کە گەورە بوون ، هەستوا دەکەن کە بە تەنها ناتوانن بە ڕەنگاری هیچ جۆرە کۆسپێکی ژیان بین ، ئەم هەست کردنە وای لێ کردوون لە مەیانگەیەکی تەسك و باریکدا بژین و نەشوێرن لەو چوارچێوەیە بچنە دەرەوە •

١٤ ــ کەسێتی میزاژ فلێگماتی

یان کەسێتی سارد ، ئەمە ئەو جۆرە کەسێتی یەیە کە هیپوکرات باسی کردووە ئەمە ساردو سڕە ، و خاوو خلیچکە ، هەڵچوونی زۆر کەمەو سۆزی وەستاوە گیانی هاوکاری و یارمەتی بە هیچ جۆرێك تێدا نی یە ، نیشانەکانی ئەم جۆرە کەسێتی یانە هەر لە منداڵی یەوە بە دەردەکەوێت •

١٥ ــ نزمە کەسێتی

نزمەکەسێتی ، یان کەسێتی نزم ، ئەو کەسەیە کە هەمیشە لای

خوارەوە دەگرێت و لە بەرەوە دەژی ، بە دوای خەڵکەوەو ملکەچی خەڵکە ، پەنایان بۆ دەبات و گیانی بەوانە ، بێ ئەوەی کە هەست بە هیچ شوورەیی یەك بکات • ئەمەش لەبەر ئەوەیە وا هەست دەکات کە ناتوانێت بە تەنها ، یان لە ڕیزی کۆمەڵدا بژی و پشت بە خۆی ببەستێت •

١٦ ــ سۆزە کەسێتی

ئەو کەسەیە کە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە لە سەر بناغەیەکی بیرو ژیری نابەستێت ، بەڵکو لە سەر بناغەیەکی سۆزی و ئارەزو سەندی دەبەستێت ، هۆی ئەمەش ئەو پەروەردەکردنە مندالی یەیە کە ئەو مندالەی تێیدا ژیاوە ، هەندێك لە زانایان دەڵێن سۆزی بەهێزو هەڵچوونی زۆر ، بۆتە چەند هۆیەکی با یلۆژی دەگەڕێتەوە ، بۆ نموونە دەڵێن : (دەماخی) هەندە کەسێك سۆزو هەڵچوون ، بەهێزتر دەردەبڕێت •

١٧ ــ کەسێتی دەمارگر

ئەو کەسێتی یەیە کە لە هەندە سەبارەتێکدا ، یان لە هەندە هەڵوێستێکدا هەر لە خۆیەوە هەڵدەچێت (عصبی) دەبێت ، هۆی دروست بوونی ئەم جۆرەیان یەکێکە ، یان زیاتر لەم هۆیانەی خوارەوە :

١ـ١٧ـ ماندوو بوونی زۆر •

٢ـ١٧ـ نەگەیشتن بە ئامانج •

٣ـ١٧ـ نەخۆشی •

٤ـ١٧ـ ژانە سەر •

٥ـ١٧ـ زیاد ڕژاندنی (گلاندی سایرۆید) •

## ١٨ ــ دژەکەسێتی		Passeve - Person

دژە کەسێتی ئەو کەسەیە کە هەمیشە بە پێچەوانەی کەسانی دیکەوە ڕەفتار دەکات‌و بەشداری چالاکی‌یەکانیان ناکات بە تایبەتی ئەگەر لەگەڵ ئارەزووە کانی ئەودا ڕێنەکەوێت ، ئەم کەسێتی‌یە گیانی مانگرتن‌و بەرهەڵستی کردنی تێدا بەهێزە ، ئەویش لەبەر ئەو هۆیانەیە کە باسیان دەکەین :

١ــ١٨ــ لەبەر ئەوەیە کە حەز ناکات باری گران هەڵگرێت‌و تووشی لێ‌پرسینەوە بێت •

١٨ــ٢ یان زۆر بە خۆیدا دەنازێت‌و ، خۆی هەڵدەکێشێت‌و ، لەبەر ئەوە نایەوێت بەشداری هیچ چالاکی‌یەکی کەسانی دیکە بکات ، ئەگەر بێت‌و بەگوێرەی ئارەزووی ئەو نەبێت •

٣ــ١٨ــ جاری وا هەیە هۆی ئەم نەگونجاندنەو تەبایی نەکردنە ئەوەیە کە ئەو کەسە هەست بە کەمەری دەکات ، دەترسێت بخزێت ، بەڵام نایەوێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەری بڕێت ، بەشکو بەوە دەری دەبڕێت کە لانەرەسکە دەبەستێت‌و دوور دەکەوێتەوەو نایەوێت ڕێ‌بگرێت‌و بێتە ناو ڕیزەوە •

## ١٩ ــ داهێنەرە کەسێتی		Creative - Personality

داهێنەرە کەسێتی ، یان بلیمەتە کەسێتی ، یان کەسێتی بلیمەت‌و دروستکەر بابەتێکە سەرنجی زانایانی ، بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە ، بە زۆری لێی دواون‌و باسیان کردووە ، لە سەر هۆکان‌و سەر چاوەکانی ناکۆکی کەوتوتە نێوانیانەوە •

لە کۆندا باوەڕیان وابووە ، کە بلیمەتی کارێکی ناوێزەیەو لە توانای مرۆڤدا نی یە ، بەڵکو دەستکردی شەیتانە ، یان دەستکردی جنۆکەیە ، یان خوای (هەڵبەستە) .

وەکو : (سۆکرات) لە کاتێکدا کە دادگەر گوناهباری کرد بە دانانی هەڵبەستی خراپو خرابکردنی ڕەووشتی لاوان ، لە وەڵامدا ووتی : ئێمەی زانا ، کاتێك کە هەڵبەست دەڵێن : خۆمان نازانین چ دەڵێین . هەرچەند خەڵکی ئێستە بڕوایان بەمانە نی یە لەگەڵ ئەوەشدا ، زۆر کەس باوەڕیان وایە کە مرۆڤی بلیمەت ، پێویستە(٢٣) جار بەجار تووشی بە شێوی یەکی دەروونی بێت ، لەبەر ئەوەیە ، وتوویانە (الجنون فنون) ، واتە شێتی جۆرێکە لە هونەر ، یان شێتی لەهونەرە ، هەر لە بەر ئەوەیە کە باوەڕیان وابووە مرۆڤی بلیمەت ، چار بە چارتووشی جۆرە نەخۆشی یەکی دەروونی دەبێت ، یان هەر بە یەکجاری شێت دەبێت ، لەبەر ئەوە چەند زانایەك کە ڕاوونو هەوڵیان داوەو ژیانی زۆر کەس لە بلیمەتەکانیان پشکنیوەو ئەم دیوو ئەدیویان کردووە ، بۆ ئەوەی کە لەکەیەك ، جۆرەناوێزەیەك ، نالەباری یەك یان نەخۆشی یەکی دەروونی لە ژیانی بلیمەتەکاندا بدۆزنەوە ، لە ڕاستیشدا بە نائومێدی نە گەڕاونەتەوە ، بەڵکوو دەست کەوتی باشیشیان هەبووە .

بۆ نموونە(٢٤) :

١ ـ بۆیان دەرکەوتووە کە وێنەکێشی بەناوبانگ فان گوگی هۆڵەندی (١٨٥٣ ـ ١٨٩٠)ز تووشی نەخۆشی شێتی شیزۆفرینیا بووە ،

---

(٢٣) ـ المرض النفسي طريق الى السعادة ـ تاليف ـد ـ لويس بش ـ ترجمه الى اللغة العربية عبدالمنعم الزيادى ط (١) ١٩٥٧ ص١٣
(٢٤) ـ مجلة العربي العدد ١٧٣ نيسان ١٩٧٣ ص ٤٦ ـ ٤٩ .

هەندێکیان دەڵێن : تووشی پەرکەم بووە ، دەڵێن : لەبەر ئەوەی هەندێك لە وێنەکانی دەخالآندو نوختەنوختــەی دەکردن ، هەندێــکی تریانی دەخەتاند واتا خــەتی زۆری لــە ســەریەکدا دەنا ، ئــەم خالآندن‌و خەتاندنەش بەڵــگەیە لە سەر ئەو جمــە ناتەواوە دەروونی‌یەی کــە لــە نەخۆشی‌ی (پەرکەم) دا هــەیە وە بەڵــگەیەکی تریشیان ئەوەیە ، ئەو خەونە پچرپچڕانەو بێ سەروبەرانەی کە ئەو دەیدیتن .

هەروەها ئەو کاغەزە (نامە) سەیرە فەلسەفی‌یانەی کە لە دووادووای ژیانیدا بۆ هاوڕێکانی دەینووسین .

٢ ـ نووسەری ڕووسی بەناوبانگ (فیــدور ـ دوستوفیــکی ـ ١٨٢١ ـ ١٨٨١)ز لەبەر ئەوەی قومارچی‌یەکی بەربادبووە ، ریسواو قەرزاربووە ، هەر لەو کاتەدا بووە ، بەرهەمە گــەورە بە نرخەکــەی بەناوی (قومارچی) نوسیوە .

ئایا تۆبڵێت : بۆ ئەوە خۆی کردبێتە ، قومارچی ، بتوانێت باشترین بەرهــــەم بنوسێت ؟ زۆر کەس دەڵێن : تووشی نەخۆشی (پەرکەم)یش بووە ، دەڵێن : ئەگینا چۆن توانیویتی لە چیرۆکەکەیدا کــە بەناوی (کێژ Theldiol) بە ووردی ئەو هەستانەی کە نەخۆشی‌ی (پەرکەم)دار دەیکات ، لە کاتی (فێ) لێهاتندا ، بنوسێت‌و باسی بکات .

ئایا تۆ بڵێت : (پەرکەم) ژیانی لێ تاڵ کردبێت‌و شێوانیتی ؟

٣ ـ دەڵێن شکسپیر کەسێتی‌یەکی وون‌و نادیاری هــەبووە ، ئەمیش لەبەر ئەوە بووە ژیانێکی ئاسایی‌و هێمنی بە سەر بردووە ، لەگەڵ ئەوەشدا کەسێتی‌یەکی پڕ بەرهەم‌و سەرنج ڕاکێشەری هەبووە ، هــەتا هەتایە چرای بلیمەتی ئەو ناکوژێتەوەو گڕی ڕووناکی ئاگری ئــەو

داناسـریته‌وه ، نووسینه‌كانی شكسپیر هه‌موو پێچوپه‌نایه‌كی ده‌روونی مرۆڤی ڕوون كردۆته‌وه ، خۆشه‌ویستی ، كلۆلی ، كیه‌بەری ، وماتمی ، خۆكوشتن‌و بووله‌كێتی ، ڕووی نهێنی لـه سه‌ر ئه‌مانه هـه‌موویان هـه‌ڵماڵیوه •

ئه‌گـه‌ر وا دانه‌ێن :ـ شكسپیر مرۆڤێكی ده‌روون ئاڵۆزی ئاڵۆسكاوی نه‌خۆش بووبێت ، ئایه خوێنه‌ران به‌رهه‌مه‌كانیان له‌به‌ر چاوده‌كه‌وێت ؟ نه وه‌ڵامدا ده‌ڵێن : نه‌خێر ، چونكه خوێنه‌ران كـاڵك خـۆرن‌و پێستان ڕن نیـن •

له ڕاستیدا شاعری عه‌ره‌ب (ابو الطیب المتنبي) ، نووسه‌ری لوبنانی (جوبران خه‌لیل جوبران) یشیان له‌م بوختـانه ده‌رنه‌كردووه ده‌ڵێن : (المتنبي) ناز ناوه‌كه‌ی به‌ڵگه‌یه لـه سه‌ر ئه‌وه‌ی كـه داوای پێغه‌مه‌رایه‌تی كردووه ، (جوبرانیش) له نامـه دڵداره‌كانیدا بۆ ئافره‌تێكی ئه‌مریكی ، وا ده‌رده‌كه‌وێت هه‌ناوی پاره‌پاره بووه ، هـه‌ستی به كـه‌مسه‌ری‌و بێ ده‌سه‌ڵاتی كردووه ، له‌به‌ر ئه‌وه ، كه‌مێتی‌یه‌كی پچر پچری هه‌بووه •

ئه‌مجا لێره‌دا پرسیارێك دێته كایه‌وه‌و ده‌ڵێت : ئایه مه‌رجـه هه‌موو هونه‌رو داهێنراوێك ، له هونه‌رمه‌ندو داهێنه‌رێكی ژیان ئاسـایی‌و ڕه‌ووشت ڕێكه‌وه ، وخوو سروشتی‌یه‌وه بێته ده‌ره‌وه ؟ لێره‌دا (دوكتور فه‌خری[25] ده‌باغ) وه‌ڵامیان ده‌داته‌وه‌و ده‌ڵێت خۆینه‌ری به‌وپژدان‌و ڕاست ، هـه‌رگیز بۆ دیوی تایبه‌تی ژیانی هونه‌رمـه‌ندو داهێنـه‌ر ، ناگه‌رێت‌و ناپشكنێت ، ده‌ڵێت : ئه‌میش له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ، ئه‌و هونه‌رمه‌نده‌ی ، یان ئه‌و داهێنه‌ره‌ی كه په‌ڵه‌یه‌ك یان لكه‌یه‌ك ، به سه‌ر په‌رده‌ی ژیانی‌یه‌وه

---

(٢٥) مجلة العربي ـ العدد ١٧٣ نیسان ١٩٧٣ ص٤٩

بێت ، لەپێش چاوی خوێنەری نەخات و بەرهەمەکەشی لێڵ و قوڕاوی نەکات ، دەبێت ئەوەش بزانین هەموو بەرهەمێکیش نابێزرێت و لێل نابێت ، با بەرهەمەکەش ، بەرهەمێ هونەرمەندێکی لکەدار بێت •

لێرەدا پرسیارێکی دیکە خۆی دەردەخات و دەڵێت کام هونەرمەندە کە پێویستە بەڕەی زیانی ساف و بێ گەرد بێت ؟

لە وەلامدا دەڵێن : هونەری قوماربازی ، یان قومارچێتی مەرج نی یە هونەر مەندەکەی قومارباز بێت ، یان قومارچی بێت ، بەڵام هونەری ئاینی و هونەری کۆمەلایەتی ، مەرجە هونەرمەندەکانیان خۆیان ڕەووشتیان جوان و بێ گەرد بێت • ئەگەر بێت و یەکێك لێمان بپرسێت و بڵێت : ئایە تۆ بڵێت مرۆڤی داهێنەر و بلیمەت نەتوانێت بەرهەم داهێنێت ، کاتێك نەبێت کە تووشی بە شێوی یەکی دەروونی بێت •

لە ڕاستیدا هەرچەند(٢٦) لێکولینەوە ، لەم بارەیەوە ، تا ئێستە هەر بەردەوامەو ڕۆژ ڕۆژ پێشدەکەوێت پەرە دەسێنێت ، لە وەلامدا دەڵێن : نەخێر وا نی یە چونکە ئەو لێکۆلینەوانەی کە لەسەر ژیانی داهێنەرەکان ، دوای مردن و پێش مردنیان ، کراوون ، دەریان خستووە کە بەشێوی و بشێوی دەروونی بە هیچ جۆرێك نابێتە هۆی داهێنان ، بەڵکو زۆربەی زۆری داهێنەر و بلیمەتەکان چ لەبارەی دەروونی یەوە ، وچ لەبارەی کۆمەلایەتی یەوە ژیانێکی ئاسوودەگیان بووە هەرچەند هەندێکیان ، ژیانی کۆمەڵایەتی و دەروونی یان ، ئاسایی و ئاسوودەگی نەبووە ، وەکو : فریدریك نیتشەو ئەو زانایانەو بلیمەتانەی باسمان کردن، ئەویش تینی نەکردۆتە سەر بەرهەمەکانیان •

---

(٢٦) الامراض النفسية والعصبية ـ اعداد محمد رفعت ـ دار المعرفة للطباعة والنشر ـ بيروت ـ لبنان ص٣٤ •

لـه لایەکی تریشـەوە هیچ دوور نی‌یە ، کە ئەم بوختانانەیان ، بۆ هەڵبەستراوبێت ، چونـکە (بلیمەتان) بەو هـەموو زیرەکی‌یەوە لــە کۆمەڵ بڕدەبن نەك هەر ئەوان بەڵکو هەموو کەسێك کە ویستیتی باری کۆمەڵ بگۆڕێت ، تا سەرکەوتووە ، تووشی چەرمەسەرییەکی زۆر بووە، هەشیانە تا لە ژیانا بووە ، نرخی ڕاستی‌و شوێنی ڕاستی خۆی پێ نەدراوە وەکو : دەگێرنەوە جارێـکیان ، یەکێك لە کوڕەکانی (قانع)ی شاعیر ، لە شاری (موصل) لە سەفەر دەگەڕێتەوەو دەڵێت : بابەگیان ، لە شاری (موصل) کۆگایەکیان بە ناو تۆوە ناو ناوە (کوگای قانع) ، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت ڕۆڵە باوەر مەکە چونکە هێشتان نەمردووم ٠

پرسیارێکی دیکەش خۆی ئاشکرا دەکاتو دەڵێت ئایە (مرۆڤی بلیمەت) ، یان (بلیمەتان) لە هەموو گەلێكو نەتەوەیەکدا هەڵدەکەوون ؟ ئەگــەر وایە بۆچی هەندێ نەتەوەو هەندێ گەل لـە هەندێـکی دیکە پێشکەوتووترن ؟ یان بۆچی ئەمریکاو ئەوروپایی‌یەکان ، ئەفریکاو زۆر وولاتی دیکەیان داگیر کردووە ؟ لە وەڵامدا دەڵێن : زیرەکی‌و بلیمـەتی تەنها بۆ سـەر نەتەوەیەك ، یان بە سـەر مرۆڤانی چـەند نەتەوەیەکــدا نەدراوەو نەبڕاوە چونـکە زیرەکی بە دەنگ نی‌یە و بە ڕەنگ نی‌یەو بە بالانی‌یەو بە سـەروو سیما نی‌یە ، بەڵکو هەموو نەتەوە هەموو گەلێك ،چ لە ئەوروپا بێتو چ لە ئەمەریـــکا بێتو چ لەئاسیادا بێت هـــەموویان بلیمەتیشیان هـەیەو زەین ڕوشنیش‌و زەین کوێریشیان هـــەیە ، بەڵام مرۆڤی بلیمەت هەر وەکو تۆوی ڕووەك وایە ، چۆن تووی ڕووەك ، با بڵێن (گـەنم) با توخمەکەیشی تۆوەکەیشی باش‌و ڕەسەن بێت ، ئەگـەر لە زەمینێکی (گلێکی) باشـدا تۆو نەکرێتو دوایی بزار نەکرێتو بـە باشی پارێزگاری نەکرێتو پەروەردە نەکرێت ، هەڵناکەوێت ئاوەهـاش

مرۆڤی بلیمەت لەو وولاتانەدا کە پێشکەوتوون ، بەباشی پەروەردە دەکرێن و هەموو ئامرازێکی داهێنانیان بۆ ئامادە دەکرێت بەڵام مرۆڤی بلیمەت لە وولاتی ئێمەدا ، یان لە وولاتە تازە پێشکەوتووەکاندا ناتوانرێت ئەو پارێزگاری یەو پەروەردە باشە بکرێت ، ئەمەش پەیوەندی بە زرووفی ڕامیاری و کۆمەلایەتی و ئابووری یەوە هەیە ، بێجگە لەمانەش دەوڵەتە پیشەسازی یە ئەمپریالیزمەکان ، هەمیشە هەوڵ دەدەن بە پارە ، یان بە زۆر ، یان بەدزین ، ئەو مرۆڤە گەورە بلیمەتانە بەرن ، بۆ نموونە ئەو مانگە دەستکردە ئەمەریکی و سۆڤێتیانەی کە لە سەر مانگ نیشتەوە پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر دروست کەرەکانیان ئەڵمانی بوون . دوای جەنگی جیهانی دووەم برابوون بۆ هەردوو وولاتەکە ، ئێستە زۆریان لەویانە ماوون ، قوتابیشیان زۆرن و وزووریش خزمەتیان بەوان کردووە ، لە لایەکی دیکەوە زۆر لەو کانگەو کارگە و قوتابخانەو دەسگایانەی کە لە وولاتە تازە پێشکەوتووەکاندا ، منداڵە بلیمەتەکانیان تێدا پەروەردە دەکرێن ، داگیرکەرەکان ، تەگەرە دێننە ڕێگەیان لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت پێشکەوتن و دواکەوتن پێوەندی بە باری ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕامیاری یەوە هەیە ، داگیرکردنیش پەیوەندی بەهێز و دەسەلات و باری جوگرافی و چەند هۆیەکی دیکەوە هەیە .

★ ★ ★

نیشانەکانی کەسێتی بلیمەت

ئایە هیچ نیشانەو سیفاتێك بۆ کەسێتی بلیمەت هەن ؟

بە ڕاستی چـــەند نیشانەو سیفاتێك ، بۆ کەسێتی بلیمەت ، دیاری کراوە •

مرۆڤی(٢٧) بلیمەت ، بە لای داروین‌و سینسەرەوە ، ئەو کەسەیە کە قەبارەی (مێشکی) ئاسایی نەبێت ، بەڵکو لە قەبارەی (مێشـکی) کەسانی دیـکە گەورەتر بێت بەڵام دەروونزانیی تازە ئەم ڕایەی بـە درۆ خستۆتەوەو چـەند نیشانەو سیفاتێکی دیـــکەی بۆ دەست نیشان کردووە دەروونزانی نوێ بە ووردی ئەو حاڵەتە باس دەکات ، کە چۆن مرۆڤی بلیمەت شت دادەهێنێت‌و بە چ شێوەیەك دای دەهێنێت ، بـەڵام باش وەهایە کـە لەو منداڵەوە دەست پێبکەین کـــە لەوانەیە ببێـە کەسێتی‌یەکی بلیـمەت •

١ ـ ئەو منداڵە خەیاڵی زۆر بەهێزە •

٢ ـ حەز بە زانین‌و پشکنینی زۆر دەکات •

٣ ـ ئارەزووی داهێنانی زۆرە •

---

(٢٧) ـ اعرف نفسك ـ دراسة سايكولوجية ـ تاليف ـ دكتور فاخر عاقل ط١ بيروت ١٩٦٤ •

چەند زانایەکی دیکە چەند نیشانەیەکی دیکەیان بۆ مرۆڤی بلیمەت هەستنیشان کردووە وەکو

١ ـ مرۆڤی بلیمەت زۆر هەستیارەو هەستی بەهێزە ، مەبەست بە هەستیاری بلیمەت ، ئەوەیە کە لە هەموو بارێکەوە ، کە کاتێك هەستی هەڵگرت توانای هەڵچوونیشی بەهێزو لێشاوە ، هەروەها توانایەکی زۆری هەیە لە سەر شیتەڵ کردنی شتو پەیوەندی دۆزینەوە لە نێوان پارچەکانیدا ، مرۆڤی بلیمەت هێزە هەستیارێکەی هانی دەدات بۆ تاقی کردنەوەو ئەنجامدانیو کەڵك لێ وەرگرتنی ، چونکە هاندەرەکەی ناو خۆی یە ، هەر خۆی لەزەتی لێ وەردەگرێ •

٢ ـ مرۆڤی بلیمەت زۆر بە توانایە لە سەر بیرکردنەوە ، کاتێك کە دەڵێن : بە توانایە لە سەر بیرکردنەوە ، مەبەستمان ئەوەیە کە بیر کردنەوەکەی هۆیەکی زۆر گرنگە لە داهێنانو دروست کردندا ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە خەیاڵ کردنو شیتەڵ کردنو پەیوەندی بەستنو دەرکی پەیوەندیو چارە دۆزینەوە بۆ تاقی کردنەوەیەکی هەستیاری ، هەموویان پێویستیان بە بیر کردنەوە هەیە بیر کردنەوەیەکی زۆر بەهێزیش ، لە ژیری یەکی زۆر بەهێزەوە هەڵدەقوڵێت •

٣ ـ مرۆڤی بلیمەت توانای زۆری لە سەر جموو جۆڵو چوستی هەیە ، ئەم نیشانەیەیان کەڵکی لێ وەردەگیرێت ، بۆ بەێکەر تاشیو هونەری سەمـا •

بلیمەتیو داهێنانەکە خۆی ، لە تێکەڵاو بوونی توانای یەکەمو توانای دووەم دروست دەبێت •

(ستودارد) دەڵێت : مرۆڤی(٢٨) بلیمەت ئەو کەسەیە کە جۆرە گورج‌و گۆڵی‌یەك ئەنجام دەدات کە

١ ـ گرانن • giranin

٢ ـ ئالۆسکاوون aloshawin

٣ ـ ڕوونن • rûtin

٤ ـ لە کاتی ئەنجامدانی گورج‌و گۆڵی‌یەکەدا ، لە هەوڵ‌و لە کێش دەگرنەوە واتە : بە کەمترین هەوڵ‌و بە کورترین کات ، ئەنجامی دەدەن •

٥ ـ ئامادەن بۆ ئامانجێکی تایبەتی •

٦ ـ نرخێکی کۆمەڵایەتی‌یان تێدا هەیە •

٧ ـ ڕەسەنن ، واتە چالاکی‌یەکانیان گورج‌و گۆڵی‌یەکی ڕەسەنن•

ئایا مرۆڤی بلیمەت چۆن دادەهێنێت‌و دروست دەکات ؟

بە ڕاستی بۆ ئەوەی وەڵامەکەی تەواوو ئاشکرا بێت ، ئەم پرسیارە لە خۆیان کراوە ، وەڵامیان ئەمە بووە ووتوویانە :

مرۆڤی بلیمەت ، بۆ ئەوەی کردارێکی بێ هاوتا دروست بکات ، کارەکەی بە چوار سووڕدا تێدەپەڕێت •

سووڕی یەکەم :

سووڕی ئامادەیی‌یە لەم سووڕەدا هەموو هەوڵ‌و هێزێکی ئامادە

(٢٨) علم النفس وتطبيقاته التربوية والاجتماعية ـ الدكتور عبد علي الجسماني طبعة منقحة مزيدة ١٩٨٤ ص٦٣ •

دەکاتو ئاڕاستەی کۆسپەکەی دەکات ، واتا : ئەو شتەی کە دەیەوێت دای بهێنێتو ، لێی بووە بە خولیا •

سووڕی دووەم :

سووڕی پاڵدانەوەو پشت کردنەوەیە ، لەم سووڕەدا کۆسپەکە بەرەلاّ دەکات ، بە بێ گوێدانو ئاگاداری یەك ، واتا : پشت گوێی دەخاتو ئەو گرنگی یەی نادانێ ، وەکو : کەسێك بۆ کارێکی قورس هەوڵ بداتو مسۆگەری بکات ، ئەمجا بە شێنەیی لێی بجوولێتەوە • ئەم سووڕە وەکو پشوودانێك وپلە بڕینێك وایە •

سووڕی سێیەم :

سووڕی ڕووناکی یە : لەم سووڕەدا ، هەر لە پڕیە کەندەردوو بە تیژ تیەرێك ، چارەی کۆسپەکە دەدۆزێتەوە واتا : شێوەو نەخشەی داهێنراوەکە دێتە پێش چاوی •

سووڕی چوارەم :

سووڕی جێبەجێ کردنە : واتا لەم سووڕەدا چارەی کۆسپەکە دەکات ، یان بابڵێن : نەخشەکە جێبەجێ دەکات •

خوێنەری بەڕێز : تائێستە (١٩) نۆزدە جۆری کەسێتیمان بۆ پێناسەو باس کردی ئەوەشمان بۆ دەرکەوت کە نیشانەکانی کەسێتی ، چەند جۆرێکیان ، زۆر لە یەکدەچنو بە یەکدا چوون ئەویش شتێکی سروشتی یە لە مرۆڤدا •

لە لایەکی دیکەوە ، ئەو کەسێتی یانەی کە نالەبارن ، مەرج نی یە

گەیشتێتە ڕادەی نەخۆش کەوتن ، یان نەخۆشی دەروونی گرتن ، بۆ نموونـــە :

شیزەکەسێتی تووشی نەخۆشی شیزوفرینیا نەبووە ، بەڵام ئەگـــەر لەو سنوورە تێپەڕێت تووش دەبێت •

هەروەها کـەسێتی هێستیری ، یان کەسێتی سایـکۆباسی ، تووشی نەخۆشی دەروونی هێستیریا ، یان نەخۆشی دەروونی سایکۆباسی نەبوون بەڵام ئەگـەر نیشانەکانیان زیاتر پە بسێنێت ، یان بەرەو باش نەگۆڕێن دوور نی‌یە تووشی ئەو نەخۆشیانە بن ، هەروەها کەسێتی سەپێنراو •

خوێنەری بەڕێز جۆرەکانی کەسێتی مرۆڤ گەلێك لەم ژمارەیە زیاترن کەباسمان کردن ، وەکو :

کەسێتی پێشەوا ، کەسێتی لەسەر خۆ ، ناسکەکەسێتی ، کـەسێتی لوتبەرز ، کەسێتی فێڵباز ، کەسێتی دەمباز ، توونده‌کەسێتی ، کـــەسێتی ئاشتی خواز •• هتد ••••• بەڵام بە پێویستی نازانین لەسەریان بڕۆین •

★ ★ ★

چۆن دەبیتە کەسێتی‌یەکی سەرکەوتوو ؟

خوێنەری بەڕێز : مەبەست بە کەسێتی سەرکەوتو ، ئەو کەسەیە کە بتوانێت کار بکاتە سەر کەسانی دیکەو قسەکانی پەیرەو بێت‌و ڕێزی هەبێت‌و بتوانێت ژیانێکی سەرکەوتووانە لە کۆمەڵدا بۆ خۆی دروست بکات ، ئەمەش وا دیارە لەبەر ئەوەیە ، کە چەند نیشانەو ڕەفتارێکی تایبەتی تێدا هەن ، بۆیە ئەو دەسەڵات‌و توانایەی هەیە .

ئەی باشە ئەگەر هاتوو تۆ ئەو نیشانانەت تێدا لاواز بوو ، واتە کەسێتی‌یەکی لاوازت هەبوو ، ئایە دەتوانیت تۆش نیشانەو سیفاتەکانت بەهێز کەیت‌و چەند سیفاتێکی باشتریش لە خۆتا بڕسکێنیت‌و خۆت لە سەریان ڕابهێنێت‌و تۆش بێتە کەسێتی‌یەکی سەرکەوتو ، تین بکەیتە سەر کەسانی دیکەو ڕێزو شوێنێکی تایبەتیت لە کۆمەڵدا هەبێت یان ناتوانێت ؟

لە وەڵامدا ، دەڵێن : تۆش دەتوانیت‌و هەموو کەسێکی دیکەش دەتوانێت ئەمیش لە بەر چەند هۆیەك

١ ـ مەبەستمان بە سەرکەوتن ، ئەوە نی‌یە کە تۆ هەستیت ڕووی مێژو بگۆڕیت‌و یان باری کۆمەلآیەتی لەبنەڕەتدا دەربهێنیت‌و بە بارێکی باشتردا بیگۆڕیت‌و بیخەیت ، یان مەبەستمان ئەوە نی‌یە کە ئەوپەڕ (تەموح)و سەرکەوتنت هەبێت ، بەرزترین ئامانج لەشەوو ڕۆژێکدا

بهێنێته دی ، وبێته (یەکشەوە) ، بەڵکو مەبەستمان بە سەرکەوتن ، سەرکەوتێکی ڕەوانی ئاسایی‌یە ، خۆ گونجاندن‌و کەڵك بەخشینە بەخوو بە کۆمەڵ ، وەکو : مامۆستایەکی سەرکەوتو ، پزیشکێکی سەرکەوتو ، بازرگانێکی سەرکەوتو ، قوتابی‌یەکی سەرکەوتو وەکو کەسێك کە گیانی یارمەتی‌و هەروەزی تێدا هەبێت .. هتد ....

واتای وا نی‌یە ئێمە دژی ئەم جۆرە گۆڕانانەین ، یان ئەو گۆڕانانە کارێکی نەکردەن چونکە ئەو کارە گەورانە ، وەکو ڕووی مێژوو گۆڕین ، یان کاروباری کۆمەڵ خستن بە بارێکی باشتردا ، لە دەستی هەموو کەس نایەت ، بەڵکو لە دەستی کەسانێك دێت کە بلیمەتن‌و ژمارەیان بە پەنجەی دەست دەژمێررێت ، یان چەند بارێکی مێژوویی‌و جوگرافی‌و ڕامیاری‌و ئابووری کۆمەڵایەتی تایبەتی دروستیان دەکات ئەو جۆرە هەلانە ، بۆ من‌و تۆ نارەخسێت ، و تا ئێستە نەرەخساوە مەبەستم ئەوە نی‌یە کە تۆ هەوڵ مەدە ڕوی مێژوو بگۆڕێت ، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە ئەگەر نەت توانی ، سەرنەکەوتی خەفەت مەخۆ .

٢ ـ کارتێ کردنی مروڤ لە کەسانی دیکە ، ڕواڵەتێکی گشتی‌یەو تایبەتی نی‌یە ، تەنها کەسێك ، یان چەند کەسێك ، ئەم توانایەی نی‌یە چونکە کارتێ کردن لە دەروونی مرۆڤەکەوە هەڵدەقوڵێت ، ئەویش وەکو : بیرکردنەوە وایە ، هەموو کەسێك لە ئێمە بیر دەکاتەوە ، هەموو کەسێك لە ئێمە خوشیی‌یێ‌و ترشیی‌یێ ، و پێ بزانێت و پێ نەزانێت ، کارو تین دەکاتە سەر کەسانی دیکە ، کردەوەی بە ڕەواجی هەیەو قسەی بە برەوشی هەیە ، بە هۆی تین‌و تیشکێکی تایبەتی‌یەوە ، ئیتر ئەم کارتێکردنە دوور بڕوات ، یان نزیك ئەوەش دەگەڕێتەوە ، بۆ ڕادەی بەهێزی‌و بێ‌هێزی ، ئەو کەسێتی‌یە،جاران وایان

دەزانی کـە کەسێتی سەرکەوتوی بەهێز لای ئەو کەسانەیە ، دیمەنێکی جـوان و شانو بازویەکی بەهێزیان هـەیەو سەروسیمایەکی بەسامو ترسناکیان هەیە ، بەڵێ ڕاستە خەڵکی هـەر وەکو چۆن لـە دەوری ئاگردانی زستـان کۆ دەبنەوە ، ئاوەهاش لـە دەوری کەسانێك پوورە دەدەنو کۆدەبنەوە ، کەلە پاڵیاندا هەست بە ئارامو خۆشی بکەن ، کـە لەشیان بەهێزو ، بە دەستەڵاتو توانا دارن ، لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆر کەسیش هەن سەرو قەسـاڵکی ناشیرینیان هەیەو لەشێکی لەڕو لاوازو قەبارەیەکی پچووكو بوودەڵەیان هەیە ، و بە ڕادەیەکی ئەوتۆش کـار دەکەنە سەر کەسانێکی دیـکە قسەکانیان لایان ڕەواجی هەیە ، مرۆڤ سـەری سووڕ دەمێنێ • لەم دوو خاڵەوە بۆمان دەرکـەوت ، وەکو لە سەرەتای دابەشکردنی کەسێتیدا ، باسمان کرد ، هـەموو کەسێك کەسێتی هەیە ، بەڵام هەیە کەسێتییەکی سەرکەوتووی هەیە ، هەشـە کەسێتییەکی نەخۆشی هەیە هەشە کەسێتییەکی دواکەوتووی لاوازی هەیە مرۆڤیش بە دەستی خویەتیو دەتوانێت ، کـەسێتی بەلاوازەکـەی بەهێزو سـەر کەوتوو بـکاتو بیگورێت بۆ سەرکەوتوویەکی بەناوبانگ بە مەرجێك پەیڕەوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات :ـ

١ ـ پارێزگاری تەندروستی خۆت بـکە •

٢ ـ ئەگەر ناتەواویەکی لەشیت هەیە ، هەست بە کەمـەری مەکەو بیری لێ مەکەرەوە ، بەڵکو بتوانی لە زیانتا ، چۆن خۆت سەر دەخەیت، ئەوەش بزانە چەندەها لـە پێشەوا وپیـاوە مێژوویەکان یان شەلبوون، یان ناتەواوییەك ، هەبووە لـە ئەندامێك لە ئەندامەکانی لەشیاندا ، بۆ بۆنمونە : تەیمووری لەنگ ، شەلبووە ، پیتهۆڤن کەڕ بووە ئەبوعـەلای

مەعمەری کوێر بووە ، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵکەوتەو بلیمەت بوون .

٣ ـ هەرگیز بیر نەکەیتەوە لە سەرنەکەوتن (الفشل) ، بەڵکو هەمیشە بیر لە سەرکەوتن (النجاح) بکەرەوەو هەوڵی بۆ بدە ، بەلام بە رێگەی ڕاست و ڕەوان ، نەك لە سەر حسابی ئەمو ئەو ، نەك بە رێگەی ناڕەواو چەوتەو چێڵوگزی ، ئەگەر بە ڕێگەیەك سەرنەکەوتیت بگۆڕەو ڕێگەیەکی دیکە تاقی کەرەوە .. هتد ....

٤ ـ باوەرت وا بێت کە هیچ کۆسپێك و تەگەرەیەك نی یە ، چارەی نەبێت ، بەڵکو هەموو کۆسپو تەگەرەیەك چارەی هەیە . کاتێك کە کۆسپێك ڕێگەت پێ دەگرێت هیچ مەشەڵەژێ ، بەڵکو بە هێواشی و لە سەرخۆ ، بەبەرەو پیری ڕۆ و بیری لێ بکەرەوە ، تا لا دەچێت .

٥ ـ کارەکەت خۆش بوێت ، لە یەك کاتدا دووەمێ کار مەگرە دەستەوە ، چونکە ئەو کاتە هیچیانت بۆ ئەنجام نادرێت ، بەڵکو کارێك تەواو کەو ئەمجا دەست بدەرە کارێکی دیکە ، وەکو پەندە کوردی یەکە دەڵێت

هەشت بێت لە مشت بێت ، نۆ بێت نەك نەبێت .

٦ ـ هەر کارێکت هەیە بە گورجو گۆلی دەستی بەری و ئەنجامی بدە .

٧ ـ واز بێنە لەو ڕەفتارانەی کە کۆمەڵ پێی ناخۆشەو پەسندیان ناکاتو دەیان بێزێنێت .

٨ ـ باشترین سیفاتی نیشتیمان پەروەری و نەتەوەگەری ، لە خۆتا بڕسکێنە چونکە هەڵگرتنی ئەم سیفاتانە پارێزگاری باری ئازادی و ڕزگاری نەتەوەکەتو نیشتمانەکەت ، دەکەن و ئەو کاتە کۆمەڵ ئرخت

بەرز دەکاتەوە ، چونکە ئێمە لەچەرخی ئەمانەدا دەژین •

٩ ـ لە بیرو باوەڕی شوفێنیو ڕێڕەوی کوێرانەی خۆپەرستی لادە•

(١٠) ـ بەرگی تەسکی هۆزەگەریو تیرەگەری داماڵەو ، پـــــــری نەتەوەیی گشتی کوردی بپۆشە •

١١ـ تا ڕادەیەك گرنگی بە جلو بەرگو هەڵبژاردنی جۆرەکانیو ڕەنگەکانی بدەو قەڵافەتت ڕێك بخە ، هەرچەند جلو بەرگ مەرجێکی باڵا نییە بۆ دروست بوونی کەسێتییەکی باش ، لەبەر ئەوە کـــە باسی کەسێتییەکی مێژوویی دەکرێت ، کەس نایرسێت چی لەبەر کردووە ؟ وەگرنگدان بە جلو بەرگیش واتای وا نییە ، جلو بەرگی گران بەهاو، نرخ گران ، نرخی مرۆڤ بەرز دەکەنەوەو کەسێتی سـەر دەخـەن ، بەڵکو جلو بەرگی نرخ گران لە کۆمەڵێکی نەناسراودا ، نرخی مرۆڤ بەرز دەکاتەوە •

١٢ـ تێکەڵاوی کردن : چەندێك بۆت دەلوێت ، ئەوەندە تێکەڵاوی کەسانی دیکە بکە ، هاشۆو ڕەوت هەبێت ، چونکە تێکەڵاوی دەوڕێکی زۆر گرنـگی هەیە ، لەپەروەردە کردنو قاڵ کردنی کەسێتی مروفـدا ، چونکە کەسێتی بە تێکەڵاوی بەهێز دەبێتو بەڕێز دەبێتو ناوبانگ پەیدا دەکـــات •

١٣ ـ یارمەتیو هەرەوەزی کردن : تا دەتوانیت ، یارمەتی کەسانی دیـکە بدەو هەرەوەزییان لەگەڵ بـکە ، چونـــکە ئەم دوو نیشانەیە روخساری مرۆڤ سووك دەکەنو قسەکانی پەبرەو دەکەن •

١٤ ـ هـاوڕێتی لەبەر ئەوەی هاوڕێ دەورێـکی باڵا لە ژیانی مرۆڤدا دەبینێت ، هاوڕێ باش بـگرە ، پەندێـکی کوردی هەیە دەڵێت

«مەل هەیە گۆشت دەخواتو مەلیش هەیە گۆشتی دەخورێت» . ٨٥

ئەمجا ئەگەر زانیت ، تۆ خۆت ناتوانیت ببیتە پێشڕەوی هاوڕێکانتو تینو کاریان تێ بکەیت ، ڕەووشتو خووە خراپەکانیان بگۆڕیت ، ئەوە ئەو کاتە نەکەیت هاوڕێی خراپ بگریتو لەگەڵ هاوڕێی خراپو تەمەڵو دەستەو وستانو خوو ڕەووشت ناپەسندا بگەڕێیت ، ئەگەر بە خۆتا ڕاپەڕموو بتوانیت کاریان تێکەیتو خوو ڕەووشتی خراپیان بگۆڕیت ، ببیتە هۆی ئەوەی لە زیاندا سەریان خەیتو ببیتە پێشەواو نموونە چاووت لێ بکەنو بە قسەت بکەن ئەو کاتە هاوڕێی خراپیش بگریت زیانی نییە ، چونکە جاری وا هەیە هاوڕێ تووشی جگەرە کێشانو قومار کردنو سووڕانەوەی بێ هودەت دەکات ، هەر وەکو چۆن هاوڕێی باشیش ، لە وانەیە ئەم خووە ناشرینانەت بێ تەرک کات .

من خۆم چەند جارێک هاوڕێی خراپ ، فێری جگەرە کێشانی کردوومو جگەرەی‌داوە پێمو دووایی کە زانیوێتی تەواو فێری جگەرە کێشان بووم ، ئەوجا جگەرەی نەداوە پێمو پێاما هەڵکاڵیوە ، وتوویەتی ئەوە عەیب ناکەیت ، جگەرە بۆخۆت ناکڕیتو لەملاو لەولا لامێزی دەکەیتو بەسەر کیسەو قوتوی ئەمو ئەوەوە دەلەوەڕێیت ؟ لەگەڵ ئەوەشدا جارێکیان هاوڕێ یەکی باشم هەبوو جگەرەی بێ تەرک کردمو قایلی کردم کە جگەرە کێشان زور زیان بەخشە ، ڕێگەیەکی بێ نیشاندام کە بەکاری بێنم ، ڕێگەکەش بریتی بوو لەوەی کەسوێن بخۆم لە بەیانی تا ئێوارێ جگەرە نەکێشمو دان بە خۆما بگرم . ئێوارێ سوێندەکە تازەکەمەوە ، بۆ ئێوارەی دووایی ، هەروەها لەو ماوەیەدا کە دەچوینە دیدەنی کەسێک ، یان دەچووینە میوانی ماڵێک پێش‌بڕی لێم

دەکردەوە ، دەی ووت : فلان وازی لە جـگەرە هێنا وەو جـگەرەی مـەدەنێ ٠

من ئەو کاتە هەرچەند لە دڵی خومەوە ئەو چاکـەیەم بە خراپە دەزانیو پێم ناخۆش بوو ، چونـکە خۆشترین هـەڵی لە کیس دەدامو جگەرەیەکی ڕۆسمەن ، یان دیمۆری ، یان(لارک)ی لە کیس دەدام ، بەڵام ئێستە هەرچەند یادی ئـەو هاوڕێ باشە ، دەکەمەوەو کردەوە جوانەکەیم هەرگیز لەیاد ناچێت ، ئێستاکێ دەزانم کـە ئـەو هاوڕێیە چەندێك دڵسۆزی من بووە ٠

بەڵام ئەو ڕێـگەیە باشترین ڕێـگە نی‌یە بۆ وازلێ‌هێنان لە جگەرە، بەشکو باشترین ڕێگە ئەوەیە کەویستو بڕیارت بەهێز کەیتو یەکـەری فڕێی دەیتو وازی لێ بهێنیت ، ئەو پارەیەی لە جگەرەدا خەرج دەکرێت تا ماوەی یەك دوو مانگێك لەشتی زیادەدا خەرج کرێت ، وەکو : کڕینی جەرەسی زۆرگران ، یان خواردەمەنی نرخ گران ٠ بۆ ئـەوەی دیوی (بێ هەستی) مرۆڤ وا نەزانێت لەبەر (دراوەکە) وازی لێ دەهێنێت ، و ویستو ، بڕیاری جگەرە کێشەکە بێ‌هێز بکات ٠

١٥ ـ قسـە کـردن :

خوێنەری بەڕێز

هیچ بەلاتەوە ناخۆش نەبێت ، کـە کـاتێك ئەم ئامۆژگاری‌یانەت لەبارەی قسەکردنەوە ، پێشکەش دەکەم ، جونکە ئەگەر هەموو کەسێك لـە ئێمـەی ئادەمیزاد ، بیزانیایە جۆن قسـە دەکاتو جۆن دەدوێت ئێستە سـەر زەمین چەندێك جێـگەی شەڕو جەنـگوو کوشتن‌و بڕین‌و خوێن ڕژاندن‌و ستەم کردن نەدەبوو ، دە ئەوەندە جێـگەی ئارامو ، ئاسایش‌و ،

کامەرانی‌و خۆشەویستی‌و دادپەروەری ماف‌ڕەوایی دەبوو ، چونکە زمان (قسە) ئامرازی پێشکەوتن‌و تێ گەیاندن‌و لە یەك گەیشتن‌و ناکۆکی لابردنە ، ئەو کەسەی کە نازانێت بە باشی بدوێت‌و قسە بکات ، تەگەرەیەکە لە ڕێی ژیاندا هەر بۆیە ووتراوە ، خوایەنەم خەیتە ژێر دەستی نەزانەوە داماوی دەستی نەزانم نەکەیت ، تا ڕۆژێك بوو ئەمرازی لەیەك گەیشتن قسەی ڕووت بوو ، ڕۆژی پەیمان‌و درۆ نەکردن بوو ، سەرزەمین بەهەشت بوو ، چونکە خەڵکی خاوەن قسەی خۆیان بوون ، بەلاَم ئێستە کە (ڕامیاری) بە واتای ئەم چەرخە لەباو دایە ، ئامرازی تێ‌گەیشتن ولەیەك گەیشتن ، بەرژەوەندی تایبەتی‌یە (المصالح) لە نیوا ندا ، سەرزەمین لە زۆر شوێندا بۆتە پارچەیەکی ئاگرو داماوی ڕسوایی‌و گۆزە بە دیزە دەکرێت ، هەرچی جۆرێك هەبێت(قسەی خۆش دەرمانی زامە ، قسەی ناخوش‌و نەزان دووان ، خەنجەری ژەهراوی یەم

تۆ بزانە لە ژیانی ڕۆژانەندا ، چەندێك دلگیر دەبێت ، کە دەبینیت لە فەرمانگە یەکدا ، فەرمانبەرێك ، کە بو ئەوە مووچەی بۆ براوەتەوە کاری من‌و تۆ بە ڕوویەکی خوشەوە ، بە زمانێکی شیرین ، ئەنجام بدات ، لەگەڵ ئەوەشدا ، پیاتا هەڵدەکاێت‌و نازانێت زمانی بەکار بهێنێت‌و قسە بکات .

ئایە لە دڵی خۆتدا ، نالێیت خۆزگە دەستەلاتم دەبوو قوتابخانەیەکم بۆ جۆری ئەم فەرمانبەرانە دەکردەوە ، بۆ ئەوەی فێری قسەیان بکەم ؟

یان نالێیت : خۆزگە هەر کار بە دەستێك پەیوەندی ڕاستەو خۆی بە جەماوەرەوە دەبوو ، خۆزگە هەر بەینە نابەینێك (خولێکیان) بۆ بکردایەوە ، هەر لەبەر ئەوەی فێری قسەکردن‌و دەروونزانی

کۆمـەڵایەتی بوونایەو فێری ئەوە ببوونایە ، کە چۆن کردەوە لەگـــەڵ ئەمو ئەودا بـکەن ؟

ئایە نازانیت لە زۆر وولاتدا قوتابخانە کراوەتەوەو یان پەیمانـــگە دامەزرێنراوە ، بۆ فێر کردنی چوێتی قسە کردنو ووتو وێژ کردن ، یەکێك لەو پەیمانگەیانە ، پەیمانگەی پەیوەندی مرۆڤایەتی‌یە کــە (دیل کارنێژی(٢٩)) ئەمەریکی لە شاری نیویورك دای‌مەزراندووە .

ئێستە دێنەســەر ئــەو ئامۆژگاریانە کـە لـە کاتی قسەکردنو وتووێژ کردندا ، پێویستە پەیڕەوی بکرێن هەرچەند ئەم کابرایە ئەم ئامۆژگاری‌یانەی لە گیرفانی‌خۆی دەرنەکردووە ، بەڵام کەڵکیان هەیە :ـ

١ـ١٥ـ ئامانجی سەرەکیت لەووتو وێژکردندا گەیشتن بە ڕاستی‌و ماف‌وو ڕەوا ئاشـــکرا کردن بێت ، نەك مەبەستت مـــەلا بەزێنی‌و کۆڵەکەدان بێت . [redacted]

٢ـ١٥ـ لە کاتی قسەکردندا ڕووت خۆشکەو قســەت خۆش‌کـەو زوو هەڵمەچۆو تووڕە مەبە ، لەم بارەیەوە پەندێکی چینی هەیە دەڵێت :

ئەو کەسەی نەزانێت ڕووی خۆی خۆش کـات نابێت فرۆشـگە بـــکاتەوە .

٣ـ١٥ـ بە چاوی سووك تەماشای بەرابەرەکەت مەکە ، ڕێـــزی ڕاگانی بگرەو مافی خوی بدەری ، چونکە (هەموو کەس لـــە کراسی خۆیدا پیاوە)و خۆی بە پیاو دەزانێت ، ئــەو کەسەی ڕێزی خەڵـــکی بگرێت ، ڕێزی خۆی دەگرێت .

---

(٢٩) کیف تکسب الاصدقاء ، وتؤثر في الناس ـ تالیف دیل کـــارنیجی ط٥ ١٩٥٨ مطبعة السنة المحمدیة في مصر ص٢٠٧ .

٤ـ١٥ـ بە باشی گوێ بگرە بۆ قسەی بەرامبەرەکەت ، رێگەی بدەرێ با ئەویش قسەی خۆی بکات ، ئەگەر هەر بێ دەنگ بوو ، بیجوڵێنە ، با بێتە قسە ، کە قسەی کرد ، قسەکانی پێ مەبڕەو ڕەخنەی لێ مەگرە تا وەکو لێ دەبێتەوە ، ئەو کاتە مشتومڕی لەگەڵ بکە ، ئەگەر وا بکەیت لە قسەکردندا دەست پێشکەری بکات ، ئەوە باشترە .

٥ـ١٥ـ کاتێک کە قسە بۆ کەسێک دەکەیت ، وا بزانە قسە بۆ هاوڕێیەکی خۆشەویستت دەکەیت ، ووتراوە (بە قسەی خۆش مار لە کون دێتە دەرەوە) .

کابرایەکی ئەمریکی دەڵێت : ئێمە مانگا لە بەر شیرەکەی بە خێو دەکەین ، کەناری لەبەر دەنگە خۆشەکەی ، بەڵام سەگ لەبەر خۆشەویستی‌یەکەی بەڵام ئێمەی کورد سەگ ڕادەگرین لەبەر پاس‌و بە وەفایی‌یەکەی .

٦ـ١٥ـ بەرامبەرەکەت مەشکێنە ، بە زۆر مەی‌هێنە سەر ڕاکانت‌و بیرو باوەڕی خۆتی بە زۆر بەسەردا مەسەپێنە ، چونکە بستێک بڕ ناکات، ئەگەر بە ڕواڵەت خۆی وا دەرخات ، کە باوەڕت پێ دەکات ، لە ناخی دەروونیدا لە سەر بیرو باوەڕی خۆی دەمێنێتەوەو درۆت لەگەڵ دەکات ، واتای وایە ئەو کاتە تۆ هەڵخەڵەتاویت .

٧ـ١٥ـ ڕاستەو خۆ بە رامبەرەکەت بە درۆ مەخەرەوە ، چونکە بە شکاندنی دەزانێت ، بەڵکو ڕایەکی ڕاستی بۆ ئاشکرا بکە ، کەوا بزانێت ڕای خۆیەتی وە لە جەرگەی بیرو ڕای ئەوەوە دێتە دەرەوە .

٨ـ١٥ـ کاتێک کە قسە دەکەیت ، بزانە لەگەڵ کێ قسە دەکەیت ، ئەو کەسە گەورەیە ، یان منداڵە ، پیاو ، یان ئافرەتە ، خوێندەوارە ، یان

نەخوێندەوارە ، چونکە هەر کەسەو پلەیەکی تایبەتی دەوێت ، لە ڕادەی شێوازی قسەکردندا .

(٩)١٥- ئەگەر لە کاتی قسەکردندا کەوتیتە هەڵەیەکەوە ، کوتوپڕ دانی پێدا بنێو پەشیمان بەرەوە ، دانتان بە هەڵەدا کردەوەی کەسانێکە کە باوەڕیان بە خۆیان هەیە ، چونکە بەمە گەردنی خۆت سەرفراز دەکەیت و گرێیەك ، لە دەروونت نادەیت ، یان گرێیەك لە دەروونتا دەکەیتەوە پێش ئەوەی بئالۆسکێتو بێتە گرێ کۆنە .

١٠-١٥- بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەت بە (بەڵێ)و (نەخێر) وەڵامت بداتەوە ، ڕێگەی سوکرات بگرە لەوتووێژ کردندا .

سوکرات هەرچەند سەروفەساڵێکی ناشیرینو ڕەزایەکی قورسی هەبوو تووك بە سەریەوە نەمابوو ، بە پێی پەتی بە کۆچەو بازاڕەکانی شاری (ئەسینا)دا دەسووڕایەوە ، لە تەمەنی (٤٠) ساڵیدا کچێکی (١٧) ساڵی شووی پی کرد ، لەگەڵ ئەوەشدا یەزدانی بەرز ، زیرەکی‌یەکی تەواوو دەروونێکی بەهێزو تێبینی‌یەکی ووردوو بیرکردنەوەیەکی قوڵی دابووێی ، لەگەڵ ئەوەشدا ، خۆی هەر بەکەم دادەناو ، دەی‌ووت : من دانائیم ، بەڵام دانایم خۆش دەوێت .

ئەم زانایە بە دامەزرێنەری (فەلسەفە)ی یۆنانی دادەنرێت ، و ڕێگەی تایبەتی هەبوو ، لە گفتوگۆ ووتوو ویژکردندا ، کە پێی دەووترا ، ڕێگەی (دایلاکتیك)(٣٠) ئەم ڕێگەیەش ، بریتی بوو لەوەی کە ئەو پرسیارانەی لە بەرامبەرەکەی دەکرد ، کە بە (بەڵێو)و (نەخێر)

(٣٠) مبادئ التربية - تاليف الدكتورين خالد الهاشمي ، واحمد حسن الرحيم ط٢ مطبعة وزارة المعارف في بغداد ١٩٦٢ ص٦٢

وەڵام بدرێتەوە ، بەم شێوەیە بەردەوام دەبوو لە سەر پرسیارکردنو لـە سەر یەك پرسیـاری دەکرد ، تا وەکو بەرامبەرەکـەی کـاتێکی دەزانی دەچووە سەر ڕاکەیو دەکەوتە داوێوە ، بۆ ئەوەی پێ بزانێت .

سوکرات(٣١) تا بەم ڕێـگەیە توانی (سۆفـستائی) یەکان بـەزێنێت ، کە بیرو باوەڕی پرو پووچیان ، لە ئەسینادا بڵاو دەکردەوە .

تا بەم شێوەیە سوکرات ، هێواش هێواش توانیویەتی بەرامبەرەکانی خۆی لە کاتی ووت وویژکردندا ، بێنێتە سەر ڕاکانی ، بە بێ ئـەوەی هەستیان زامداربکات .

پێش (٥) هـەزار ساڵ لەمـەو پێش یەکێك لە دانیشتوانی ووڵاتی (چین) وتوویەتی :ـ ئەوەی هێواش بڕوات (١٠٠) ساڵ دەڕوات .

١٦ ـ خوێندنەوە : تا بێت دەکرێت ، بەرتووکو گۆڤاری بە نرخ بخوێنەرەوە تا بێت دەکرێت بە شوێنی بەرتووکو گۆڤاری بە نرخـــدا بـگەڕی و هاتوو چۆی (کتێبخانە)کان بـکە ، چونـــکە خوێندنەوەی نوسراوو چاپەمەنی بە بەنرخەکان ، ئاگاداری ئەو گۆڕانانەت دەکـەن ، کـە بەسـەر کاروباری ڕوشنبیریو ویژەییو زانستیو باری ڕامیاریو کۆمەڵایەتیو ئابوریدا ، دێت ، نایەڵێت لە کاروانی پێشکەوتن ، بـــەدوا بکەوێت ، ئەگینا دووای چەند ساڵێك خۆت لـــە کۆمەڵداو لـــە کۆڕی هاوڕیاتا ، بە بێانە دادەنێتو نامۆیی دەکەیت ، ناتوانیت دوو وتووویژی ڕۆشنبیریانەیان لەگەڵدا بکەیت .

بە پێویستی نازانم کە ئەوەت بۆ بڵێم زۆر گرنگە کە بگەڕێت بـە

(٣١) افلاطون ـ تاليف عبدالرحمن بدوی ط٤ ـ مکتبة النهضة المصرية ١٩٦٤ في القاهرة .

دووای لەو چاپەمەنی‌یانەدا ، کە باسی (پیشە)کەت‌و ڕێـــگەو شـــێوەی پێشکەوتنی دەکەن بەتایبەتی ئەو چاپەمەنی‌یانەی کـــە باسی تازەترین‌و بەرەپێداوترین ڕێـگەی دەکەن •

١٧ ـ هاتوچۆی یانەکان : ناڵێم هاتووچۆی (یانە ـ نادی) یەکـان بـکە ، لەوانەشە بڵێت : ئـــەم مامۆستایە وا دیارە مرۆڤێکی ووشـك‌و دواکەوتووە ، هــەر جێ دەڵێت ، گەردنت ئازاد بێت ، چونکە (یانە) لە وولاتاندا جێگەی چەندەها کورج‌و گۆڵی‌و چـــالاکیی کۆمـــەلایەتی‌و پەروەردەیی‌و ڕۆشـنبیری‌و وەرزشی‌یە وەباشترین هۆیە بۆ پەرەپێـــدانی کەسێتی مرۆڤ ، بەلام (یانە) لە وولاتی ئێمەدا ، تەنها جێگەی خواردن‌و خواردنەوەو مەی‌نۆشینە ، هێشتا زۆر کەس هەن ئەوەشی پێ ڕەوا نابینن‌و بە شیاوی ئەوەشی نازانن ، لەبەر ئەوە لە ماڵەوە دەخونەوەو هاتووچۆی ناکەن ، هەرچەند پارەی هاتوو چۆکەشی بەزۆر هەر لێ‌دەسەندن •

تۆ بڵێت لەبەر چی بێت ؟

بە ڕای من لەبەر ئەم هۆیانەیە :ـ

١ـ١٧ـ یانەکانمان لە ئامانجە بناغەیی‌یەکانی (یانە)ی ڕاستی بـــە جۆرێك لایان داوە ، ئامانجەکانیان کۆ کردۆتەوە ، ودایان ماڵیوە ، هێـا ویانە تە سەر یەك ئامانج ، ئەویش ئامانجی ئابووری‌و دراو قازانج کردنە، ئیتر ئەمە خەتای کێ بێت ، ئەوە خۆی دیارە ، یان کاتێك دەســتەی بەرێوەبەر دەخرێتــە هەڵبژاردنەوە ، ئـەو مەبەستانەی زیاتر دەخرێتـە بەرچاوو ، ئاشکرا دەکرێت •

٢ـ١٧ـ بەڵێ ڕاستە لە بەیرەوی ناوخۆیی زۆرترین (یانە)کاندا ، باسی کتێبخانەو خوێندنەوەو خواستـەوەو بەرتووکیش کراوە ، لە مـە

زیاتریشـــ باسی لیژنـــەی ڕۆشنبیـــریو وەرزشیو هـــاتووچۆی هاوینەهەوارەکان و زستانەهەوار (لجنـــة السفرات)یش و چـــەند لیژنەیەکی دیـــکەیش کراوە بەڵـــکو ناوی ســـەرۆك لیژنەکـــانو ئەندامەکانیشیان ، ناو نراوە ، لـە تۆ مارگەی تایبەتیدا دیاری کراوون بەڵام ئەمانە لە کاتی جێبەجێ کردندا هەموویان پشت گوێ دەخرێن ، هۆی ئەم پشت‌گوێ خستنەش ، ئەوەیە کـە ئەو کەسانەی کـــە بۆ سەرپەرشتی یانەکان ، هەڵدەبژێررێن لەوانەیە ئەو ئارەزووانەیان تێـدا نەبێت ، بەڵـکو بەپێی چەند مەرجێکی دیکەن،ئەمجا ڕاست وایە ، هەموو (یانە)یەك ،کتێبخانەیەکی خنجیلانەی پڕ لە بەرتووکی تازەو هەمەجۆرەی تێـدا هەبێت ، لەگەڵ سالۆنێکی ڕێكو پێکی ئامادە کراوو ڕازاوە ، بۆ خوێندنەوە ، لە ژێر چاودێری لیژنەیەکی چالاکدا ، و بە شداری هەموو جۆرە ڕۆژنامەو گۆڤارێکی ڕامیاریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری بـــە نرخ بـکات ، هەموو مەرجێکی (یانە)ی هاوچەرخی ، تێدا هەبێت .

ئەم جۆرە یانانەیە ، کـــە دەتوانن خزمـــەتی ڕاگوزەرانو هاتووچۆکەرانو بە شداران بکەنو کەسێتی‌یان بەهێزبکەی ، چونـــکە ئەو کاتە لەگەڵ بیرو باوەڕی هاتوو چۆکەراندا ، دەکونجێن .

خوێنەری بەڕێز

دوای ئەوەی (١٧) ئامۆژگاریمان پێشکەش کردن ، بۆ ئەوەی کە سەرکـەوتووبن لـە ژیانتانا ، گرنگترین نیشانەی مرۆڤی سەرکەوتووتان بۆ تۆمار دەکەین ، ئەو نیشانانەی کە لە کۆمەڵی کوردیدا پەســـندن و پێویستە لە خۆتانا بیانڕسکێنو پەرەیان پێ بدەن

گورجو گۆڵی ، زمان ڕەوانی ، قسەخۆشی ، تێکەڵاوی ، ووریایی،

به پشوویی ، خوێندنەوەی زۆر ، ئارەزوومەندی ، بەخشندەیی ، دەست پاکی ، شەرەفمەندی ، ئازایەتی ، بەزاتی ، دلسۆزی ، وەفاداری ، ڕاست بێژی ، مرۆڤی سەرکەوتو توانای هەیە لەنگەری دەروونی خۆی ڕاگرێت ، مرۆڤی سەرکەوتوو ئامانجەکانی ئەوەندە بلند نییە ، کە نەتوانێت پێیان گاتێ ، واتە : (بەرز نافڕێت و نزم نانیشێت) ، کەسێتی سەرکەوتو خۆی ڕادەهێنێت لە سەر سەرکەوتن و زاڵبوون بە سەر گیرو گرفتەکانی ژیاندا ، هەمیشە بە شوێن ئەو هۆو کارکەرانەدا دەگەرێت ، کە دەبنە پاڵپشتی سەرکەوتنی لە ژیاندا .

کەسێتی سەرکەوتو هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات کە خۆی دوور بگرێت لەو سیفاتانەی کە لەگەڵ نیشانە باشەکانی کەسێتیدا دژن و کۆ نابنەوەو ناگونجێن وەکو : یەکێك یان زیاتر لەم نیشانانە : مەی‌نۆشی ، سەرخۆشی ، جگەرە کێشان ، قومارکردن ، قوماربازی ، فێڵبازی ، دەست‌بڕین و دەست شکاندن دەست‌پیسی ، ناپاکی ، شەواڵ‌بلێتی ، گزی کردن ، لەگەڵ ئەمانەشدا چەند نیشانەیەك هەن ، دژی گەشەکردنی کەسێتین بەڵام لە دەستی مرۆڤ خۆیدا نین وەکو : دەم گۆنەکردن ، زمان تەتەڵە کردن .

★ ★ ★

گرنگترین ئەو گیروگرفتانەی کە کەسێتی مرۆڤ دوادەخەن

ئەو گیروگرفتانەی کەسێتی مرۆڤ دووا دەخەن‌و ، ڕەووشـــتی لێڵ‌و تاریك دەکەن ، ئەمانەن :ـ

١ ـ ڕەشبینی

ڕەشـین : جۆرە هەلوێستێکە(٣٢) ، بەرامبەر ژیان ، یان فەلسەفەی ژیان ، کە بەم شێوانە دەر دەبڕێت :ـ

١ـ١ـ ئەو کەسە لـــە خەیاڵی خوێدا دەڵێت : باش وابوو مرۆڤ نەبووایە نەبوونی ، لە بوونی باشترە ، بەڵـکو خۆزگا یەژیان هـــەر نەبوایـــە •

١ـ٢ـ مرۆڤ بۆ داماوی‌و سزا کێشان لە دایك دەبێت •

١ـ٣ـ ئەم بیردۆزە پەیوەندیی هـــەیە ، بە فەلسەفەی زانایەکی ئەڵمانی‌یەوە ، کـە ناوی (شوبنهاوەرە) •

ئەم فەلسەفەزانە یان ئەم فەیلەسوفە ژیانی بە خراپ داناوەو دەڵێت :

ئازارو سزا کێشان ، یاسایەکن ، بۆ ژیان ، زیان دەچێنن • ئـــەو

(٣٢) أسعد رزوقي ـ موسوعة علم النفس ـ ص٧٤ •

کەسانەی ڕەشبین ، هەمیشە هاوارو سکاڵا لە بێبەختیو چارەڕەشی خۆیان دەکەن ، دەڵێن ئەوەندە چارەڕەشین (بچینە سەر سیروان ووشکی دەکەین) .

ئەگەر بێتو لە بارەی دەروونییەوە لە مرۆڤی ڕەشبین بکۆڵینەوە ، دەبینین : کە خۆیان ئارەزووی سەرنەکەوتنو لەکیس‌چوون دەکەن ، خۆیان حەز بە هەناسەساردی و ڕەنج پێوەری دەکەن . خۆیان تینوون بۆ خزانو کەوتن . بە لاتەوە سەیر نەبێتو سەرت‌سوڕ نەمێنێت، چونکە سیگموند فروید ، ئەمانەی تاقی کردوتەوەو هەڵی‌سەنگاندوونو لەم بارەیەو دەڵێت : ئەو جۆرە کەسانەی کە (ئالەر)ی مردنیان بەهێزترە ، بە چەند ڕێگەیەك ، دەری دەبڕن یەکێك لەو ڕێگایانە (خۆکوشتنە ، یەکێکی دیکەیان حەز بە (ڕەنج‌پێوەری) و هەناسەساردی‌یە .

چونکە دڵنیان لەوەی کە سەرکەوتن و قانزاج کردن دەیان بەستێت بە زیانەوەو چەلوملی دەبن ، ئەگەر زیان نەکەن .

نموونەیەکی دیکە بۆ حەز بە ڕەنج‌پێوەری‌کردن ، ئەوەیە کە هەندە مێردێك هەن ، لەبەر ئەوەی حەز لە ژنەکانیان ناکەنو هیچ خۆشەویستی‌یەك لە نێوانیاندا نی‌یە ، حەز بەسەرکەوتن ناکەن ، بەڵکو حەز بەهەناسەساردی و ڕەنج پێوەری و لە کیس چوون دەکەن ، چونکە دەزانن سەرکەوتنو قانزاج کردنەکانیان ، دەبێتە هۆی خۆش گوزەرانیو بەختیاری هاوسەرەکانیان . لەم واتەیەدا ، بەندێکی کوردی هەیە دەڵێت کەری دێز حەز لە تۆپینی خۆیو زیانی خاوەنەکەی دەکات .

زۆر کەس هەن لەم بابەتە کە گورچو گۆڵی‌یەکانیان ، یان

پیشەکانیان نابەنە سەر بە بەڵگەی ئەوەی قورسن ، یان مەترسیان تێدا هەیە •

فرۆید دەڵێت : ئەمە بۆ ئەوەی کە سەرنەکەوێت‌و نەگاتە ئامانجەکانی • هەرچی چۆنێك هەبێت ڕەشبینی کەسێتی مرۆڤ دووا دەخات ، پێویستە مرۆڤ سەرکەوێت بەسەریداو خۆی ڕوون بین بکات ، بە چاوێکی کراوەی پڕ لە خۆشی‌و کامەرانی‌یەوە تەماشای ژیان بکات •

٢ ـ تەگەرەی دووەم

لە ڕێگەی دروست بوونی کەسێتی‌یەکی سەرکەوتوو تەگەرەیە فێربوونی هەندە ڕەووشت‌و خوویەکی ناشیرین ، وەکو : مەی‌نۆشی کات کوشتن بە هاتو چۆی چایخانە و یاریگەو دومینەو قومارەوە •

زاناکان دەڵێن : ئەو قومارچیانەی کە واز لە قومار ناهێنن‌و لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەی‌دۆڕێنن‌و ئەش‌زانن ، دەی دوڕێنن کاتێك هیچ تەمێیەك وەرناگرن ئەوانە ئارەزوویەکی بێ‌هەستی‌یان هەیە کە بیدۆڕێنن ، ئەگینا بۆچی واز ناهێنن ؟!

٣ ـ تەگەرەی سێیەم جگەرەکێشانە

کارێکی ئاشکراو ڕوونەکە جگەرەکێشان لە کەسێتی مرۆڤ کەم دەکاتەوەو دەبێتە تەگەرە لە ریگەی پەرەسندنیا ، چونکە دەرکەوتووە ، کە جگەرە کێشان چالاکی کەم دەکاتەوە ، مرۆڤی جگەرەکێش ماوەی نوستنی کەمەو ، دەم‌و ددانی زۆوزوو پیس دەبێت‌و دانەکانی ڕەنگی تێك دەچێت‌و تامی دەمی ناخۆش دەبێت ، بەلغەمی زۆر دەبێت‌و دەکۆکێت‌و باوەڕی بە خۆی نامێنێت ، باری دەروونی بێ‌لەنگەرو دەبێت‌و زووزوو توڕە دەبێت •

بێجگە لەوانەش جگەرەکێشان زیانی تریشی هەیە ، بە تاقی کردنەوە دەرکەوتووە کە ژمارەی نەخوشەکانی شێرپەنجەو ، سیلو نەخۆشەکانی دڵو کۆ ئەندامەکانی سوڕیخوێنو نەخۆشەکانی زامی گـەدە ، لە جگەرەکێشەکاندا زۆرترن ، وەك لە جگەرە نەکێشەکاندا .

ئەمە بێجگە لەو زیانە ئابوورییەی کە لە جگەرەکێشان دەکەوێت ، لێرەدا پرسیارێکت لێ دەکەین ، دەڵێین : بۆچی جگەرە دەکێشیت ؟ ئایە لە بەر ئەوەیە کە خۆت بنوێنیت ؟ یان لەبەر ئەوەیە چاو لە کەسێك ، یان باوکت ، یان کاکت ، یان ماموستاکەت دەکەیت ؟ یان بۆ ئەوەیە کە خەڵکی بە گەورەت بزانن ؟ یان کاتی پێدەکوژیت ؟ یان هەست بە دڵەراوکێ دەکەیتو وا دەزانیت جگەرە چارەسەرێکی باشە ؟

٤ ـ یەکێکی دیکە لەو گیروگرفتانە

ترسنۆکیو شەرمنییە ، کە هەردووکیان دەبنە پێشکەرێك ، بۆ تێکەڵاوی نەکردنو دوورە پەرێز گرتن ، لە ناو کۆمەڵدا ، ئەمایش سێبەری نەخۆشییەکی ناتولایە کە (هەست بە کەمسەری)یە ، چونکە مرۆڤی ترسنۆکو مرۆڤی شەرمن ، دەترسن لە تێکەڵاوی کردنو ڕوو بەڕوو بوونەوەی کەسانی دیکە ، خەڵکیش باوەڕیان پێ ناکەن ، بەجۆرە مرۆڤێکی ساردوو سڕیان دادەنێن ، یان بە تێك‌ئورسو چارەگرانیان دادەنێن ، پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان شەرمنیەکدا ، کە دەگاتە ڕێزی ترسنۆکی ، ئزیان لە کەسێتی مرۆڤ دەدات ، لەگەڵ شەرمو ئابڕوییەکدا کە پڕە لەڕێز گرتنو نرخزانینی،گەورەتر لە خۆ زاناتر لە خۆو دوور لە هەست بە (کەمسەری) ، هەست خۆ بە کەم زانین چونکە شەرمو شکۆ کە لە ڕادەی خۆی دەرنەچوو کارێکی کۆمەڵایەتییە

لە ڕێزی مرۆڤ بەرز دەکاتەوە ، گشە بە کەسێتی مرۆڤ دەدات .

کۆمەڵ ئافرەتێکی ڕێك‌و پێکی سەربەستی بە نامووسی بە لاوە پەسندو بەڕێزە ، بەڵام ئافرەتی زۆر شەرمنی لاوازی ، یان ئافرەتی بەرەڵڵای بێ ئابڕووی ، بەلاوە پەسند نی‌یە .

هەر وەکو چۆن کۆمەڵ لاوێکی سەربەستی بە جەرگی ڕێك‌وپێکی بە لاوە پەسندە بەڵام لاوێکی شەرمنی ترسنۆکی پاڕای بە لاوە پەسند نی‌یە .

٥ ــ زۆر خواردن

لە کەسێتی مرۆڤ کەم دەکاتەوە .

٦ ــ کات بە فیڕۆدان

وخۆخەریك کردن بە خوێندنەوەی گۆڤارو بەرتووکی پڕوپوچەوە .

٧ ــ شەڕ نانەوە

فتووری‌و گیرەشوێنی‌و قرەقڕی زۆر لە کوڵان‌و بازاڕو لەگەڵ دەرودراوسێدا .

★ ★ ★

چۆن کەسێتی مرۆڤ دەناسینەوە ؟

بەڕاستی دۆزینەوەی کەسێتی مرۆڤ ، کارێکی سووکو ئاسان نی یە ، چونکە مرۆڤ زیرەکترین گیانداری سەر ڕووی زەمینە ، بە گاڵتە یەزدانی گەورە مرۆڤی بە جێگری خۆی دانەناوە لە سەر ڕووی زەمین ، ئەگەر زیرەکوو وورپاو خۆ گۆڕ نەبوایە ، تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی مرۆڤ ، وەکو : تاقیکردنەوەی گیاندارو ئاژەڵ نی یە ، لەبەر ئەوەی کردەوە کردن لەگەڵ بێ گیانداو تاقیکردنەوەی بە هەر جۆرێك بێت‌و بۆ هەر مەبەستێك بێت ، کارێکی سووکو ئاسانە هەروەهاش کردەوەکردن لەگەڵ ڕووەکو گیانەوەردا ، بە گوێرەی ئەو هەوڵەی کە لەگەڵ مرۆڤدا دەدرێت ، بۆ مەبەستێك . و لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ لە ناو خۆیاندا جیاوازن و هەریەکە جۆرە سیفەتێکیان هەیەو لەبەر ئەوەش کە مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕاستەو خۆ بە گران دەخرێتە ژێر تاقیکردنەوە ، و لێکوڵینەوەو بەڵکو زۆر کەمەت ، پێویستە بە شێوەیەکی ناڕاستەو خۆ لێی بکۆڵرێتەوە .

ئەمجا لەبەر ئەوە زیاتر لە دووهەزار ڕێگە بۆ دۆزینەوەو ناسینەوەی کەسێتی مرۆڤ داهێنراوە ، لەبەر ئەوەی لێرەدا ناتوانین هەموو ڕێگاکان باس بکەین ، چەند ڕێگەیەکیان باس دەکەین : دەبێت ئەوەش بزانین،

ئەم ڕێگایانەش هەمە جیزەن ، واتە تێکەڵ وپێکەڵن ، لە ڕێگەی کۆن و ڕێگەی نوێ پێکهاتوون ڕێگەی وایان هەیە کە بنچینەیەکی زانستیی دارێژراوی هەیە و بە باشیش پشتی پێدەبەسترێت ، ڕێگەی واشیان هەیە پشتی پێ نابەسترێت ؛ ئەی باشە بۆچی باسی دەکەین ؟ لەبەر ئەوە باسی دەکەین چونکو جۆرە کەڵکێکی لێ وەردەگیرێت ، وناسینیشیان هەر باشترە ، وەك لەوەی نەزانرێن :

١ ـ ڕێکەسەرناسی :

ئەم ڕێگەیە لە زۆر کۆنەوە ، تا وەکو ئێستە ، ناوبانگی هەیەو باس دەکرێت .

ئەو کەسانەی ئەم ڕێگەیەیان بەکار هێناوە ، هاتوون لەشی مرۆڤیان بە چەند بەشێکەوە کردووە ، هەر بەشێکیان بە چەند بەشێکی بچوکترەوە کردووە .

بۆ نموونە سەری مرۆڤیان بە چەند هەرێمێکی جوگرافیی‌یەوە کردووە ، بۆ هەر هەرێمێك چەند نیشانەو سیفەتێکی تایبەتی‌یان داناوە، ئەگەر ئەو هەرێمە (شوێن) لە کەسێکدا ئاشکراترو دیارتر بوایە ، ئەوە بەڵگە بووە لە سەر ئەوەی کە ئەو کەسە جۆرە کەسێتی‌یەکی تایبەتی هەبووە ، و بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەو شوێنە نەسك بووایە ، یان چاڵ بووایە .

هەندێك لە سەر ناسەکان کەسێتی مرۆڤیان بە شێوەی چاوی یان ڕەنگی چاوی ، یان ڕەنگی پێستی ، یان زلی ، یان بچووکی ئەندامێك لە ئەندامەکانی لەشی ، یان چاڵی ، یان دەربۆقیوی ، شوێنێك لە لەشی ، مرۆڤیان سەرناس کردۆتەوە ، هەروەها بە لووت ، بە دەم ، بە گوێ ، بە

تەختی ناوچەوان ، بە شێوەی دەموچاو ، جۆری کەسێتی مرۆڤیان سەرناس کردۆتەوە ، یان ناسیوەتەوە . زۆر لە سەرناسەکان ، ڕوانیویانەتە ناو لەپو هێلەکانی ناو لەپیان بە پێی کورتو درێژی خوێندۆتەوەو کەسێتی ئەو کەسەیان دیاری کردووەو ناسیویانەتەوە ، بەڵکو هەندێك لە مرۆڤە سەرناسەکان لەوە دوورتر ڕۆیشتوون ، هاتوون بە شێوەی نوسینو دەستخەت ، جۆری کەسێتی‌یان دۆزیوەتەوەو باری دەروونی مرۆڤیان دەست نیشان کردووە .

بە ڕاستی لە منداڵیمدا ، هەموو جارێك سەرسام دەبووم کە (ئەلی) دێوانەیەك هەبوو ، هەر منداڵێك پشتی ملی چاڵ بوایە ، کە قسەی دەکرد ، دەیووت ئەمە درۆزنە ، سوێنەگورگانەی بدەن ، یان ئەو منداڵەی سەری زل بوایە دەیووت : نانو دۆبرە .

لە ڕاستیدا ئەم سەرناسە ڕێگەیە ، یان ڕێگەی سەرناسی ، لەبەر ئەوەی لە سەر بنچینەیەکی زانستی دانەڕێژراوە ، بڕوای پێ‌ناکرێتو ئەنجامەکانی ناسەلمێنرێت .

٢ ـ شێوەی لەشو لار

ئەم ڕێگەیە زانایەکی ئەڵمانی بە ناوی (کریتشمار) دایناوە ، لە باسی جۆرەکانی کەسێتیدا باسمان کرد .

٣ ـ گەجەریو[٣٣] هەست بە کەمسەری

گومان نی‌یە لەوەدا کە پەیوەندی هەیە لە نێوان گەجەریو ڕەووشتەکانی مرۆڤی گەجەردا ، ئەم پەیوەندی‌یەش ، وەنەبێت تازە

(٣٣) مجلة العربي ـ العدد ٨٩ ـ ١٩٦٦ ص٥١ .

دۆزراینەوە،بەڵکو هەر لە چەرخەکانی دێرینەوە هەست بەم پەیوەندی‌یە کراوە ، چونکە (دیموستین) کە کابرایەکی ئەگریکی بووە ، باشترین بەڵگەیە ، بۆ ئەوەی کە هەست بە کەمەری ، چۆن باڵی پێوە ناوە ، بۆ ئەوەی بریتی بکاتەوە ، دەڵێن : ئەم کابرایە زوبانی (تور) بووە ، هەموو کەرەتێك چووە تەسەر لێواری دەریایەك ، بردەمی لە چەوی خڕ کردووە دووای ئەوە هەر لە خۆیەوە ووتاری بۆ شەپۆل داوە ، تاوای لێهاتووە سەرکەوتووە بە سەر ناتەواو یکەیداو (تور)ی یەکەی بە سەر چووەو لە وولاتی ئەگریکدا ، باشترین ووتار خوێنی لێ دەرچووە .

مێژوو دەڵێت : (تەیموووری لەنگ)یش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە پەیوەندی هەیە لە نێوان گەجەری‌و ڕەووشتی مرۆڤدا ، چونکە ئەم کەسێتی‌یە یەکێکە لەو کەسێتی‌یە مێژوویانەی کە دەستەلاتیان بە سەر بەشێکی زۆری زەمیندا گرتووەو ڕووی مێژویان گۆڕیوە .

دکتور (ل ـ ب ـ بچ) باسی(٣٤) ژمارەیەکی زۆری لە مرۆڤە مێژووی‌یەکان کردووە کە تێزیکبونەتەوە لەوەی بنە قوربانی‌و کوژراوی دەستی ناتەواوی گەجەری ، ئەندامەکانی لەشیان ، بەڵام بە بڕیاری بەهێزیان‌و بە پشووی درێژیان ، توانیو یانە سەرکەوون‌و چەند کەسێتی‌یەکی بەناوبانگ بۆ خویان دروست کەن . ئەو کەسانەش‌و وەکوو ئەسکەندەری گەورە ، قەیسەری ڕۆم ، ناپلیۆن بۆنابرت و چەند کەسێکی دیکە .

---

(٣٤) ـ تكوين الشخصية ـ تاليف الدكتور نوري الحافظ ـ ط١ ١٩٦١ مطبعة المعارف في بغداد ص١٢٢ .

ئەمانە هەموویان(٣٥) بەلگەن لە سەر بوونی پەیوەندی لـــە نێوان گەجەری‌و ڕەوشتی مرۆڤدا ، و بەلگەشن لە سەر ئەوەی کـــە مرۆڤی گەجەر دەتوانێت باشترین (بری) بکاتەوە ، هەرچەند هەشیانە کـــە دەبنە داماوی دەستی شەلی یان کوێری یان هەر ناتەواوی‌یەکی لەشی یان هەبێت ، و تا مردن بە کەساسی‌و زەلیلی دەژین‌و ناتوانن (بری) بکەنەوە • هەرچی جۆنێك هەبێت ئەم ڕێگەیە بە ڕێگەیەکی دۆزینەوەی جـــۆری کەسێتی دانراوە •

٤ ـ ڕێگەی شیلدون :

ولیم شیلدون(٣٦) دەڵێت : دەتوانین کەسێتی مرۆڤ لـــە ڕێـــگەی دابەش کردنی لەشی‌یەوە ، بناسینەوە •

ئەم زانایە لەشی مرۆڤی کردوو بە سێ بەشەوە ، یان بەسێ چینەوە، دەرەچین ، ناوەندەچین ، ناوەچین :

مەبەست بە (دەرەچین) چینی دەرەوەی لەشی مرۆڤە کە بریتی‌یە لە پێست‌و کۆ ئەندامی دەمار ، ئەو کەسانەی بەم ڕووە بدۆزرێتەوە ، پێیان دەووترێت (دیارە کەسێتی) •

مەبەستیشی بە (ناوەندەچین) ئێسك‌و ماسولکەکانە ، ئەو کەسـانەی بەم ڕێجکەیە ، بدۆزرێتەوە ، پێیان دەووترێت (کەسێتی بەخۆوە) یان (کەسێتی ماسولکەدار) ، بە هەردووکیان دەووترێت : (لەشەکەسێتی) •

---

(٣٥) الشعور بمركب النقص ـ تاليف ـ دبليو ـ جي ـ مكبرايد ترجمه الى اللغة العربية ـ كاظم سلمان البيدى ط١ ١٩٦٦ في بغـــداد ص٥٠

(٣٦) ـ المدخل الى علم النفس الحديث ـ تاليف ريكس نايت ومركريت نايت تعريب : د ـ عبد علي الجسماني ط٣ ١٩٨٤ بغداد ص٢٨٨

الشعور بمركب النقص

مەبەستیش بە (ناوەچین) سكو سنگە ، ئەو كەسانەی بەم رێكوكەیان بەم پێنچكەیە ، كەسێتی‌یەكانیان دەدۆزرێتەوە ، پێیان دەووترێت (كەسێتی هەناوی) •

(دیارەكەسێتی) چینی دەرەوەی لەشی دیارو ئاشكراترە ، میزاژیشی توورەیەو گۆشەگرو دوورەگرەو لەشیشی زۆر هەستیارە ناویشی نــاوە (كەسێتی دەماخە میزاژ - Cerebrotonia)

(لەشەكەسێتی) تێـكو ماسوولكەكـانی دیارترو ئاشكراترن میزاژیشیان حەز بە دەست بەسەرا گرتنو دەست درێژی ، و بزێوی‌و چالاكی‌و بەربەرە كانی كردن دەكەن •

(كەسێتی هەناوی)ش سنگی پانو پۆڕو سكە (ووركنە) ، ئەمانە زۆر خۆرو سكەڕونو حەز بــە خواردنو خواردنەو ، و حەوانەوەو بەڕابواردنو سك لەوەڕاندن دەكەن ، لە لایەكی دیـكەشەوە حـەز بە تێكەلاوی‌و پەیوەندیش دەكەن •

بۆ سەلماندنی بیردۆزەكەی شێلدون هاتووە ، وێنەی (٤) هــەزار قوتابی كوڕی ، بــە ڕووتی ، لە هەموو لایەكەوە ، لە پێشەوە ، لــە تەنیشتەوە ، لە پشتەوە ، گرتووە ، ئەمجــا هــەموو وێنەكانی بەڕیز ڕێكخستوون ، بۆ ئــەوەی چــەند ئەرزێكی دیكەی لە مرۆڤ بۆ دەركەوێت ، بەلآم لەو سێ تــەرزە زیاتری بۆ دەرنەكەوتووەو دیاری نەكراوە ، بە شێوەیەكی ئاشكرا •

ناتەواوی(٣٧) بیردۆزەكەی شێلدون ، لەوەدا دەردەكەوێت كە لە

---

(٣٧) المدخل الى علم النفس الحديث ـ تاليف ركس نايت ومركريت نايت ترجمه الى اللغة العربية الدكتور عبد علي الجسماني ط٣ ١٩٨٤ في بغداد ص٢٢٨ •

بەر باغەیەکی زانستی دانەڕێژراوە ، چونـــکە لـــە سەر ڕێڕەوی کریتشماری زانا ، ڕۆیشتووە ، لـە پێڕۆکەیدا (سیستەم) • جێـــگەی مرۆڤ لە سەر پلیکانەیەکی حـــەوت پلەیی دیاری کراوە ، لەگــەڵ ئەوەشدا چەند ئەنجامێکی زۆر کەم هەر دەدات بە دەستەوە •

٥ ـ ڕێگە ڕژێنەکان :*hägenugen*

جانسخ دەڵێت : بۆمان هەیە کە لە ڕێگەی ڕژێنەکانی ناو لەشەوە ، جۆری کەسێتی مرۆڤ بدۆزینەوە چونکە ڕادەی کەم‌و زۆری ئـــەو شیلانەی کـــە ڕژێنەکانی نێو لەش‌دەری دەدەن ، بێ‌گومان کار دەکـــاتە سەر ڕەووشت‌و جۆری دروست بوونی کەسێتی مرۆڤ •

ئەم زانایە بە پێی ئەمە کەسێتی کردووە بە دوو بەشەوە :

یەکەم : کەسێتی (ب ـ B) : ئەو کەسەیە کە گلاندی سایرۆید لە لەشیدا دەئاوسێت‌و شیلەی زۆر دەرژێنێتە نێو لەشیەوە •

دووەم : کەسێتی (ت ـ t) : ئەو کەسەیە کـــە گلاندی سایرۆید شیلەی کەم دەرژێنێتە ناو لەشیەوە •

پێویستە ئەوەش بزانین کە (گلاندی‌توخمی)یش ، دووبارە کار دەکاتە سەر ڕەووشت‌و ، ســـۆزو ، دەست درێـــژیو ، فێربوون‌و ، بیرهاتنەوە •• هتد ••••

تا ئێستەش دەروون زانەکان بە بێ ووچان زۆر بەگەرمی لـــەم باسانە دەکۆڵنەوە •

٦ ـ ریگە شیتەڵی یەکان

لە کاتێکدا(٣٨) ناوی ئەم ڕێگەیە دەبرێت زانای بەناوبانگ (سیگومەند فرۆید)مان یاد دەکەوێتەوە ، چونکە ئەو بە یەکەم دامەزرێنەری ئەم ڕێگایە دادەنرێت •

فرۆید دەڵێت : کەسێتی مرۆڤمان بە یەکێك ، یان زیاتر ، لەم ڕێگایانە بۆ دەردەکەوێت

١ـ٦ـ ڕێگەی خەون لێکدانەوە •

٢ـ٦ـ ڕێگەی خەواندنی موگناتیسی ئەم ڕێگەیە بریتی یە لە جۆرە بێ هۆش کردنێك ، بە ڕێگەی (الایحاء) •

٣ـ٦ـ ڕێگەی خەواندنی سڕی : ئەم ڕێگەیە بریتی یە لەوەی ئەو کەسەی کە بمانەوێت ، جۆری کەسێتی یەکەی بدۆزینەوە ، بەنجی دەکەین ، بەهۆی دەرزی سڕکردنەوە ، هەر وەکو چۆن لە نەخۆشخانەکاندا ، بۆ کاری نەشتەرگەری بەکاری دەهێنن •

ئەوجا کە ئەو کەسە سڕکرا ، دیوی بێ هەستی ژیری دەکەوێتە قسەو وڕێنە کردن ، بێ ئەوەی کە هیچ نهێنی یەکی خۆی بشارێتەوە •

٤ـ٦ـ ڕێگەی یادکردنەوەی ئازاد واتا مرۆڤ بە شێوەیەکی سەربەستو ئازادو بەرەڵایی بیر دەکاتەوەو جۆرە کاروکارەساتێکی یاد دەکەوێتەوە ، لە کاتی پەلەپەلو شەڵە ژاندندا ، نایەتەوە بیری •

٥ـ٦ـ ڕێگەی زوبان هەڵخزاند : ئەگەر لە فرۆیدمان بپرسیایە، بۆچی بەم ڕێگایانە جۆری کەسێتی مرۆڤ دەدۆزێتەوە ؟ لە وەڵامدا

---

(٣٨) اصول علم النفس ـ تالیف الدکتور احمد عزت راجع ص١٢١

دەی ووت : چونــکە کەسێتی مرۆڤ لە دوو پاڵنەری سەرەکی پێکهاتووە. یەکەمیان : پاڵنەری ژیان (توخم)ە کــــە پێشی دەووترێت (ئایروس - Eros) دووەمیان پاڵنەری مردن (وێران کردن)ە کە پێشی دەووترێت (ســاناتوس - thanatos) ، دەڵێت ڕەگوو ریشەی ئــەم دوو پاڵنەرە دەچێتەوە ســەر ووزەیەکی (ڕتەو - حیوی)ی گشتی بەهێــز کە ناوی (لەبیدۆ)یە ، ووزەی زایەندیەتی •

فرۆید دەڵێت : ئامــانجی پاڵنەری توخمی ، تەنها منداڵ خستنەوە نی‌یە چونکە مرۆڤ تا تەمەنی نەگاتە قوناغی هەرزەکاری ناتوانێت زاوزێ بــکات لەگەل ئەوەشدا ، پاڵنەری توخمی هەر لە کاتی لەدایك بوونەوە ، تا وەکو مردن هەیەو کار دەکاتە سەر ڕەووشتی مرۆڤ ، بەڵــگەش بۆ ئەمە ئەوەیە ، کە منداڵ لە مەمك‌مژین ، و مەمکەمژین ، و پەنجەمژین‌و، گازگرتن‌و ڕاکردن و بازدان‌و یاری‌کردن لـــە زەتێــکی توخمی وەردەگرێت •

هەرچـــەند ئەدلەرو کۆمەڵێك زانای دیــکە ، هەستاوون‌و دژی فروید وەستاوون‌و بەرهــەڵستیان کردووە ، بەڵام ڕاکانی فرۆید ، تــا ئێستەش هەر دەنگ دەداتەوەو وەکو گەنجینەکەی قــاروون گوێمـــان دەزرنگێنێتەوە فرۆید دەڵێت : دیوی بێ‌هەستی ژیری مرۆڤ ، وەکــو گەنجینەیەك وایە ، ڕێتی لەو شارەزایی‌یە توخمیـانەی کە ئەو کەسە لە سەرانسەری ژیانیدا تیایاندا سەرنەکەوتووەو بونەتە هۆی پەشێوی‌و نالەباری ژیانی دەروونی‌و ڕەووشتی ئەو کەسە ، سەیر لەوەدایە مرۆڤ خۆیشی نازانێت ، ئەو شارەزایی‌یە سۆزی‌و توخمی‌یانە کـامانەن ، بـــە ڕێــگەی خەون بینین‌و ، زوبان هەڵ خلیسکاندن‌و تواندن نەبێت •

٧ ـ رێگەی بیر لە خۆ کردنەوە

ئەو زانایانەی کە ئەم ڕێگەیەیان پەسند کردووە ، باوەڕیان وایە کە کەسێتی مرۆڤ ، بەخۆی نەبێتو لە ڕێگەی خۆیەوە نەبێتو بە یارمەتی خۆی نەبێت ، نادۆزرێتەوەو ناناسرێتەوە .

ئەم ڕێگەیە بریتی‌یە لەوەی کەسەکە خۆی بیر لە خۆی دەکاتەوە بیر لەو خۆشی‌و ناخۆشیانەی ، لە تاقی‌کردنەوانەی ، لەو بەسەرهاتانەی کە بەسەری هاتوون ، دەکاتەوە ، لە دوایدا دەیان درکێنێتو دەریان دەبڕێت .

فەلسەفەزانی فەرەنسی دیکارت (١٥٩٦ ـ ١٦٥٠) دەڵێت(*) : من بۆیە هەم چونکە خۆم لە خۆم بیر دەکەمەوە .

باشی ئەم ڕێگەیەش لەوەدایە ، کە هیچ ڕێگەیەکی دیکە نی‌یە ، بری ئەم بکەوێتو بە تەواوی بە قووڵایی بیرودەروونی کەسەکەمان ، بگەیەنێت . هەرچەندێك بە باڵای ئەم ڕێگەیەدا هەڵدەین ، ئەمیش لە تیرو ڕمی ڕەخنەگران بە دوور نەبووە ، لەبەر ئەوەی بە باشی ، دیوی بێ هەستی مرۆڤمان بۆ دەرناخات ، و هەموو کەسێکیش ناتوانێت بە باشی بیر لە خۆی بکاتەوەو ئەنجا مەکەشی بە باشی بگێڕێتەوە ، لە لایەکی

(*) رینێه دیکارتی فەرەنگی سالی ١٥٩٦ لە دایكبووە ، لە قوتابخانەیەکی ئاینیدا فەلسەفەی خوێندوە ، وازی لە خوێندنی فەلسەفە هێنا ، ودەستی کرد بە خوێندن ، و خوێندنەوەی ، کتێبە ئاینی‌یەکان ، تێکەڵاوی یەکی زۆری خەڵکی کرد ، دوایی چوو بۆ هولەندا (٢٠) سال گوشەگیری کردو هەربیری دەکردەوە ، باوەڕی وابوو کە جیهان لە (ماددە ، وزیری) پێکهاتووە ، ماددەی مرۆڤ ، هەموو گیانلەبەرەکان ، هەموو یەکێکەو شێوەیان جیایە ژیری‌یش لە هەموو گیانلەبەرێکدا هەیە ، بە گوێرەی خۆی .

کەوە زۆر دووریش نی‌یە کە مرۆڤەکە دوای بیرکردنەوەکە ، پەشیمان بێتەوەو هەندێك زانیاریشمان لە بارەی خۆیەوە لێ بشارێتەوە .

٨ ـ ڕێگەی چاوبەیەك کەوتن

ڕێگەی چاو بە یەك کەوتن ، یان ڕێگەی (بەرامبەری) بریتی‌یە لە وەی کە ئەگەر ویستت ، جۆری کەسێتی ، کەسێکت بۆ دەرکەوێت، هەوڵ بدە کە چاوت پێی بکەوێت .

ئەم ڕێگەیە کۆنترین ڕێگەو باشترین ڕێگەو بەردەوامترین ڕێگەو باوترین ڕێگەیە ، بۆ دۆزینەوەی کەسێتی لە هەموو بارێکی ژیاندا ، چ لە قوتابخانەکاندا ، یان لە زانکوکاندا ، چ لە نەخۆشخانەکاندا یان لەباری ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە .

باشی ئەم ڕێگەیەش لەوەدایە :

بە چاوپێ‌کەوتن ، جۆنێتی هەڵکەوتن‌و ڕسکاندنی لەش‌و ئەندامەکانی ئەو کەسەمان بو دەردەکەوێت ، وەکو بالا بەرزی‌و بالاکورتی یان و پوڕی‌و ڕێکی نێوان لەش‌و ئەندامەکانیدا ، هەروەها باری لەش‌ساغی و جۆری جل‌و بەرگی ئەو کەسەشمان بۆ دەردەکەوێت .

ئەمە لە لایەکەوە ، لە لایەکی دیکەوە ، شێوەی قسەکردن‌و زمان ڕەوانی‌و ڕادەی توندو تیژی باری سۆزو هەڵچوونیشمان ، بۆ دەردەکەوێت بێجگە لەوەی کە لە کاتی قسەکردندا ، تا ڕادەیەك زیری‌و زیرەکی‌و ئاستی ڕۆشنبیر یشمان ، بۆ دەردەکەوێت ، بە ڕاستی ئەم ڕێگەیە گرنگترین‌و سەرکەوتووترین ڕێگەیە ، کە رابەرەکانی پەروەردەیی ، بۆ دەست‌نیشان کردنی هۆی دوواکەوتنی قوتابی لە خوێندندا بەکاری

بین هـەر لەبەر ئەوەیە کە ئیستیمارەی تایبەتی بۆ نەخشە کیشـراوەو چاپـکراوە •

لەگەل ئەو هەموو پیاهەلّنانەیشدا ، ئەمیش لـــە تیرو تانـــەی ڕەخنەگران بەدوور نەبووە ، ئەو ڕەخنانەش ئەمانەن :ـ

١ ـ زۆر جار ڕیدەکەویت ، لێکۆلەرەوەکە لەبەر ماوە کورتی هەموو ڕوویەکی کەمیتی‌یەکەی بۆ دەرناکەوێت •

٢ ـ زۆر جاریش لێکولەرەوەکە خۆی ، ئەو شارەزاییی‌یەی نی‌یە کە بتوانێت ، هەموو ڕوویەکی کەمیتی‌یەکە ئاشکرا کات •

٣ ـ جاری واش ڕیدەکەوێت کە لێکولەرەوەکە ، بە هۆی چـەند بەسـەر هاتێکەوە ، ناتوانێت بێ‌لایەن بوەستێت ، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کـە بە لای نیشانەیەك ، یان بە لای چـەند نیشانەیەکی تایبەتیدا دابرێت‌و دەری خات ، بەلام چەند نیشانەیەکی دیکە پشت گوێ بخات ، بە هۆی ئەوەوە ، کە دەرکیان ناکات ، و لەبەر ئەوەی دیار نین‌و کوێربوونەتەوە دووبـــــارە •

ئەمجا لەبەر ئەمە لەباتی تاکە کەسێك ، زۆر جار لیژنەیەك ئـــەم مەبەستە بەجێ دەهێنێت •

★ ★ ★

کەسێتی پێوەکان

کەسێتی پێو جیاوازی هەیە لەو ڕێگایانەی کە ئێستە باسمان کردن، چونکە ئەم بریتی‌یە لە چەند ئەزموونێکی تاقی کراوەی گومان لێ نەکراو ، و ئەنجامەکەی سوکەرترەو بەمیش بە شێوەیەکی ڕاستەو خۆ کەسێتی مرۆڤی پێدەپێوین •

لەبەر ئەوەی کەسێتی پێوەکان زۆرن‌و ناتوانین باسی هەموویان بکەین ، لەپێشا باسی پێوانەکەی ئێزنك ، دەکەین ، دووای ئەوە دێینە سەر باسی ڕێگە بەسەرا برینەکان •

١ ـ پێوانەکەی ئیزنك

ئەم پێوانەیە لە چوار کۆمەڵە نیشانە پێکهاتووە ، هەر کۆمەڵەیەك ، لەم کۆمەڵانە هەشت نیشانەی کەسێتی گرتوتەوە •

بۆ نموونە :

کۆمەڵەی یەکەم :

گورجی ، پشێوی ، تووڕەیی ، زوکار تێکردن ، میزاژ دەمدەمی ، خۆتێ هەڵقورتاندن (وورژمبردن ، گەش‌بینی ، دڵ ڕەقی ، دەبیوێت)•

کۆمەڵەی دووەم :

ئەم نیشانانە دەپێویت : حەز بە تێکەڵاوی ، حەز بە سەرکەوتن ،

زوبان ڕەوانی ، تەبایی ، لێبوردن ، پڕتەوی ، بێ خەمی ، توانا لە سەر پێشەوایی .

کۆمەڵەی سێیەم :

ئەم نیشانانەی گرتۆتەوە میزاژ ، دڵەڕاوکێ ، ڕاڕایی لەنگەرداری ، ڕەشبینی ، خۆباراستن ، گۆشەگری ، هێواشی .

کۆمەڵەی چوارەم :

ئەم نیشانانەی گرتۆتەوە : دژایەتی ، وورییایی‌و ژیری ، ئاسایش خوازی ، لەنگەرداری ، پشت بە خۆ بەستن ، باوەڕ بە خۆ بوون ، میزاژ ئاسایی ، لەسەر خۆیی .

ئیزنك هەر چوار کۆمەڵە کەسێتی پێوەکەی لە سەر هێڵێکی چەقدار (تەوەری) داناوە ، لە سەرێکیانەوە ئەو نیشانانەی داناوە ، کە ئەگەر لە مرۆڤدا هەبن ، بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کەسێکی کراوەی کۆمەڵایەتی‌یە ، ئەو نیشانانەش ، بریتین لە تێکەڵەی نیشانەکانی هەر دوو کۆمەڵەی یەکەم‌و دووەم ، بەڵام لە سەرەکەی دیکەیانەوە ، ئەو نیشانانەی داناوە ، کە بوونیان لە مرۆڤدا ، بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە مرۆڤێکی لاگری درژە ، حەز بە تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی ناکات ، ئەو نیشانانەش بریتین ، لە نیشانەکانی هەردوو کۆمەڵەی سێیەم‌و چوارەم .

ئیزنك دەڵێت :

کۆبوونەوەی کۆمەڵە نیشانەی دووەم‌و چوارەم لە کەسێکدا دەبێتە هۆی دروست بوونی کەسێتی‌یەکی پڕ ئارام ، یان ئارام گر

بەلام کۆبوونەوەی نیشانەکانی کۆمەلەی یەکــەم و سێیەم دەبێتە هـۆی دروست بوونی کەسێتی‌یەکی بێ‌ئارام •

چەند راستی‌یەك بە لایەن ئەم کەسێتی پێوەوە :

١ ـ ئیزنك بە جۆرێك نیشانەکانی داناوە ، هەموو کەسێك دەتوانێت ئەو نیشانەیەی ، یان ئەو نیشانانەی ، کـە لە خۆیدا هەن ، هــەڵیان بژێرێت •

٢ ـ نیشانەکانی هــەر کۆمەلێك لە ناو یەکدا دەگونجێن ، واتا ئەگەر یەکێکیان بەهێز بێت ، ئەوە ئەوانی دیکەیش بەهێز دەبن •

٣ ـ هیچ نیشانەیەك لە کۆمەلێك ناگونجێت لەگـەڵ نیشانەکـانی کۆمەڵەکەی ، تەنیشتیوە ، یان دراوسێـیەوە •

٤ ـ تێبینی دەکەین ئەگەر نیشانەیەك لە کۆمەڵێکدا ، بە باشی دیار بێت ، لە کۆمەڵەکەی بەرامبەریشیدا ، بە باشی دیارە •

بۆ نموونە :

نیشانەی وورژم بردن (پێـوە چوون) ، لـە کۆمەڵەی یەکەمـدا ئەگەر بەهێز بێت ، دەبینین نیشانەی پشت بە خۆ بەستن ، لـە کۆمەڵـەی چوارەمدا زۆر لاوازە •

٢ ـ رێگە بە سەرا بڕینەکان

رێگە بەسـەرا بڕینەکان ، یان رێگە ناڕاستەو خۆکان ، بریتین لـــە چەند رێـگەیەك کـە بە شێوەیەکی ناڕاستەو خــۆ ، کەسێتی مرۆڤ دەردەخەن و ئاشکرای دەکەن •

ئەم بشکنینانە (تصور)و ڕای مرۆف ، لـــە بارەی خۆیـــەوە دەردەخەن ئەو سۆزو بەربەرەکانیانە دەروونیانەی کە لە دیوی بێ‌هەستی مرۆڤدا هەن‌و متن ، ئاشکرایان دەکەن ٠

ئەو کەرەستانەی کـە بۆ ئەم مەبەستە بەکـار دەهێنرێت ، ئاسـان‌و ئاسایی‌ترین کەرەستەن ، تەنها پێویستیان بەهێزو هێنانە پێش چـــاو هەیەو بەس ئەمانەش وەکو :ـ وێنەکێشان ، چیرۆك گێڕانەوە ، ڕستە دروست‌کردن ، وێنە دۆزینەوە لەپەڵەیەکی مەرەکەبدا ٠

دەروون زانەکان دەڵێن ئەم ڕێـگا ، (ناڕاستەو خۆیانە) بـــە کەڵـکترو باشترن ، لەو ڕێـگا (ڕاستەو خۆیانە)ی کـە باسمان کردن ، چونـکە لە ڕێـگە ڕاستەو خۆکاندا ، لەوانەیە مرۆڤ بۆی دەس بدات‌و بۆی بلوێت ، چەند ڕاستی‌یەك لە بارەی کەسێتی‌یەکەیەوە ، بشارێتـەوە بەڵام لەمانەدا بۆی نالوێت‌و ڕێـگەی نی‌یە ٠

چەند نموونەیەکی ئەم ڕێـگایانە ؟

یەکـــەم :

پشکنینی (ڕوشاخ)(٣٩) بە هۆی (پەڵە مەرەکەبەوە) :

ئەم جۆرە پشکنینە زۆر باوو بڵاوو کۆنە ، ئەمیش بریتی‌یە لـــــە هەشت (تەختە) ، یان لە هەشت (وێنە) ، کە هەندێکیان ڕەنگاورەنگن نیوەشیان پێچەوا نەی نیوەکەی دیکەیانە کە ئەم وێنانە درایە ئەو کەسەی کە مەبەستە کەسێتی‌یەکەی دەربخرێت ، داوای لێدەکرێت کـــە یەکـە

---

(٣٩) هیرمان ڕوشاخ دەروون زانیکی سویسری‌یە ، سالی ١٨٨٤ لـە دایك بووە ، سالی ١٩٢٢ مردووە لە سالی ١٩٢١دا ئەم پشکنینەی بڵاو کردوتەوە ٠

یەکە لێیان وورد بێتەوەو بزانێت چیان تێدا بەدی دەکات ، یان چیان تێدا دەبینێت ، لەو کاتەدا پشکێنەرەکە یەکە یەکە وەڵامەکانی تۆمار دەکات ، تا کۆتایی بە پرسیارەکان دێنێت ، لە دوایدا ئەو زانایە وەڵامەکانی شیتەڵ دەکات‌و جۆری کەسێتی یەکەی دەدۆزێتەوە •

دووەم :

پشکنینی (هولتزمان) بە هۆی پەڵە مەرەکەبەوە) : ئەم پشکنینە بریتی‌یە لە (٤٥) چل‌و پێنج (تەختە ـ لوحە)ی پەڵە مەرەکەب ، ئەم هەر پشکنینەکەی (روشاخ)ە بەڵام بە شێوەیەکی ووردو باش پەرەی پێــدراوە •

★ ★ ★

ئەوکار کەرانەی کە سێتی مرۆڤ دروست دەکەن

، خوێنەری بەڕێز تا ئێستە زۆر لە سەرکەسێتی‌و جۆرەکانی‌و باشترین کەسێتی‌و جۆێتی دۆزینەوەی کەسێتی دووایین ، لەگەڵ ئەوەشدا ، تا ئێستە نەمان زانیوە کەسێتی خۆی بەخۆی جۆن چۆن دروست دەبێت و بە هۆی چی‌یەوەو چ کارکەرێك کەسێتی مرۆڤ دروست دەکات •

لە ڕاستیدا ئەو کارکەرانەی کە بەشداری دروست بوونی کەسێتی ، مرۆڤ دەکەن زۆر زۆرن‌و هەر یەکە لە ئاستی خۆیەوە ، بۆشایی‌یەکی کەسێتی پڕ دەکاتەوە ، ئەو کارکەرانەش دەبنە دووبەشی سەرەکی‌یەوە هەندێکیان ناوخۆیین‌و لە ناو لەشدان ، هەندێکیشیان لە دەرەوەی لەشدا کاری خۆیان دەکەنە سەر کەسێتی‌و دروستی دەکەن •

ئەو کارکەرانەش بە کورتی‌و بە گشتی ئەمانەن :

یەکەم :

بۆماوە : زانایان دەڵێن : بۆماوە ، دەورێکی زۆر باڵای هەیە ، لە گەشەکردنی کەسێتیدا ، چونکە دەبێتە هۆی جۆێتی دروست بوونی لەش‌و ئەندامەکانی دیوی دەرەوەو دیوی ناوەوەیدا ئەمانیش بە بێ‌گومان کارێکی گرنگ ، دەکەنە سەر دروست‌بوون‌و دەرکەوتنی نیشانەکانی کەسێتی •

بۆ سەلماندنی(٤٠) ئەم ڕاستی‌یە ، هاتوون چەند لێکۆڵینەوەکیان کردووە ، یەکێکیان لە سەر (٦٩٠) کەس ، لەو کەسانەی کە خزمی یەك بوونو تووشی شێتی (شیزۆفرینیا)ش بوون ، کردووە ، ئەنجامەکەشی بەم شێوەیە بووە :

— لە نێوان خوشكو برای دایكی ، یان باوكی لە ٨/١٪ یان ئەم نەخوشی‌یە یان هەبووە ٠

— لە نێوان خوشكو برای دایكو باوكی ٣/١٤٪ یان ئەم نەخوشی‌یە یان هەبووە ٠

— لەنێوان خوشكو برایەكداوانەكاندا ٨/٨٥٪یان ئەم نەخوشی‌یە یان هەبووە ٠

— لە نێوان خوشكو برا جیادوانەكاندا ٧/١٤٪ یان هەیان بووە ٠

— لە نێوان دایكو باوكدا ٢/٩٪ یان هەیان بووە ٠

— لە نێوان ئەو كەسانەی كە لە ژنو ژن خوازی‌یەوە خزم بوون لە ١/٢٪ یان هەیان بووە ٠

کە کاتێك لەم ئەنجامە وورد دەبینەوە ، تێبینی دەکەین ، کە تا وەکو ، پەیوەندی خزمایەتی نیزیك بێتو بە هێز بێت ، ئەوەندە بۆ ماوە ، کارو تینی زیاترە ، و بەپێچەوانەوە ، مانای وایە (بۆ ماوە) چۆن بۆ نەخوشی خستەوە تینی هەیە ، ئاوەهاش بۆ دروست بوونی کەسێتی تینی هەیە ٠

---

(٤٠) علم النفس وتطبيقاته التربوية والاجتماعية ـ تاليف الدكتور عبد علي الجسماني ص٢٥٠ ٠

دووەم :

ژینگە کۆمەڵێکی دیکە لە زاناکان ڕایان وایە ژینگە تێنیکی زۆر تر دەکاتە سەر دروست بوونی کەسێتی هەرچەند (لاگرەکان) واتا لایەنگرەکانی تینی بۆ ماوە چاو لە ئاستی تینی ژینگە دەقوچێنین و خۆیان گێل دەکەن ، بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەمەش ، لێکۆڵینەوەیەکە کە نە سەر کۆمەڵێك لە منداڵانی (یەکدوانە) کراوەو دەری خستووە کە ئەگەر بێتو کوڕو کچی (یەکدوانە)ی باوكو دایکێك کە تووشی شێتی (شیزوفرینیا) بوبێتن ، ئەگەر پێکەوە لەگەڵیان بژین نیزیکیان بن ، تا گەورە دەبن ، ئەوە لە ٩١/٥٪ یان تووشی نەخۆشی (شیزۆفرینیا) دەبن ، بەڵام ئەگەر لەدایك بوون و جیا کرانەوەو لە دایکیان بڕین ڕێژەی شێت بوونەکەیان دادەبەزێتە سەر ٧٧/٦٪ ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ژینگەی باش و خواردن و خواردنەوەی چاكو ژیانی خۆش و تەندروستی تەواو کارێکی زۆر باش دەکەنە سەر پەروەسەندن و هەڵکەوتنی کەسێتی ، هەر وەکو چۆن بەدخۆراکی کاری خراپ دەکاتە سەر دروست بوونی کەسێتی مرۆف .

بۆ نموونە :

کەمی خوێ لە لەشدا ، یان خواردنی بێخوێ ، مرۆف تووشی خەمباری و خەموکی دەکات ، کەمی ئۆکسجین لە لەشدا ، ئەگەر بێتو مرۆڤیش نەخنکێنێت ، لای کەمی زیانی پێدەگەیەنێت و ڕەووشتی تێك دەدات ، مەی نۆشین و سەرخۆشی بوون و بەردەوام بوون لە سەریان ڕەووشتی مرۆف تێکدەدەن و زیان لە لەشیش دەدەن ، خواردنی هەندە دەرمانێك ، وەکو : دەرمانە هێمن کەرەوەکان و ، دەرمانەکورج

کەرەوەکان ، زیانی زۆر لە لەش دەدەن ، بەڵام تا ئێستە ڕادەی ئەو زیانە نەزانراوە .

سێیەم :

کار تێکردنی ڕژێنەکان

یەکێکی دیکە لەو کارکەرانەی(41) کار دەکەنە سەر دروست بوونی کەسێتی مرۆڤ ، ڕژێنەکانی ناو لەشن ، چونکە ئەگەر ڕژێنەکان بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و بە پێی پێویست شلە نەڕێژنە ناو لەشەوە ، دەبێتە هۆی ئەوەی لەشی مرۆڤ ، لەنگەری تێك چێت و خۆی ڕانەگرێت و گەشەیەکی پوخت و ئاسایی نەکات ، و بە پێچەوانەوە ، ئەگەر ئەم (گلاندانە) بێ زیادو کەم بە پێی پێویست هۆرمۆن بڕژێننە ناو لەشەوە، ئەوە ئەو کاتە دەبێتە هۆی گەشە کردنێکی ئاسایی ، ئەو کەسە ، چالاکی و سەرکەوتن و بەرهەمی زۆر دەبن .

بۆ نموونە : (ژێر مێشکە گلاند) ، یان لوی ژێر مێشك قەبارەکەی لە دەنکە نۆکێك زیاتر نی یە .

ئەم گلاندە لە دوو (قاش) ، یان بابڵێین : لە دوو پل پێك هاتووە ، پلی سەرەوەو پلی خوارەوە .

قاشی سەرەوە هۆرمۆنێك دەرژێنێتە ناو لەشەوە ، دەبێتە هۆی گەورە بوونی ئێسکە پەیکەر ، و ئەگەر هات و زیاد لە پێویستی ڕژاندە ناو لەشەوە (لەشی منداڵ) ، گەشەکردنەکەی زیاد دەکات ، باڵای زۆر قوچ دەکات وەکو ئەو کەسانەی باڵایان لە دوومەترو نیو (٢½) زیاترە ،

---

(٤١) مجلة العربي العدد ٢٠١ ١٩٧٥ ص٣٦ـ٤٢

کێشیشیان لەسێ سەد (٣٠٠) کیلۆ گرام قورس ترە ، ئەمانە بۆ سەیر جارجار وێنەیان لە سەر ڕووی شاشەی تەلەفزیون ، یان لە سەر لاپەڕەی هێندە ڕۆژنامەو گۆڤارێك دەردەخەن ، بەڵکو لە هەر وولاتێك بۆ نموونە لە شاری بەرلین کە پایتەختی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتەو ئەوپەری سەر بە ڕۆژ ئاوایە ، یانەی تایبەتی باڵا بەرزەکان هەیە کە تا ئێستە زیاتر لە (١٧) کۆنگرەیان گرتووەو باسی ئەو کۆسپانەیان کردووە کە دێتە ڕێگە یانو دووچاری بوون ، وچۆن ڕامالیان دەکەن .

وە ئەگەر هاتو ئەو کەسەی کە ئەم گلاندە ، هۆرمۆنی زۆر ، دەڕژاندە نێولەشێوە ، منداڵ نەبوو ، بەڵکو گەورە بوو ، ئەوە دەبێتە هۆی زلبوونی و گەورە بوونی ئێسکی دەمو چاو ، وەکو کاجێرەو شەویلەو لووت ، هەروەها دەبێتە هۆی گەورە بوونی دەستو قاچ .

ئەگەر هاتو ئەم ڕژێنە کەمتر لە پێویستی ڕژاندە نێو لەشەوە (لەشی منداڵەوە) ئەوە گەشەی دوا دەخاتو گەنەڵەی دەکاتو لە دوا ڕۆژدا دەبێتە مرۆڤێکی (بستەباڵا)ی ئەندام ڕێك ، بە پێچەوانەی (زەبەلاح)ەوە ئەم باری زیریو زیرەکی هەر لە سەر خۆی دەبێت ، دیارە هەر ئەم گەشە کردنە نا ئاسایی‌یانەیە کە پێشینانی کوردمانیان خستونە هەڵەوە ، کاتێك کە ووتوویانە : مرۆڤی قووچ زیری لە ئەژنۆیایەتی ، کورتیش دوو زمانو فێڵبازە ، ئەگینا دەروون زانەکان دەڵێن : بستەباڵایی‌و قووچی زۆر ، ئەگەر بە شێوەیەکی ئاسایی بن ، تین ناگەنە سەر باری ژیری .

ئەگەر بێینەوە سەر بەشی سەرەوەی ئەم (رژێنە) ، بۆمان دەردەکەوێت ، کە جۆرە هۆرمۆنێکی دیکە دەردەدات ، ئەندامی

زاوزێ گەشەی پێ دەکات، جۆرێـکی دیکە دەردەدات، شیری مەمکی ئافرەتی پێ زۆر دەبێت، بەڵام قاشی زێرەوەیان دوو جـۆرە هۆرمۆن دەردەدات، جۆرێکیان پاڵەپەستوی خوێن ڕێك دەخات، ئەوی دیکەیان ماسوولکە لووسەکان گورج و گۆڵ دەکاتەوە .

وا بزانم هەموو لە سەر ئەوە ڕێکدەکەوین کـە ئێسکەپەیکەری ئاسایی کار دەکاتە سـەر دروست بوونی کەسێتی‌یەکی باش و ئاسایی هەر وەکو چۆن ئێسکە پەیکەری نائاسایی وناڕێك، و ئێسکە پەیکەری بچووکیش دەبنـە هۆی دروست بوونی کەسێتی‌یەکی ناوێزەو نالەبار، هـەروەها پاڵەپەستوی خوێن و چالاکی لەش ئەگـەر بە شێوەیەکی تەندروستی و ڕێك و پێك بڕوات، پەیوەندی مرۆڤ بە ژینگەوە بـە کەسانی دیکەوە، پتـەو دەکـات و دەبێتە هۆی دروست بوونی کەسێتی‌یەکی باش .

بەڵام ئەگـەر مرۆڤ لە گیـان خۆی بێزار بێت، ئیتر بە هـۆی هەر نەخۆشی و بە شێوەی‌یەکەوە بێت، کەسانی دیکە وا دەزانن لـەوان بێزارە، لەبەر ئەوە، خۆشیان بە چارەیدا نایەت و بە مرۆڤێکی نائاسایی و ئێسك قورسی دەزانن .

نموونەیەکی دیکە ڕژێنی (سایرۆید) کـە باوەشی کردووە بەگەردەنی مرۆڤدا، جۆرە هۆرمۆنێك دە ڕژێنێتە ناو لەشەوە، پەیوەندی بە گەشە کردن و بە ئۆکسیدینی چەند کەرەستەیەکی کیمیایی، و لەگەڵ ئۆکسجینداو لەگەڵ هەناسەداندا، هەیە .

ئەگەر ئەم (ڕژێنە) زیاد لە پێویست بڕژێتە ناو لەشەوە، مـرۆڤ تووشی جۆرە نەخۆشی‌یەکی دڵ دەکات، وەکو ئەوەی کـە دڵ سست

دەکات ، یان گەورەی دەکات ، ئەمەش دەبێتە هۆی دوواکەوتنی گەشەی لەش‌و باری ژیریش •

ئەگەر کەم بڕژێتە ناو لەشەوە ، نەخۆشی دەخات ، و شانەکانی لەشێ تووشی ئۆکسیدین دەکات •

بە هیچ جۆرێك ناتوانین چاو لە گرنگی ئەو ئەدریناڵینە ، و کۆرتینەو ئەنسۆلینەو هۆرمۆنە توخمیانە ، کوێر کەین ، کە بە هۆی چەند ڕژێنێکەوە دەکەونە ناو خوێنەوەو لەش‌و دەروونی مرۆڤ لە هێندە کات‌و هەلوێستێکی تایبەتیدا ، گورج دەکەنەوە •

چوارەم : زیرەکی

چەند لێکۆلینەوەیەك لەم بارەیەوە کراوون ، دەریان خستووە مرۆڤ تا زیرەکتر بێت ، ئەوەندە بە تواناترە لە سەر گونجاندن‌و پەیوەندی پەیدا کردنی کۆمەلآیەتی ، و مرۆڤی زەین کوێر کەمێك پەیوەندی کۆمەلآیەتی کەمترە لە مرۆڤی زیرەك ، لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەو لێکۆلینەوانە دەریان خستووە کە مرۆڤە بلیمەتەکان ، تووشی گیرو گرفتی زۆر دەبن ، لەبارەی پەیوەندی پەیدا کردنی ، باری کۆمەلآیەتی‌یەوە ، لە سەر ئە مباسە زۆر ڕۆیشتین لە باسی کەسێتی بلیمەتداو باسی ڕادەی زیرەکی لە دەرختنی کەسێتی مرۆڤدا •

پێنجەم : لەش‌و لارو شارەزایی :

لێکولینەوەی زۆر کراوە ، بۆ دۆزینەوەی ڕادەی بوونی پەیوەندی لە نێوان تەلآفەت‌و لە نێوان جۆنێتی دروست بوونی کەسێتیدا ، کە زۆر ترین لە مرۆڤە گەورە ماسوولکە بەهێزەکان ، ئارەزووی سەرکردایەتی‌و

پێشەوایی‌و دەست بە سەراگرتن دەکەن ، هەر ئەو لێکۆلینەوانە دەریان خستووە ، کە بنچینەو رەچەڵەکی ئەم جۆرە ئارەزووانە ، دەگەڕێتەوەبۆ کاتی منداڵی ، بۆ ئەو کاتانەی کە منداڵانی هاوڕێیان ترساون‌و شەرمیان لێ کردوون ، نەیان توانیوە لە بەردەمیاندا بڵێن (لەل) ، بۆیە ئەمانیش گیانی سەروکایەتیان تێدا دروستبووە ٠

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە قەڵافەت ، واتا جۆری لەش‌و لار ، و ڕادەی شارەزایی منداڵ‌و ڕاهاتنی لە سەر بەربەرەکانی‌و ملەملانی کارێکی گرنگیان هەیە ، بۆ دروست بوونی جۆری کەسێتی مرۆڤ ٠

شەشەم : جۆری پەروەردەو ڕاهێنان :

ڕاهێنانی منداڵ لە سەر پاك‌و تەمیزی ، لە سەر خۆگرتن‌و دان بە خۆگرتندا لەسەر پشت بە خۆبەستن‌و ، هەست بەلێپرسینەوە کردن ، بێ‌گومان کارێکی تەواویان هەیە ، بۆ پاشە ڕۆژی کەسێتی منداڵەکە ، کە کاتێك گەورە بوو ٠

هەروەها ڕاهێنانی منداڵ لە سەر هێندە خوویەکی کۆمەلایەتی باش وەکوو پێشوازی کردنی میوان ، چاو پۆشین ، لێ‌بوردن ، ڕێزی گەورە گرتن‌و بچوك لاواندن ، حەز بە فێر بوون‌و سەرکەوتن ، چەسپاندنی چەند ئارەزوویەکی هونەری ڕەسەن‌و چەند زانستی‌یەکی بە نرخی پەسەندو بەزەیی هاتنەوە بە گیان لەبەردا ، ئەمانە هەموویان کارێکی بەتین دەکەنە سەر دروست بوونی کەسێتی ئەو منداڵە ٠

بەڵگەش لە سەر ئەم کارتێکردنانە ، ئەو لێکۆڵینەوانەیە کە مرۆزانەکان ، لە سەر هۆزە سەرەتایی‌یەکانی ئەفریکا ، کردویانە ٠

خاتو مارگریتلکه(٤٢) مید له کتیبەکەیدا ، کە بە ناوی (تازەگینیا)یە ، باسی لێکۆڵینەوەی هەردوو هۆزی سەرەتایی ئەفریکی (ئۆرابش)و (لیندو گومەر)ی کردووە دەڵێت : بۆمان دەرکەوت کە زۆر ترینی پیاوو ژنی هۆزی یەکەم ، لە سەر کەسێتییەکی نەرم‌و بەبەزەیی ، و هێمن ، ڕاهاتبوون .

بەڵام پیاوو ژنەکانی هۆزی دووەمیان ، لە سەر کەسێتییەکی زبرو تووڕەو شەڕانی ، ڕاهاتبوون .

وەدەڵێت هۆی ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە ، بۆ شێوەی پەروەردە کردن‌و ڕاهێنانی منداڵانی هەر هۆزێك لەوانە .

حەوتەم : شوێن‌و پایە :

گومان نییە لەوەدا کە پایەی کۆمەڵایەتی‌و پایەی پیشەیی مرۆڤ ، هەردووکیان ، کار دەکەنە سەر دروستبوون‌و گۆڕانی کەسێتییەکەی . لەبەر ئەوە کۆمەڵێك لە دەروون زانەکانی ئەمریکا دەستیان کردووە ، بە لێکۆڵینەوە،بۆ دیاری کردنی ، ڕادەی کارتێکردنی ، ئەو پایە تازەیەی مرۆڤ دەیگاتێ ، یان وەری دەگرێت ، لە ژیانی پیشەیی‌و کۆمەڵایەتیدا . چونکە ، ئەو کەسانەی کە دەگەنە پایەیەکی نوێ ، دەیان بینن ، هیواو ئامانجێکی تازەتریان ، بۆ دروست دەبێت‌و ڕووەو چەند مەبەستێکی تازەتر دەڕۆن .

زانا لایەنگرەکانی (تیۆریی ماوە) زۆر بە گەرمی لایەنی ئەم ڕایە ، دەگرن‌و پالپشتی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە ، دەکەن ، چونکە

---

(٤٢) المدخل الى علم النفس الحديث ص٢٩٨

باوەڕیان وایـــە کردەوەو هەڵس و کەوتی مرۆڤ ، بە گوێرەی ئـــەو پێویستی‌یانەیە کــە ژینگەی مرۆڤەکەو ماوەی ژیانی ، دەی ســەپێنن بە سەریدا ، بەڵــکو گۆڕانو پەرەسەندنی کەسێتی مرۆڤەکە ، بــە پێی ئەو شوێنو کاتەیە کە ئەو تیایاندا دەژی .

هــەشتەم : خێـــزان :

لە کوردەواریدا دەڵێن : (گیا لە سەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە) بە ڕاستی خێزان یەکێکە لەو کارکەرە گرنگانەی ، کــە کەسێتی مرۆڤ دروست دەکەن و پەرەی پێ دەدەن .

یەکەم کەس کــە پەردەی لە سەر ڕووی ئەم نهێنی‌یە ، هەڵمـاڵی (فرۆید) بوو ، دووای ئەو (ئەدلەر)ی هاورێی بوو ، بێجگە لــەوانیش (یونگیش) دانی بەم ڕاستی‌یە دا ناوە .

بە کورتی دەڵێن : لەگەڵ ئەوەی ناکۆکی‌یەکی زۆر ، لــە نێوان ئەم سێ زانایەدا ، هەبووە ، هەرسێکیان ، لە سەر ئەم ڕاستی‌یە ڕێکەوتوون بە تایبەتی لە سەر ئەوەی کە لە تەمەنی (هەراش)یدا ئەمە ڕوو دەدات (فرۆید)ی‌یەکان دەڵێن زۆربەی ئــەم کارتێکردنە ، لــە تەمەنی هەراشیدا،ڕوو دەدات،لەبەر ئەوەیە ، کە لەم تەمەنەدایە،مرۆڤ لەگەڵ باوکو دایکیدا ، زیاتر تووشی بەربەرەکانی هەستی‌و بێ‌هەستی دەبێت .

(ئەدلەر)ی‌یەکان دەڵێن : تەنهـا لەبەر ئەوە نی‌یە کــە مرۆڤ لــە تەمەنی هەراشیدا ، لەگەڵ دایکو باوکیدا ، دەکەوێتە بەربەرەکانی‌یەوە ، بەڵکو لەبەر ئەوەشە ، کــە لە گەڵ خوشکو برا کانیشیا ،و کـــەسانی دەوروبەریشدا دەکەوێتە بەربەرەکانی‌یەوە .

بەلاّم (یۆنگ)ی یەکان ، ئەوەندە گرنگی بە ڕابووردووی مرۆڤ لـە پەرەسەندنی کەسێتی‌یەکەیدا ، نادەن ، بە گوێرەی ئەو گرنگی‌یەی کـە بە حالّی حازری (ئێستە)ی ئەو مرۆڤـە دەدەن ، هەرچـەند جۆرەکەلکێك ، بۆ لابردنی گیرو گرفتە دەروونی‌یەکانی مرۆڤ ، لـە زیانی ڕابردووی ، کاتی منداڵ وەردەگرن •

نۆیەم : لـەدایك بـڕان :

لە لێکوڵینەوەیەکی نوێدا (٤٣) دەرکەوتووە ، بەری بوونی منداڵ لە سۆزی دایك ، تێنکی زۆر گەورە ، دەکاتە سەر پەرەسەندنی ،کەسێتی یەکەی ، ئەو لێکوڵینەوە یە دەری خستووە ، کە منداڵ ، تەنها پێویستی بە هەست ، بە گەرمی‌و ، پاك‌و خاوێنی ،و خواردەمەنی ، نی‌یە ، بەڵکو زیاد لەوانەش ، پێویستی بە سۆزو ئارام‌و هاندان‌و لەباوەش گرتن‌و دەست بەسەراهێنان ، لاواندنێکی ڕاستەقینە هەیە ، چونکە ئەو منداڵانەی کە لە (لایەلایە)ی دایکیانەوە ، یان لە (لایە لایە)ی ئەو کـەسانەی جێگەی دایکیان گرتوتەوە ، وەکو : نەنك‌و خوشك،دوورن ، لە (هاتیوخانە)دا ، یان لە کۆشێکی ساردو-ڕدا ، دەژین ، هیچ سۆزوبانین‌و بەزەیی‌یەکی ڕاستەقینەیان نی‌یە ، کەسێتی ئەم منداڵانە ، لە سەر بناغەیەکی بتـەوو قایم دانامەزرێت •

بە ڕاستی ئەگەر منداڵ کەسێکی دلسۆزو ، بانەرو ، لێبوردوی

---

(٤٣) محاكم الاحداث والمدارس الاصلاحيـة ـ تاليف سعدى بسيسو ص١٠٧ •

نەبێت ، کە بیدوێنێت و یاری لەگەڵ بکات و بیلاوێنێت ، کە گەورە(٤٤) بوو باوەڕی بە خۆی نابێت و ، ناتوانێت پەیوەندی‌یەکی پڕ سۆزو پتەو لەگەڵ کەسانی دیکە دا ، بۆ خۆی‌دا مەزرێنێت •

★ ★ ★

(٤٤) طفلك وصحته الانفعالية ـ تاليف آ٠١٠و٠م ـ ولف ـ ترجمه الى اللغة العربية الدكتور معمر خالد الشابندر ط١ مـــن منشورات مكتبة النهضة في بغداد ١٩٦٢ ص١٧ ٠

فەرهەنگۆک

کوردی	عارەبی
پیتی ـ ا ـ	
ئارەزوو	الرغبـــة
ئارەزوو بازی	الهـــواية
ئارەزوومەندی	الهـــواية
ئایروس	غريزة الحب (الجنس)
ئێسکە پەیکەر	الهيكل العظمى
ناوێزە	الشـــاذ
ئەفرۆدیت	اله الحب (خوای جوانی)
پیتی ـ ب ـ	
بستە بالاّ	القـــزم
بەربەرەکانی دەروونی	الصراع النفسي
بێبەری	المحـــروم ،
بـــری	التعويض
بیر تێبـــڕ	الفـــكرة
بیر تێبەڕی گەورەیی	فـكرة العظمة
بارا نودە کەسێتی	الشخصية الشكاكة

کوردی	عارەبی
بلیمـــەت	العبقـــري
بیر هاتنەوەی ئازاد	التذكر بطريقة التداعي الحر
بۆ مـــاوە	الوراثة
بێزراو	مـــكروه

پیتی ـ پ ـ

کوردی	عارەبی
پێویستی‌یە سەرەتایی‌یەکان	الحاجات الاولية
پێویستی‌یە کەسێتی‌یەکان	الحاجات الشخصية
پەرستگە	معبـــد
پەری	ملائكة الرحمة
پەستی	الكآبة الركسية
پێـــکەر	الدافـــع
پل	الفص
پایە	المكانة ، المنزلة ، العمود
پۆلی نیگەتیف	قطب السالب
پۆلی پۆزەتیف	قطب الموجب
پالنەری ژیان (رەمەك)	غريزة الحياة
پالنەری مردن (رەمەك)	غريزة الموت

پیتی ـ ت ـ

کوردی	عارەبی
تۆقین	الفزع (فوبيا)
تەقینـــەوە	الارتطام ، الاصطدام
تۆبۆلۆژی	علم الانماط

کوردی	عارەبی
تــەرز	النمط
تەرزی کراوە	النمط المنبسط
تەرزی گۆشەگر	النمط المنطوي
تەرزی هەڵچوو (بۆسەگ)	النمط الاستشاري
تەرزی درژ (بۆسەگ)	النمط الكفي
تەرزی پڕتەوی چالاك (بۆسەگ)	النمط الحيوي النشيط
تەرزی هێواشی نەبزوو (بۆسەگ)	النمط الهادئ الثابت
تێکەڵاچوون	التفـــاعل
تــور	المصاب بالتأتاة
بیر دۆزی ماوە	نظرية المجال
تــەوەر	محـــور
توخـــم	الجنس

پیتی - چ -

چوانـکار	المبـــدع
چوانکارە کەسێتی	الشخصية المبدعة
جیادوانە	التوائم المختلفة
جمە هەڵەشە	حركة عشوائية

پیتی - ح -

حەز بە سەرکەوتن	حب الطموح
حول‌حولی‌یە کەسێتی	الشخصية المتقلبة
حولی‌حولی	الموسوس

كوردى	عارەبى
پیتی - خ -	
خوای هەڵبەست	ربة الشعر
خەو	النوم
خەواندنی موگناتیسی	التنويم المغناطيسي
خەون	الاحلام
خەواندنی سری	التنويم التخديري
خۆپەرستی	الانانية
خۆنەپەرستی	الغيرية
خۆگیر	الضابط لنفسه (انفعالاته)
خۆنەگیر	غير الضابط لنفسه (انفعالاته)
پیتی - د -	
دڵەخورپێ	الصدمة
دڵەلرکێ	خفقان القلب
دڵەڕاوکێ	القلق
دڵتەنگی	الكآبة
دڵتەنگە کەسێتی	الشخصية الكئيبة
دڵە ڕاوکێ کەسێتی	الشخصية القلقة
دژ	المتنافر ، السلبي
دژەکان	المتنافرون
دژە کەسێتی	الشخصية السلبية
دەروون دروست	ذو الصحة النفسية
دەستەباڵا	متوسط القامة

کوردی	عاره‌بی
ده‌مـار گر	العصبي
ده‌مار گره که‌سێتی	الشخصية العصبية
دوو که‌سێتی	الشخصية المزدوجة،او ازدواج الشخصية
ده‌روون زانی نه‌خوشان	علم النفس المرضى
دروشم	السمة الشعار
دووره‌په‌رێز	المنعزل
داهێنه‌ر	المبتكر
داهێنه‌ره که‌سێتی	الشخصية المبتكرة
دیاره که‌سێتی	الشخصية الظاهرية
ده‌رمانه هێمن که‌ره‌وه‌کان	الادوية المهدئة
ده‌رمانه شاد که‌ره‌وه‌کان	الادوية المفرحة
ده‌ی‌خالآنه	اى يضع الخطوط بجانب بعضها
ده‌ی‌نه‌خشانه	اى ينقش ويزين الصورة
ده‌ره‌چیین	الطبقة الظاهرية
ده‌ماخه میزاژ	الميزاج الدماغي

پیتی ـ ر ـ

ڕژێن	الغدد
ره‌نگ کوێری	عمى الالوان
ڕه‌شبین	المتشائم
ڕوونبین	المتفائل
ڕاده	المستوى —

کوردی	عارەبی
ڕووت	مجـــرد
ڕواڵەت	المظـــاهر
ڕێگەی راستەکی	الطريقة الايجابية
ڕێــگەی ڕاستەوانە	الطريقة الايجابية
ڕێگەی چەپەکی	الطريقة السلبية
ڕەووشتی ئاسایی	السلوك الاعتيادي
ڕەووشتی ڕێك	السلوك السوي
ڕەووشتی زایەندەیی	السلوك الجنسي
ڕوانینە ناولەپ	قراءة الكف
ڕێگە شیتەڵی‌یەکان	الطرق التحليلية
ڕێگەی ووشە بیرهاتنەوە	طريقة تداعي الكلمات
ڕێگە بە سەرا بڕینەکان	الطرق الاسقاطية

پیتی ـ ز ـ

زات	الجرأة
زاڵی	الغلبـــة
زەین ڕۆشن	المتقدم في الذكاء
زەین کوێری	المتاخر في الذكاء
زوبان دەڵخزاند	فلتات اللسان

پیتی ـ ژ ـ

ژمارەیی	الحسابي
ژیری لەبار	العقل الراجع

كوردى	عارەبى
زینــگە	المحيط ، البيئة
پیتی ـ س ـ	
سەرەتایی	البـــدائي
ســـرك	الحـــذر
سكەڕۆ	الاكول
سۆزكالی	عديم النضج عاطفيا
ســەرناس	ذو الفراسة
سەرناسین	الفراســة
سۆزە كەسێتی	الشخصية العاطفية
سۆزە جووتی	ازدواج العاطفة
سۆزە ماندوو	الاجهاد العاطفي
ساناتۆس (بالنەری مردن)	غريزة الموت ، والهدم والتخريب
ســەلەف	المجال،الميدان،المسافة المحدودة
سەرمڕۆ	المتجــول
سایرۆید (بڕژێن)	الغدة الدرقية
ســادیزم	السادية وتقابلها (ماسوشيزم)
پیتی ـ ش ـ ٥	
شــكۆ	الهيبة والجلال
شیزە كەسێتی	الشخصية الشيزية
شیزۆفرینیا	انفصــام الشخصية
شێتی شادیو دڵتەنگی	الجنون الدوري

عارەبی	کوردی
الاصابة بالارق	شەونخونی
	پیتی ـ ف ـ
ملائكة الرحمة التي تسكن المنازل وتجلب الحظ والخير للانسان	فریشتە
فوبيا (الفزع)	تۆقین ، ترس
الشخصية المتعددة	فرەکەسێتی
مرض الصرع	فـــــێ
الاختبار التعليمي او التحصيلي	فێروبوونەپێو
الحيل الدفاعيـــة	فێڵە بەرگرییەکان
	پیتی ـ ق ـ
النص	قــــاش
مضغ حروف الكلمات	قسە گلماندن
	پیتی ـ ک ـ
الشخصية	کــەسێتی
الشخصية الطبيعية	کەسێتی سروشتی
الشخصية التسلطية الالزامية	کەسێتی زۆرە سەپێنراو
الشخصية ذو الافعال القسرية	کەسێتی بیرە سەپێنراو
الشخصية الشكاكة في عرضـــه وشـــرفه	کەسێتی خانەگومان
الشخصية الهستيرية	کەسێتی هیستیری
الشخصية غير المستقرة	کەسێتی ئالەبلر

عارەبی	کوردی
الشخصية المرضة	کەسێتی نامتەمبەند
الشخصية السايكوباسية	کەسێتی سایکوباسی
الشخصية العصبية	کەسێتی دەمار گر
الشخصية القيادية	کەسێتی پێشەوا
الشخصية الهادئة	کەسێتی لەسەرخۆ
الشخصية المتكبرة	کەسێتی لوتبەرز
الشخصية المتصلبة	کەسێتی رەق
الشخصية الاحشائية	کەسێتی هەناوی
الشخصية المستقرة	کەسێتی پڕ ئارام
الشخصية غير المستقرة	کەسێتی بێ ئارام
الشخصية الايجابية	کەسێتی ڕاستەوانە
الشخصية السلبية	کەسێتی چەپەوانە
المنبسط النظرى	کراوەی بیرەکەری
المنبسط العاطفي	کراوەی سۆزەکەری
المنبسط الحساس	کراوەی هەستەکەری
المنبسط الالهامي	کراوەی سروشەکەری
الشخص الصفراوى	کەسی زراوی
الشخص السوداوى	کەسی ڕەشایی
اختبار الشخصية	کەسێتی پێو
الالق	کــــەل
غير ناضج	کــــال
الغيــور	کینـە کێش
قصير القامة	کورتە بالا

کوردی	عارەبی
کەلەگەت	طويل القامة
کەلەمباز	الطفرة
پیتی ـ گ ـ	
گونجاندن	التكيف
گرەوە	الشامل
گەجەر	ذوي الحاجة
گلاند (ڕژێن)	الغدد
گۆشەگری بیرەکەری	المنطوي النظري
گۆشەگری سوزەکەری	المنطوي العاطفي
گۆشەگری سروشەکەری	المنطوي الالهامي
گۆشەگری سروشەکەری ساکار	المنطوي الالهامی البسيط
پیتی ـ ل ـ	
لەیەکبران	الفراق
لامێژی	التطفل
لەش و لار	البنية والاطراف
لیکەرژێن	الغدة اللعابية
لەکیس چوون	الخيبة
لەنگەر	التوازن
لەشەکەسێتی	الشخصية الجسمية
لاگرەکان	المتطرفون
لەبیدۆ (ووزەی زاینەیی)	المصدر الاعلى للطاقة الجنسية
لوی ژێر مێشک	الغدة النخاعية

كوردى	عارەبى
پیتی ـ م ـ	
ملەملەى دەروونى	النزاع النفسي
مـەى نۆشى	شارب الخمور
میزاژ بریتیە لە (تەبیعەت)ى گشتى مروڤ ، بەتایبەتى لەبارەى سۆزو ئارەزو حەزەوە	
میزاژى شادو دڵتەنگ	الميزاج الدوري
مشەخۆر	المتطفل
ماسوشیزم	ويقصد بها الشذوذ الجنسي الماسوشي
مانـــگر	العنيد ، المضرب
مرۆزان	الانثروبوولوجي
پیتی ـ ن ـ	
ناوەخن	حشو ، مضمون
نائومێد	ميؤوس
نیشانە	سمة ، صفة ، علامة
ناونیشان	العلامة ، العنوان
نزمەکەسێتى	الشخصية المتدنية
ناسکەکەسێتى	الشخصية الرقيقة
ناوەچین	الطبقة الداخلية
ناوەندەچین	الطبقة المتوسطة
ناڕاستەوخۆ	غير مباشـــر

کوردی	عارەبی
نەخۆشی یە درۆزنە	الـكذب المرضي
نەشتەرگەری	العملية الجراحية

پیتی - و -

ویست	الارادة
ویژدان	الضمير
وەرسی	السأم
ووزەی زایندەگی	لبيدو (الطاقة الجنسية العليا)

پیتی - ه -

هەناسە ساردی	الخيبة
هەست بە کەمــەری	الشعور بالنقص
هەمەلایی	الشامل
هێلی زەنگلەپێچ	خط المنحنى الجرسي
هەستێکی بەپێز	حس مرهف
هێلی چەقدار (تەوەرێ)	الخط المحوري
هــەراش	الحدس
هەتیوان	دار الايتام
هەلچوون لێێ	كدر الانفصال
هاندەری زایەندیی	الحافز الجنسي

پیتی - ی -

(یەکدوانە) دڤانە	التوائم المتحدة

کوردی	عارەبی
یادکردنەوەی ئازاد	التفکیر بالتداعي الحر
یەکتـــا	الوحـــدة
یاد کردنەوە	التذکر
یاد نەکردنەوە	عدم التذکر

★ ★ ★

گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کەلکم لێوەرگرتوون

١ ـ الابراشی ، محمد عطیة ـ الشخصیة ـ ط٣ ١٩٣٨ ؟

٢ ـ برکات ، محمد خلیفة ـ تحلیل الشخصیة ـ ط١ ـ دار الطباعة للنشر ـ في مصر .

٣ ـ بێکەس ، فائق ـ دیوانی هەڵبەست ـ چاپی یەکەم ١٩٨٠ لە بەغداد

٤ ـ بدوی ، عبدالرحمن ـ افلاطون ـ ط٤ ١٩٦٤ ـ القاهرة ـ مصر .

٥ ـ برهانرت ، علم النفس في الحیاة العملیة ـ ترجمه الی اللغة العربیة الدکتور عبدالله ابراهیم محیی ط١ مطبعة الرابطة ١٩٥٥ ـ بغداد .

٦ ـ نوتکارت ، برنارد ـ سایکولوجیه الشخصیة ـ ترجمه الی اللغة العربیة الدکتور صلاح مخیمر ط١ دار الطباعة الحدیثة في بیروت .

٧ ـ جلال ، سعد ـ في الصحة العقلیة ـ ط١ مطبعة رویال ١٩٥٦ القاهرة

٨ ـ الجسمانی ، عبد علي ـ علم النفس اسسه وتطبیقاته التربویة والاجتماعیة ط٢ مطبعة الخلود ١٩٨٤ ـ بغداد .

٩ ـ الحفنی ، عبدالمنعم ـ موسوعة علم النفس والتحلیل النفسي ط١ مطبعة دار العودة ١٩٧٨ ـ بیروت .

١٠ ـ راجح احمد عزت ـ الامراض النفسية والعقلية ـ مطبعة المعارف القاهـــرة •

١١ ـ راجح احمد عزت ـ اصول علم النفس ـ ط٣ مطبعة جامعة الاسكندرية ١٩٦٨ ـ جمهورية مصر العربية •

١٢ ـ شرارة ، عبداللطيف ـ دائرة المعـــارف السايكولوجيه (سحر الشخصية) دار صادر في بيروت ١٩٦٤ لبنان •

١٣ ـ الشماع ، نعيمة (الشخصية النظرية ، التقيم ، مناهج البحث)ط١ مطبعة العربية الحديثة من منشورات جامعة الدول العربية ١٩٧٧

١٤ـ عبدالسلام ، حامد ـ الصحة النفسية والعلاج النفسي ـ ط٢ الناشر مكتبة عالم الكتب ـ ١٩٧٨ •

١٥ ـ طرابيشي ، جورج ـ محاضرات جديدة في التحليل النفسي (ترجمة) ط١ مطبعة دار الطليعة ١٩٨٠ ـ بيروت •

١٦ ـ غالب ، مصطفى ـ فصام الشخصية ـ ط٤ مكتبة الهلال ١٩٨٤ بيروت •

١٧ـ فرويد ، ـ معالم التحليل النفسي ـ ترجم الى اللغة العربية باشراف الدكتور محمد عثمان نجاتي ـ ط٥ ١٩٨٣ ـ القاهرة •

١٨ـ فرويد ـ الاناو الهي ـ ترجمه الى العربية الدكتور محمد عثمان نجاتي ط٤ ١٩٨٢ القاهرة •

١٩ ـ فرويد ـ مقدمة في التحليل النفسي ـ ترجمـه الى اللغة العربيـة الاستاذ اسحق رمزى ط١ مطبعة دار المعارف ـ مصر ـ

٢٠ ـ القوصي ، عبدالعزيز ـ اسس الصحة النفسية ـ ط٣ مطبعة مصر ١٩٤٨ القاهرة ٠

٢١ـ كارنيجي ـ ديل ـ كيف تكسب الاصدقاء ـ ط٥ مطبعة السنة المحمدية ١٩٥٨ مصر ٠

٢٢ـ الهاشمي ، خالد وأحمد حسن الرحيم مبادىء التربية ـ ط٢ ١٩٦٢ بغداد ٠

٢٣ـ عبدالدائم ، عبدالله ، واسعد رزوقي ـ موسوعة علم النفس ـ ط١ مطبعة المؤسسة العربية للطباعة والنشر ١٩٧٧ ـ بيروت ٠

٢٤ ـ لندزي ، ك ، هول ، ج ـ نظريات الشخصية ـ ترجمه الى العربية الدكتور احمد فرج وجماعته ، ط١ الناشر الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر ١٩٧١ ـ القاهرة ٠

٢٥ـ مكبرايد ، دبليو ، جي ـ الشعور بمركب النقص ـ ترجمه الى العربية كاظم سلمان البدرى ط١ ١٩٦٦ بغداد ٠

٢٦ـ نيكتين ، فاسيلي ـ الاكراد ـ ط١ دار الروائع ١٩٦٧ ـ بيروت

٢٧ـ حافظ ، نورى ـ تكوين الشخصية ـ ط١ مطبعة المعارف ١٩٦١ بغداد ٠

٢٨ـ عاقل ، فاخر ـ اعرف نفسك ـ ط١ ١٩٤٢ ـ بيروت ٠

٢٩ـ لويس بش ـ المرض النفسي طريق الى السعادة ـ ترجمه الى اللغة العربية عبدالمنعم الزيادى ط١ ١٩٥٧ ٠

٣٠ـ رفعت ، محمد ـ الامراض النفسية والعصبية ـ ط٢ دار المعارف للطباعة والنشر ١٩٧٧ ـ بيروت ٠

٣١- نايت ، ركس ، ومركريت نايت ـ المدخل الى علم النفس الحديث ترجمه الى اللغة العربية الدكتور عبد علي الجسماني ط٣ ١٩٨٤ بغـــــداد .

٣٢- سلامة موسى ـ عقلي وعقلك ـ ط٢ ١٩٥٣ ـ القاهرة .

٣٣- سلامة موسى ـ الشخصية الناجحة ـ ط٣ ـ القاهرة .

٣٤- جلال ، صبرى ـ مشكلة السلوك السايكوباسى ـ ط١ مطبعة دار المعارف القاهرة .

٣٥- القوصى ، عبدالعزيز ـ علم النفس اسسه وتطبيقاتـــه التربوية ط٤ مطبعة مصر ١٩٥٤ ـ القاهرة .

٣٦- ياسين ، محمود عطوف ـ دراسـات سايكولوجيه معاصرة ـ ط١ مطابع مؤسسة نوفل ١٩٨١ بيروت .

٣٧- الخجل اسبابه وعلاجه مـــن منشورات مطبعة الاداب في النجف الاشرف ١٩٧٢ .

٣٨- محوى ـ ديوان شعر ـ باللغة الكردية ط٢ ١٩٨٤ بغداد .

٣٩ ـ كمال ، علي ـ النفس ـ ط٢ ١٩٨٣ ـ بغداد .

٤٠- سلامة موسى ـ دراسات سايكولوجيه ـ ط١ مطابع دار الـكتاب العربى في مصر .

٤١- ولف ، آنا ، و. م ـ طفلك والصحة الانفعالية ـ ترجمه الى اللغة العربية الدكتور محمد علي الشابندر ط١ ١٩٦٢ بغداد .

٤٢- أدموندز ، سى . جي ـ كورد ، ترك ، عرب ، ترجمه الى اللغـــة

العربية الاستاذ ـ جرجيس فتح‌الله ط١ مطبعة تايمس ١٩٧١ في بغــــداد .

٤٣ـ ميجرسون ـ رحلة متنكر الى بلاد ما بين النهرين وكردستان ـ ترجمه الى اللغة العربية الاستاذ فؤادجميل ـ ط١ مطابع الجمهورية ١٩٧٠ ـ بغــداد .

٤٤ـ الجاوشلي ، هادى رشيد ـ الحياة الاجتماعية في كردستان مطبعة الجاحظ ١٩٧٠ في بغداد .

٤٥ـ سعدى بسيسو ـ محاكم الاحداث في الطرق والمدارس الاصلاحية ؟

٤٦ـ مجلة العربي ـ العدد ١٧٣ نيسان ١٩٧٣ .

٤٧ـ مجلة العربي ٢٠١ ، ١٩٧٥ .

٤٨ـ مجلة العربي ٣٢٦ ، ١٩٨٦

٤٩ـ مجلة العربي ٨٩ ابريل ١٩٦٦

مجلة العربى ٣٢٠ ، ١٩٨٥

٥٠ـ مجلة العربى ٣٠٣ ، ١٩٨٤

٥١ـ مضار التدخين ـ اعداد لجنة في وزارة التربية ط١ مطبعة وزارة التربية المرقم (٢) ١٩٨٠ .

٥٢ـ طه حسين ـ التوجيه الادبي ط١ القاهرة ١٩٤٠ .

٥٣ـ مجلة (پەروەردەو زانست) باللغــة الكردية (٧ ، ٨) السنة الرابعــة ١٩٨٤ .

٥٤ ـ فەرهەنگی ئەستێرە گەشە فاضل نظام الدین ج (١) الاجیال ١٩٧٧ بەغداد

٥٥ـ لیستەی جوارەمی زاراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد پێشەکی و رێکستنی دکتور عبدالرحمن حاجی مارف ج (١) چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ـ ١٩٧٥ بەغدا •

٥٦ـ مجلة (پەروەردەو زانست) العدد ١٤ ١٩٧٨ •

٥٧ ـ مجلة (نوسەری کورد) العدد (٦) ١٩٨١ ص١٠٨

★ ★ ★

پێرست

لاپەڕە

پێشـــەکی	٣
واتەی ووشەی کەسێتی لە زمانی کوردیدا	٧
پێناســەی کەسێتی مرۆڤ •	١٠
نیشانەکانی کەسێتی •	١٥
جـــلو بەرگەو کەسێتی	٢٠
زیرەکیو کـەسێتی	٢٢
خوشزمانی ، و کەسێتی •	٢٥
دلپاکیو کەسێتی	٢٧
نیشانەبالآکانی کەسێتی مرۆڤ •	٢٧
هەستی کۆمەلآیەتیو کەسێتی •	٣٠
خۆ نەپەرستی •	٣١
خزمەتـگوزاری •	٣٥
چەند نموونەیەک بۆ مرۆڤی خزمەتگوزار •	٣٦
نیشانە باشەکانی کەسێتی لە کۆمەلی کوردیدا	٤٠
پەسندترین نیشانەی کەسێتی لە کۆمەلی کوردیدا	٤٤
جۆرەکانی کەسێتی مرۆڤ	٤٩
دابەشکردنەکەی هیپوکرات	٥٠
دابەشکردنی کەسێتی بە لای کریتشمارەوە •	٥٢
رەخنەگرتن لە کریتشار •	٥٦
دابەشکردنی کەسێتی بە لای (یونگە)وە •	٥٧
دابەشکردنی کەسێتی بە لای (سپرانج)وە •	٦٠
کەسێتی ئاسایی ، کامەیە ؟	٦٠
کەسێتی گوشەگر کامەیە ؟	٦٢
کەسێتی کراوە کامەیە ؟	٦٣
شێزە کـەسێتی •	٦٥
دلتەنگە کەسێتیو نیشانەکانی •	٦٥
کەسێتی زۆرە سەپێنراو ونیشانەکانی	٦٨
بارا نۆدە کەسێتی •	٧١
کەسێتی سایکوباسی (سەرسەری)و نیشانەکانی	٧٢

	لاپەڕە
کەسێتی هێستێری‌و نیشانەکانی	٧٣
کەسێتی بەئاستەم بەند •	٧٦
کەسێتی میزاژ فلێکماتی	٧٦
نزمـــە کەسێتی •	٧٦
ســوزە کــەسێتی •	٧٧
کــەسێتی بلیمــەت •	٧٨
نیشانەکانی کەسێتی بلیمەت	٨٥
چۆن دەبیتە کەسێتی‌یەکی سەرکەوتوو ؟	٩٠
حەڤدە (١٧) خاڵ دەتکەنە مرۆڤێکی سەرکەوتوو	٩٢
گرنگترین ئەو گیروگرفتانەی کەسێتی مرۆڤ دوا دەخەن	١٠٥
چۆن کەسێتی مرۆڤ دەناسینەوە ؟	١١٠
کەسێتی پێوەکان	١٢٢
پێوانەکەی لیزنك	١٢٢
ڕێکە بە سەرا بڕاوەکان	١٢٤
پشکنینی روشاخ (پەڵەمەرەکەب)	١٢٥
ئەو کارانە کامانەن کە کەسێتی مرۆڤ بەهێز دەکەن ؟	١٢٧
بۆماوە ، ڤێکە ، ڕژێنەکان ، زیرەکی	١٢٨ـ١٣٣
لەش‌و لار ، پەروەردە •	١٣٤
فەرهەنــگۆك	١٣٩
سەرچاوەکان	١٥٢